دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

دەستەی نووسەرانی «ڕۆژنامەی کوردستان»
بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ، پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکات.

لەم ڕۆژە مەزنەدا سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و بەتایبەت پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی کە بە بەخشینی گیانیان ڕەمزی وەفاداری بە نیشتمان و خۆڕاگری بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردیان پێ فێرکردین.

پیرۆز بێت ٢ی ڕێبەندان، ٧٥ـەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان


ژمارە ٧٩١، سێشەممە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٩ی هەتاوی، ١٩ی ژانویەی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com


ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزب بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان
٤


بایەخی مێژوویی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ و میراسی سیاسی ئەوان بۆ ئێمە
٦


«ئازادی، سەربەخۆیی، میری و گەورەیی»١
٨


ڕاهێنەری، فێرگەیەک بۆ فێربوون
١٠

## پەیڤ


### سەرهەڵدانی چڵکی دەروون

کەریم پەرویزی

سیستمێکی کۆلۆنیاڵیستیی وەکوو کۆماری ئیسلامی کە لەسەر ئەساسی سڕینەوە و حاشاکردن لە هەموو ڕەنگە جیاوازەکان دامەزراوە و بە هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر شوێن و بەشە جیاجیاکانی ئێران دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە، لە هەموو ئامرازە ڕەق و نەرمەکان بۆ جێگیرکردن و بەردەوامیدان بە خۆی کەڵکی نابەجێی وەرگرتووە.
کوشتار و ئەشکەنجە و ئێعدام و ڕاماڵینی خەڵك لە تاکتیکە هەرە بەرچاوەکانی کۆماری ئیسلامی و هێزە داپڵۆسێنەرەکانی بووە و بەردەوام بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو دژ بە خەڵك بەکاری بردووە. لەوانە گرنگتر، هەوڵی بەردەوامی ئەم ڕێژیمە کۆلۆنیاڵیستییە بووە کە گەر کردەوەکانی کۆلۆنیاڵیستی و فاشیستی بووە، بەڵام سیمای دیکە لە خۆی نیشان بدا.
بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامی لەو جۆرە سیستمانەیە کە ئەوەی لە کردەوە و لە سەر شەقام و لە بەر دەرکی ماڵانی خەڵك دەیکرد و دەیکات، لە سیمای گشتییدا هەوڵی شاردنەوەی داوە.
کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی کە وەکوو ڕواڵەت شتێکی دیکە نیشانی جیهان بدا و سیمایەکی حکوومەتی عەدڵ و داد و لایەنگری چەوساوەکان بنوێنێ کە وەکوو دەمامکێك بە سەر ڕوومەتیدا درابێ و بەو تەسویرە دەسکردەوە لە دەرەوە و لە ڕای گشتیدا دەر بکەوێ؛ بەڵام لە کردەوەدا ڕێك بەپێچەوانەی سیما و دەمامکە بێ و ئەوەی ویستی دەروونی بووە، بە شاراوەیی و بە دوور لە چاوی کامێراکان ئەنجامی بدا.
لە کردەوە هەرە بەرچاوەکانی ڕێژیم لەوبارەوە ئەو پەروەندەی ناوکییەیەتی کە زیاتر لە دوو دەیەیە کۆمەڵگای جیهانی دەڵێ کە هەوڵەکانت بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکییە و ڕێژیمیش لەگەڵ ئاژانس و لەگەڵ ئەم و ئەو قسە دەکا و دەڵێ وا نییە! بەڵام هەرجارە و شتێکی نوێی لێ دەردەکەوێ کە درۆکانی ئاشکرا دەکا و لە کردەوەدا هەنگاوی بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی هەڵهێناوەتەوە.
ئەم تایبەتمەندییەی کۆماری ئیسلامی وەهای لێ کردووە کە خەڵکانی ئێران و نەتەوەکانی نێو ئەم جوغرافیا بەڵالێدراوە، بەردەوام ئازاریان چەشتووە و لە ڕواڵەتدا ئازارەکانیان حاشای لێ کراوە، مەگەر ئەو کاتە دیوی ڕاستەقینەی دەرکەوتووە کە لە هەڵەیەکدا وەکوو نموونەی لێدانی فڕۆکە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# شکۆی لەشکاننەهاتووی گەل



٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ڕووداوێکی مێژوویی گرینگ ڕووی دا کە توانی نەک هەر لەو بڕگە زەمەنییە هەستیارە بەڵکوو لەسەر دوارۆژی گەل و نیشتمانێکیش باندۆڕ و کاریگەری دابنێ؛ باندۆڕێک کە وەک زۆرێک لە کارناسان دەڵێن بوار و ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ هەستانەوە، بەگژداچوونەوە و خۆناسینەوەی گەلێکی ستەملێکراو کە تا ئەودەم تەنیا هەوڵی بۆ ژیان زیندوومانەوە بوو.
لەو ڕێکەوتەدا پۆلێک لە ئێلیت و ڕووناکبیرانی کورد لە کوردستانی ئێران کە لە قەوارەی یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی ڕێکخرابوون، بڕیاریان دا کە پایەکانی دەسەڵاتێک بنیات بنێن کە تێیدا کورد وەک هەموو مرۆڤێکی سەر زەوی بە ئازادی بژی، خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات و جڵەوی ژیان و گوزەرانی خۆی بەدەستەوە بگرێ و چیدیکە خەڵکانی تر لە شوێنی دیکەوە نەیەن تا ڕێوڕەوەنی ژیانی پیشان بدەن و پێی بڵێن چی بڤەیە و کامە نییە؟ چی دەبێ بکرێ و چی ناشی بکرێ؟
ئەم ڕووداوە کە هەنووکەش نەسڵەکانی دواتری ئەم ڕووناکبیرانە پاش زیاتر لە سێ چارەکە سەدە بە فەخر و شانازییەوە باسی دەکەن و لێی دەڕوانن، بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆماری نەتەوەیی – دێموکراتیکی کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە دەستی پڕتوانای کەسایەتییەکی مەزنی وەک پێشەوا قازی محەممەد.
کۆماری کوردستان دامەزرا و تێیدا هەوڵ بۆ دابین و جێگیرکردنی دێموکراسی درا چونکە ڕێبەرانی ئەم کۆمارە باش لەوە تێگەیشتبوون کە دێموکراسی و حکومەتی خەڵک بەسەر خەڵک تەنیا ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە سەرورییەکان؛ هەوڵ درا خەڵکی کورد بە وشیاری و ئاگایی تەواوەوە مافە ئینسانی و گەردوونی و نەتەوەییەکانیان بناسن و سەربەخۆ بن لە بڕیاردان بۆ داهاتوویان چونکە ڕێبەرەکانی دەیانزانی کە گەلێک بۆ گەیشتن بە بەختەوەری پێویستە خۆی بەو جۆرەی کە هەیە بناسێت؛ دامەزرا تاکوو چیدیکە کورد ژێردەستە و چاو لەدەستی ئەویترەکان نەبێ کە لە ڕووی بەزەییەوە سامانی نیشتمانەکەی خۆی پێ بفرۆشنەوە و خۆیانی پێ هەڵکیشن؛ و دامەزرا بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەیاندا گوڵ و جوانی بڕوێ و داد و یەکسانی و پەرە بستێنێ و هیچ مرۆڤێکی بە دەستی مرۆڤیکی تر لە پەراوێز نەخرێ و کەرامەتی خەوشدار نەکرێ.
ڕوون و چاوەڕوانکراو بوو کە ئەم ئاوات و خولیا بەرزانە لای داگیرکەران و نەیاران جێگەی پەسند و قبووڵ کردن نین، هەروەک لە ئێستەشدا بۆیان قبووڵ ناکرێ، بۆیە بڕیاری لەنێوبردنیان دا و پاش یازدە مانگ لە تەمەنی، کردیانە قوربانی هەندێ ساتوسەودای سیاسی و تووشی شکست و هەرەسهێنانیان کرد بەڵام ئەوەیکە ئەوان کردیان تەنیا و تەنیا لەنێوبردنی جەستەی زامداری کۆمار بوو و نەیاندەزانی کە وەسیەتەکەی پێشەوای کوردان لە کاتی لەسێدارەدانی کە وتی: «ئێوە پێشەوایەک سەردەبڕن بەڵام نازانن دوای ئەو هەزاران پێشەوا لەدایک دەبێتەوە، ئەی چی لەوان دەکەن؟»، تەنیا دروشم نییە و زۆری پێناچێ کە تۆڵەئەستێنانی گەل، ڕۆڵە دەروەستەکانی کۆمار ڕێچکە و ڕێباز و ڕێگاکەی کۆمار و پێشەوا دەدۆزنەوە و هەوڵ بۆ ڕزگاری گەلەکەیان لە شەوەزەنگی نەهامەتی دەدەن. هەر بۆیە دیتمان، وەک مێژوو شاهێدی بۆ دەدات پاش هەرەسهێنانی کۆمار تێکۆشەرانی دێموکرات لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧ دەریای مەندیی حەمەڕەزاشایان شێواند؛ دواتریش و پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕۆڵەیەکی وەک قاسملووی نەمر، قەوارە و پێکهاتەی حیزبەکەی قازی داڕشتەوە و مێعماری ویست و خولیاکانی کۆماری کرد و شەرەفکەندی لێزان، لێزانانە پاراستی و ئەم ئەمانەتەی ڕادەستی نەسڵی دوای خۆی کرد و ئەمڕۆش ڕاسانیان لە شار و لە شاخ ئاڵاکەی کۆمار دەشەکێننەوە و هەوڵ بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی دەدەن.
ئەوەی ئەوان نەیانزانی، درککردن بەم کەتوار و ڕاستییە بوو کە کۆمار بە هەموو تەمەنە کەمەکەیەوە دەبێتە ئیلهامبەخشی نەسڵەکانی دواتر و ئەوان بە وەرگرتنی ئەزموون لە وانەکانیی، هەوڵ بۆ بنیاتنانی ئەو نیشتمانە دەدەن کە پێشەوا و هاوبیرانی هەوڵیان بۆ دا و دواجاریش سەریان لە پێناوی دانا.
ئەمڕۆ ٧٥ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێدەپەڕێ؛ بەڵام وەک هێمای بۆ کرا ئەوە تەنیا قەوارەی کۆمارە کە نەماوە، دەنا کۆڵەکە فکری و هزرییەکانی کۆمار و ئاوات و ئامانجەکانی نەک تەنیا لەنێونەچوون و قورس و قایم ماونەتەوە بەڵکوو گەشەیان سەندووە و زیاتر لە جاران لە نێو کون و قوژبنەکانی ژیان و فکر و ئاوەزی خەڵکدا ڕەنگ دەدەنەوە.
ئەمڕۆ کۆمار وەک شکۆی لەشکاننەهاتووی گەل بووەتە مایەی ڕێنیشاندان و هەنگاونان بۆ داهاتوو؛ داهاتوویەک کە تێیدا دێموکراسی ببێتە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات، مافە نەتەوەییەکانی گەل بە یاسایی و دانپێنراو بێت و کۆمەڵگای کوردستان بە هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانییەوە لە سێبەری دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی حەسابێتەوە.
بەرز و پیرۆز بێ یادی کۆماری کوردستان یەکەمین کیانی مۆدێرن، دێموکراتیک و نەتەوەیی کورد و ئیلهامبەخشی خەبات و شۆڕش بۆ کورد و کوردستان

# پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ڕەشبگیریی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان

هاونیشتمانیانی خۆشەویست
خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان
کوڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان
جارێکی دیکە شەپۆلی گرتن و ڕاودوونانی هاووڵاتیانی کورد لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستی پێکردووە و بەپێی ئامارەکان لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا ژمارەیەک هاووڵاتیی کورد لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، ڕەبەت، نەغەدە، مەریوان، سەوڵاوا، سنەو کەرەج لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستگیر کراون.

کۆماری ئیسلامی کە بەهۆی سیاسەتە چەوت و دژە ئینسانییەکانی بارودۆخێکی سەختی ئابوریی بۆ خەڵکی ئێران دروستکردووە و لەم سەردەمی پەتای کۆرۆناش سەرەڕای پەرەسەندنی بێکاریی، هەژاریی لەڕادەبەدەرو دارمانی هەموو بەهای ئینسانییەکان، لە ترسی سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایی بەرینی جەماوەریی جارێکی دیکە لە کوردستان ڕەشبگیری و ڕاودوونانی هەڵسوڕاوانی مەدەنی و ژینگەپارێزی دەستی پێکردووە کە پێیوایە بە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە دەتوانێت خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکات.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، داوا لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات کە بۆ ئازادکردنی بێ قەید و شەرتی گیراوەکان گوشارەکانیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی چڕ بکەنەوە. هەروەها داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین پشتیوانی زیندانییان و بنەماڵەکانیان بن و بە هەموو شێوازێکی بەردەست ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە گرتنی چالاکوانانی مەدەنی دەربڕن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۲۷ی بەفرانباری ۱۳۹۹ی هەتاوی**
**۱٦ی ژانویەی ۲۰۲۱ی زایینی**

# کۆنگرەی ۱۰ـەیەمی یەکیەتیی لاوان کۆتایی پێهات

۱۰ـەیەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و بەڕێوەبەریی نوێی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردران.



کۆنگرەی ۱۰ـەیەمی یەکیەتیی لاوان لە ۲۰ی بەفرانباری ۱۳۹۹ی هەتاوی، دەستی پێکرد و سەرەنجام پاش ۳ ڕۆژ کاری بەردەوام، ڕۆژی ۲۲ی بەفرانبار، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و دەستەی بەڕێوەبەریی نوێی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردران. لەو کۆنگرەیەدا «پێژمان شەریعەتی» وەکوو سکرتێری نوێی یەکیەتیی لاوان هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی ۱۰ـەیەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی «لاوان گرێدەری خەباتی شاخ و شار» لە کەشێکی تایبەت و هەستیاردا و لەژێر دروشمی «لاوانی یەکگرتوو، هێزی سەرکەوتوو»دا بەڕێوەچوو. کۆنگرەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

لەو کۆنگرەیەدا «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشێک لە ئەندامانی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی، بەشدار بوون و چەپکە گوڵی پیرۆزبایییان پێشکەش بە کۆنگرەی ۱۰ـەیەمی ئەو ڕێکخراوەیە کرد. «هیجری» لە سەرەتای کردنەوەی کۆنگرەدا، چەند وتەیەکی لەسەر پێویستیی یەکگرتوویی و کاری شێلگیرانەی لاوان و هەروەها بارودۆخی شپرزەی ئێستای ڕێژیمی ئێران و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە پێشکەش کرد و داوای لە لاوان کرد کە بە یەکگرتوویی و کاری بەردەوام لە پۆتانسییەلی لاوان بۆ سەرخستنی داوا ڕەوا و دێموکراتیکەکانیان کەڵک وەرگرن.

پڕۆسەی کارەکانی ئەو کۆنگرەیە بە چەند بڕگەدا تێپەڕی و سەرەنجام لە کەشێکی دێموکراتیکدا سەرجەم کارەکانی خۆی کۆتایی پێهێنا. خاڵی جێی سەرنج و تایبەت کە کۆنگرەی ۱۰ی ڕێکخراوی «یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ی لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکە جیا دەکردەوە، بەڕێوەچوونی کۆنگرە بەشێوەی «ئانلاین» بوو کە وەکوو یەکەم ئەزموونی سەرکەوتوو لەو بوارەوە بۆ ڕێکخراو چاو لێ دەکرێت. هەروەها لەلایەن چەندین حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیی ناودارەوە، برووسکەی پیرۆزبایی بۆ ئەو کۆنگرەیە نێردرا.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ۱۳۲٤ی هەتاوی، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان دامەزرا و هەتا ئێستاش لەسەر مەکتەبی کۆمار و بنەما هزرییەکانی شەهید «دوکتور قاسملوو»ی نەمر بەردەوامە لە کار و تێکۆشان لەپێناو دەستەبەربوونی مافەکانی لاواندا.

# شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی خوێندکاران کۆتایی پێهات




شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان لە ژێرناوی کۆنگرەی شەهید «ئیسماعیل شەریفزادە» و بە دروشمی «هەوڵدان لە پێناوی پتەوترکردنی هاوخەباتیی زانکۆ و شەقام و شاخ» بەڕێوە چوو.

ئەو کۆنگرەیە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ۲۵ی بەفرانباری ۱۳۹۹ی هەتاوی، بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان لەلایەن هەیئەتی ئامادەکاری کۆنگرەوە بەخێرهاتنی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و بەشداربوانی کۆنگرە کرا. دواتر پەیامی کرانەوەی کۆنگرە لە لایەن «دوکتور هەژار ڕەحیمی» ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتیی خوێندکارانەوە پێشکەش کرا. دواتر بەڕێز «تەیموور مستەفایی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات، پەیامی ناوەندی سیاسیی پێشکەش کرد. بڕگەی دیکە خوێندنەوەی پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات لەلایەن «خالید دەرویژە» ئەندامی دەستەی کارگێڕییەوە بوو. پاشان کۆنگرە کاری ئاسایی خۆی دەست پێکرد و لە یەکەم بڕگەدا ئەندامانی بەشداربوو، بە تێکڕا دەنگیان بە مەشرووعییەتی کۆنگرە دا.

دواتر ڕاپۆرتی هەیئەتی ئامادەکاری کۆنگرە لە لایەن سەلام ئیسماعیلپوور، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی پێشووەوە پێشکەش کرا و دەنگی متمانەی بۆ وەرگیرا. پاشان ڕاپۆرتی سیاسی خوێندکاریی لیژنەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی خوێندکاران لە لایەن سەلام ئیسماعیلپوورەوە پێشکەش کرا کە پاش باسێکی تێر وتەسەل و گونجاندنی هێندێک ئاڵوگۆڕ، لە لایەن کۆنگرەوە دەنگی پێ درا.

لە بەشێکی دیکەدا «کاروان شەرەفی» سکرتێری پێشووی یەکیەتیی خوێندکاران بە نوێنەرایەتیی هەیئەتی ئامادەکردنی بەرنامە و پێڕەو، دەقی پێشنیارکراوی لیژنەی بەڕێوەبەریی پێشکەش کرد کە پاش باسێکی تێروتەسەل و گونجاندنی دوایین گۆڕانکاری و تێبینییەکان، بە دەنگی تێکڕای ئەندامانی کۆنگرە پەسەند کرا. لەم بەشەدا بەرچاوترین گۆڕانکاری لابردنی پاشگری ئێران و دیاریکردنی ناوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان بوو.

پاشان ڕاپۆرتی کار و چالاکیی نێوان کۆنگرەی ٥ هەتا ٦ی لیژنەی بەێوەبەری بە شێوەی ویدیۆیی لە ساڵونی کۆنگرە بڵاو کرایەوە کە پاش باس و لێکدانەوەی ئەندامانی کۆنگرە، پەسەند کرا.

دواتر پەیامەکانی کۆنگرە بۆ لایەنە جیاجیاکانی بەردەنگی یەکیەتیی خوێندکاران، دیاری کران. لە بەشی دیکەدا کۆنگرە کۆمەڵێک بڕیارڕ و ڕاسپاردەی بۆ بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم پەسەند کرد کە لە پڕۆژەی کاری یەکیەتیی خوێندکاراندا بگونجێندرێت. بڕگەی دیکەی کاری کۆنگرە هەڵبژاردن بوو کە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکدا ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتی هەڵبژێردران و لە یەکەم کۆبوونەوەی کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیدا جەمال فەتحی وەکوو سکرتێری یەکیەتیی خوێندکاران هەڵبژێردرا و کۆنگرە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان ساڵی ۱۳۸۳ی هەتاوی دامەزراوە و بەپێی هەلومەرج هەر ۳ ساڵ جارێک کۆنگرەی خۆی دەبەستێت.


# «مستەفا هیجری» لەگەڵ یەکیەتیی لاوان کۆ بوویەوە



«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە ڕێبەریی پێشووی یەکیەتیی لاوان و ڕێبەریی نوێی ئەو ڕێکخراوەیە کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا «هیجری» باسێکی لەسەر وەزعی لاوان لە کوردستان و هەروەها ڕۆڵی لاوان کرد. ناوبراو باسی لەو کێشە و گرفتانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کرد کە بۆ لاوان دەیخولقێنێت وەک، هەڵاتنی مێشکەکان و تووشبوونی لاوان بە مادده هۆشبەرەکان. لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها باسێکی لەو لاوانە کرد کە لەدوای ڕاسان پەیوەست بوونە بە ڕیزەکانی حیزبەوە و هەروەها جەختی لە دەور و ڕۆڵی لاوان کرد بۆ گرێدانی خەباتی شار و شاخ . ناوبراو بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لە سکرتێری پێشووی یەکیەتیی لاوان «عومەرفەخرەدین فەر» کرد و پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەریی نوێ بەتایبەت «پژمان شەریعەتی» کرد.

«مستەفا هیجری» کار و چالاکییەکانی کۆنگرەی بە باش نرخاند و ڕایگەیاند حیزبی دێموکرات ئامادەیە بۆ پشتیوانی کردن لە لاوان.

# «زرێبار» یەک خولەک بێدەنگیی ڕاگەیاند



ڕێکەوتی ۲۰ی بەفرانباری ۱۳۹۹ی هەتاوی، مام «ئێقباڵ عەلی ڕەمایی»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە تەمەنی ۷۰ ساڵیدا ماڵاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد.

مام «ئێقباڵ عەلی ڕەمایی»، کوڕی «فەتحوڵڵا و حەبیبە» ساڵی ۱۳۲۹ی هەتاوی لە گوندی «بێساران» سەر بە شاری مەریوان، لەدایک بووە.

ناوبراو هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندەواری هەبووە و هەتا تەمەنی ۲۵ ساڵیدا لە گوندی «بێساران نیشتەجێ بووە.

دوایی شۆڕشی گەلانی ئێران و هێرش بۆ سەر خاکی کوردستان، لە ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاویدا پەیوەست بووە بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و بۆ بەرگریکردن لە خاکی نیشتمان چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لە شان کردووە. مام «ئێقباڵ» لە ماوەی ژیانی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتییدا لە چەندین ئەرکی حیزبیدا خزمەتی چالاکانەی بە حیزب و گەلەکەی کردووە.

لە ساڵی ۱۳۵۸هەتا ٥۹ی هەتاوی سەرپەل بووە. لە ساڵی ۱۳٦٤ هەتا ٦۹ی هەتاوی و بۆ ماوەی ٦ ساڵ «یاریدەدەری کادر» بووە. ساڵی ۱۳۸۱ی هەتاوی و هەتا کۆتایی ژیانی، لە ناوەندی ۱، بووەتە «بەرپەرسی خەدەمات» و هەروەها لە ساڵی ۱۳۸۲ پاش بەڕێوەچوونی دەورەیەکی سیاسی، بووەتە کادری دەرجە ٤. ئەو پێشمەرگە خۆنەویستە هەتا کۆتایی ژیانیی بە ئارمان و ئامانجە بەرز و مرۆڤتەوەرەکانی حیزبی دێموکرات وەفادار مایەوە، مخابن ئەمڕۆ ۲۰ی بەفرانبار سەنگەری بەرخۆدانی هەتایە بۆ هاوسەنگەران و هاوبیرانی بەجێهێشت. تەرمی نابراو لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات لە «کۆیە» و بە بەشداری دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی مام ئێقباڵ بە خاک ئەسپێردرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای بەداخبوونی بۆ لەدەستدانی ئەم هاوڕێ تێکۆشەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری مام «ئێقباڵ» دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

# دیداری لێپرسراوی گشتیی حیزب لەگەڵ یەکیەتیی خوێندکاران



«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە ڕێبەریی پێشوو و ڕێبەریی نوێی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ۳۰ی بەفرانباری ۱۳۹۹ی هەتاوی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات دیدارێکی لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی پیشوو و نوێی ڕێکخراوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا و تێیدا باسێکی گشتی لەسەر بارودۆخی خوێندکاران لە کوردستان و هەروەها ڕۆڵی ئەوان لە بزاڤە ئازادیخوازانەکان کرد.

ناوبراو هەروەها باسی لەو کێشە و گرفتانە کرد کە بۆ کۆماری ئیسلامی بەشێوەی سیستماتیک و ئامانجدار بۆ خوێندکاران بەگشتی و خوێندکارانی کورد بەتایبەتی دەیخولقێنێت کە وادەکات بەشێکی زۆر لە خوێندەوارانی کورد ناچار بن وڵات بەجێ بهێڵن و ئەمەش دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکانی لێکەوتووەتەوە کە کوردستان لەمبارەشەوە پشکی شێری بەر کەوتووە.

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها باسێکی لەو لاوە خوێندەوارانە کرد کە لەدوای قۆناغی نوێی خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران ناسراو بە ڕاسانی خۆرهەڵات پەیوەست بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون و دەور و ڕۆڵی ئەوانی بۆ بردنەپێشی زیاتری ئامانجەکانی ڕاسان و گرێدانی خەباتی شار و شاخ بەرز نرخاند.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ناوبراو بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لە سکرتێری پێشووی یەکیەتیی خوێندکاران واتە «کاروان شەرەفی» کرد و پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەریی نوێی ڕێکخراوەکە بەتایبەت «جەماڵ فەتحی» سکرتێری نوێی ئەم ڕێکخراوە کرد و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ خواستن.

شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی خوێندکاران ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ۲۵ی بەفرانباری ۱۳۹۹ دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و پاش سێ ڕۆژ کاری بەردەوام سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

# ژنانی پێشمەرگەی شار
# سەردانی دایکانی پێشمەرگەی شاخیان کرد

کۆمەڵێک لە ژنانی پێشمەرگەی شار لە شاری «پیرانشار» بە مەبەستی ڕێزگرتن لە دایکانی پێشمەرگە سەردانی ئەوانیان کردووە و لقی گوڵ و جامانەیان پێشکەش بەو دایکانە کردووە. ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ۲۰ی بەفرانبار ژنانی پێشمەرگەی شار لە سەردانێکدا بۆ لای دایکانی پێشمەرگە بە دانی چەپکە گوڵ و جامانە، بۆ ڕێزگرتن لە گەورەیی و ئەمەگناسیی ئەو دایکە بوێرانە ڕێزیان لەو دایکە قارەمانانە گرت. ئەو دایکانە کە هەموو کات هەست بە شانازی دەکەن بە بوونی ڕۆڵەکانیان لەنێو جەرگەی خەباتدا؛ بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەسخۆشی و ماندوونەبووینیان لێ کرا.

ژنانی پێشمەرگەی شار بە خۆشحاڵیەوە لەلایەن ئەو دایکانەوە پێشوازییەکی گەرم و گوڕیان لێ کرا.

## کۆنفرانسی کۆمیتەی «زەڕایەن» بەڕێوە چوو




ڕۆژی هەینی، ٢٦ی بەفرانباری ١٣٩٩ی هەتاوی کۆنفرانسی کۆمیتەی «زەڕایەن» سەر بە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران بەڕێوە چوو.
ئەو کۆنفرانسە بە ئامادەبوونی «ڕۆستەم جەهانگیری»، بەرپرسی دەزگای چاوەدێری «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتی، «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن «ئیسماعیل ڕەحمانی» بەرپرسی پێوەندییەکانی سلێمانی و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەڕێوە چوو.
کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.
دواتر دەنگی مەشرووعیەت بۆ کۆنفرانس وەرگیرا .
دواتر «ڕۆستەم جەهانگیری»، بەرپرسی دەزگای چاوەدێری حیزبی دێموکرات باسێکی سیاسی لە سەر مێژووی هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی پێشکەش بە بەشداربوونی کۆنفرانس کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ڕێژیمە هەر بە هاتنە سەرکاری، بە ترس و تۆقاندن، شەڕ، ڕەشەکوژی و ئێعدام لە کوردستان و ئێران دەستی پێکرد و ڕۆڵێکی گەورەی ئاژاوەنانەوە و دروستکرنی ناکۆکی لە ناوچەکەدا گێڕاوە.
«ڕۆستەم جەهانگیری» لە بەشێکی دیکەی قسەکانی خۆیدا ئاماژەی بە هەوڵدانەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی و خۆ تەیارکردن بە مووشەکە دوورهاوێژەکان کرد کە بەرجام و گەمارۆکانی بۆ سەر ئێران بەدوادا هات و بەداخەوە باجی گران و قورسی تەنیا خەڵکی ئێران دەیدەن و ژیان و گوزەرانیان ڕۆژ بە ڕۆژ سەختتر دەبێت. «جەهانگیری» لە کۆتایی باسەکەیدا ئاماژەی بە کوردستان و خەباتی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کرد و یەکگرتوویی نێو ماڵی کوردی و هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی هەموو لایەنە کوردییەکانی بە ڕەمزی سەرکەوتن و خێراتر گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد زانی. دواتر بەرپرسی کۆمیتەی پێشوو «فازڵ میرزایی» ڕاپۆرتی کاری کۆمیتەی پێشکەش کرد. لە کۆتایی ئەو بڕگەیەدا ئەندامانی کۆمیتە دەنگی مەشرووعییەتیان بە ڕاپۆرتی کۆمیتەی پێشوو دا . لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنفرانسی کۆمیتە «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن باسێکی لەسەر هەڵبژاردن و مکانیزمەکانی هەڵبژاردن لە حیزبی دێموکراتدا کرد و برگەی کۆتایی کۆنفرانس هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە و بەرپرسی کۆمیتە بوو.

## بنەماڵەی پێشمەرگەکان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە کراون




ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» زمانحاڵی فەرمی حیزبی دێموکرات لە هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو بنەماڵەی پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کراوان و هەڕەشەیان لێ کراوە.
بەپێی زانیارییەکان بنەماڵەی پێشمەرگەکان لە سێ گوندی «تەنگیسەر، مێراو و نییەر» بانگهێشت کراون و بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر لێپێچینەوەیان لێ کراوە.
ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران داوای لە بنەماڵەی پێشمەرگەکان کردووە کە دەبێ کوڕ و کچەکانتان کە لە هێزی پێشمەرگەدا چالاکیی دەکەن بگەڕێننەوە و واز لە پێشمەرگایەتی بێنن.
لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەستی بە گرتن و بانگهێشتی هاووڵاتییانی کورد لە کوردستان کردووە.

## ٢ی ڕێبەندان پێناسەمانە

**ساڵانە و لە بەرەبەری هاتنی جیژنی نەتەوەیی و نیشتمانی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکەمین کیانی مۆدێرنی کوردی واتە کۆماری کوردستان، تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی بەئەمەگ و ئازادیخوازی کوردستان بە وەڕێخستن و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری تەبلیغی ڕێز لەم شکۆ نەتەوەییە دەگرن. ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو لە چەندین شار و گوندی کوردستان ڕێوڕەسمەکانی ٢ی ڕێبەندان بەڕێوە چوون کە لێرەدا کورتەیەک لەم چالاکییانە دەخەینە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست:**

**بۆکان:**
لە بەرەبەری هاتنی ٢ی ڕێبەندان ٧٥ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، پێشمەرگەکانی شار بەتایبەت بنەماڵەی شەهیدان و بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی لە بۆکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان، بەتایبەت پێشەوا « قازی محەممەد» دووپات کردەوە.
ڕێزگرتن لە ٢ی ڕێبەندان و بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی لەو شارە لە حاڵێکدا بوو کە نێو شار بە تەواوەتی میلیتاریزە کرابوو.
ئەو شوێنانەی نێو شاری بۆکان کە ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکرابوو، بریتیین لە:» سەیرانگای «کێوە ڕەش، ناڵەشکێنە، بەنداوی بۆکان» هەروەها لە نێو شاری بۆکان چالاکیی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چووە.
هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە ڕێگای بۆکان هەتا پردی خولامالی، زۆربەی پردی نیو ڕێگا و تەواوی تابلۆی گوندەکانی «داربەسەر، کانیپانکە، بوغدەداغی، جەمووغە، سەیداوا، عەیشابات، قاجر، تەپی، قەڕەڵی، شاریکەند و قەرەگوێز» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
لە درێژەی ئەو کار و چالاکییانەدا قارەمانانی دێموکرات لە پردی «خولامالی» بەرە و ڕێگای «سەردەشت»، دیواری خانووی مووچە و مەزراکان، پردی نێو ڕێگاکان و تەواوی تابلۆکانی گوندەکانی «دوڵت ئاباد، لاسەگوڵان، قزڵگومبەد، دەروێشان، قەرەداغ، حەمزاوا، گڵێنان، گراوێ، کانی سێو، قالوێ زەندان، باراوا، قۆیتەڵ، شارەزوور، شێخ وێسف، خەلیفان، پردی چۆمی قوڵەبۆز» و چەندین شوێنی دیکە چالاکی بەڕێوە چووە.
هەروەها لە چالاکییەکی تردا قارەمانانی دێموکرات لە شاری ‹›بۆکان›› بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە پردی «کۆبانی» ئاڵای کوردستانیان هەڵداوە هەروەها ڕۆژی ڕابردوو لە سەیرانگای «کێوەڕەش، ناڵەشکێنە و بەنداوی بۆکان» چالاکیی بەڕێوە چووبوو.

**شنۆ:**
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کردووە و لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردووەتەوە.
لەو چالاکییەدا قارەمانانی دێموکرات بە دانانی ئاڵای کوردستان لەسەر گۆڕی شەهیدان پەیمانیان لەگەڵ سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان نوێ کردووەتەوە کە درێژەدەری ڕێبازیان دەبن.
ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەو چالاکییەدا بەڵێنییان داوە کە ئەوان ئامادەی جێبەجێکردنی هەر ئەرکێکی حیزبین. بەشێکی تر لە تێکۆشەرانی حیزب لە گەڕەکەکانی «مام تەمر، سەلیم ئاباد، گوندەکانی شێخان، دڕوو، تاژاندەرێ، کیسەڵاوێ و هێیە» چالاکیی بەرینیان بەڕێوە بردووە.
لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندەکانی «قەرەسەقەل، قەزەناوێ، قروشاوێ و گورگاوێ» بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

**مەهاباد:**
پێشمەرگەکانی شار لە ناوچەی «شارویران» سەر بە مەهاباد لە گوندی «گوێکتەپە» بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان چالاکییان بەڕێوە برد و هۆشداریان بە جاش و چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیم داوە کە واز لە خیانەت بێنن.
هەروەها لە گوندی «لەج « بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە. ئەو شوێنانەی چالاکیی لێکراوە بریتین لە «گەڕەکی قەبران، کوچەی عەولاباد، دەوروبەری مزگەوتی گەورە».
هەروەها تراکتی تایبەت بەو ڕۆژەیان لە ماڵی شەهیدان و پێشمەرگەکان هاویشتووە و هۆشداریان داوەتە جاش و خۆفرۆشەکان.
هەروەها ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە «مەهاباد» لە بەرەبەری ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر مەزاری مامۆستا «محەممەد ماملێ، بەنداوی مەهاباد، قازیاوە، سێڕای دێبوکر، سێڕای کەوتەر، سەلیم ساغۆڵ، جادەی مەهاباد هەتا سەری مەیدانان، گوندی لەج و ناوچەی شارویران» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
بۆ چەندەمین جار لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕۆڵەکانی چوارچرای کۆماری کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە «شارویران، لەج، گوێکتەپە، قوم قەڵا، دریاز» و چەندین گوندی دیکە تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە. لاوانی قارەمان لە مەهاباد ڕێکەوتی ٢٧ی بەفرانبار کارتی پیرۆزباییان لەلایەن پێشمەرگەکانی شار لەنێو خەڵک و نێو شاری مەهاباد بڵاو کردووەتە. ئەو کارتانەی پیرۆزبایی لە شوێنەکانی: «مەیدانی ئاردی، گوزەری حاجی زوودی، ئاغای پەسوێیی، کۆڵانی مزگەوتی حاجی ئەحمەد، رووبەڕووی کەلانتەریی ١١، مەیدانی ئاردی شەقامی سەرەکی، موخابەراتی بێعسەت تا حەمامی شافعی و مزگەوتی عەجەمان، مەیدانی ئاسنگەران تا گوزەری خەیاتان، شەقامی ئوستاد مەجدی».

**پیرانشار:**
قارەمانانی دێموکرات لە شاری «پیرانشار» بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چەندین گوندی دوروبەری ئەو شارە چالاکییان بەڕێوە بردووە. لە «شێناوی» سەر بە «پیرانشار» قارەمانانی دێموکرات بەنێری تێرۆریست «قاسم سلێمانی و خامنەیی»ـیان سووتاندووە.
هەروەها لە ڕێگای سنووری حاجی عومەران، ڕێگای پیرانشار بۆ باڵاشار و ٢٤میتری، فەلەکەی شیناوێ، کەمەربەندیی ئیمام جومعە، ڕێگای زێدان، دەوروبەری قەڵاتی شیناوێ لە پیرانشار، گەڕەکی سووتاو و شەقامی کشاوەرز» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
هەروەها تێکۆشەرانی حیزب لە باڵاشار بە گشتی، مزگەوتی قیبلە و دەورووبەری، مزگەوتی مەلا دۆنەخۆر و دەورووبەری، گەڕەکی کاسەکەران، مزگەوتی سەڵمانی فارس، کانیی کۆنە خانێ، مزگەوتی ئەنسار، مزگەوتی هیجرەت، مزگەوتی حەزرەتی ئیسماعیل، مزگەوتی مام خەلیل، کارگای سەید ئیبراهیم، شەقامی باران، مەزگەوتی حەزرەتی عومەر، کەمەربەندیی ئیمام جومعە، قوتابخانەی مامۆستا هەژار، فەرهەنگیان، دەورووبەری مەزگەوتی قودس، کتێبخانەی پارکی خەیام، کوچەکانی پارکی خەیام، نوقتەی ئا، نووقتەی ٣، شەقامی مەولەوی و زەرگەتەن» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
هەروەها پێشمەرگەکانی شار بەم بۆنەوە لە گوندەکانی «زەنگیاوێ، سەرین چاوێ و خراپە چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام داوە.
تێکۆشەرانی پەردەوەری دەستی «قەندیل» لە پیرانشار بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە :قەڵاتە ڕەشێ، دێڵزێ، چیانە، پاسگای چیانە، هەنگی مەرزی چیانە، فەلەکەی ماموستا نالی، کۆڵانەکانی قودس، مزگەوتی قودس، پارکی نیلوفەر، نێو شاری پیرانشار و گوندەکانی زەنگیاوێ و مزگەوتی قوبڵە» تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژیان بڵاو کردەوەتەوە و پەیمانیان لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمار دووپات کردووەتەوە.

**سەقز:**
لە سەقزی دێموکراتەوە لاوانی دێموکرات بە پەیامی پیرۆزبایی ٢ی ڕێبەندان لە «کەلی وەنەشە»وە بەرەو شاری سەقز وەڕێکەوتن و پەیمانی وەفادارییان بە ڕێبازی کۆماری کوردستان دووپات کردەوە.
لە گوندی «وزمڵە» چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چووە.
پێشمەرگە چاونەترسەکانی نێوشاری سەقز شەوی یەکشەممە لەسەر دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٨ لەسەر ٢٩ی بەفرانبار، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٧٥مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چالاکییەکی بەرینی تەبلیغاتی و کەم وێنەدا شاریان بە تراکت و پووستێڕی تایبەت ڕازاندەوە.
بەشێك لەو گەڕەک، شەقام و شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوە چوو بریتن لە: «چەمی وەڵی خان، شاناز، حەماڵاوای سەروو، شەقامی عەباس ئاوا، حەماڵاوای خواروو ، تەنیشت چەمی حەماڵاوای خواروو، شەهرکی دانشگا، ماڵە گوڵان، دەوروبەری دەرمانخانەی دوکتور وسووقی، نێو بازاڕ بە تەواوی دووکان بە دووکان، ڕاستە بازاڕی ئەردەڵان و مەیدانی ماست و مەیدانی سەوزی، تاریکە بازاڕ، پشت قازاخانە و کۆڵانی وێنەگریی خەیام».
هەروەها هەزاران بەرگ تراکت و پووستێر بە شێوەی ڕەنگی و بە شێوەی چەسپی ماڵ بە ماڵ و دووکان بە دووکان بڵاو کراوەتەوە. ئەم چالاکییە بەرینە لە جەوێکی تەواو ئەمنییەتی و نیزامی بەڕێوە چووە و لە چەند شوێن هێزەکانی ڕێژیم وێستوویانە هاوڕێیانی حیزبی دەسبەسەر بکەن بەڵام لاوانی تێکۆشەر بە تەقەی هەوایی هۆشداری بە جاش و بەکرێگیراوەکان دەدەن کە واز لە ڕاودوونیان هەڵبگرن.
هەروەها لە پەیامێکدا ڕایانگەیاندوە ئێمە پێشمەرگە نهێنیەکانی نێو شاری سەقز بەبۆنەی ٢ی ڕێبندان ٧٥مین ساڵڕۆژی دامەرزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی خۆمان دەنێرین بۆ بەرپرسانی حیزب، سەرجەم پیشمەرگە قارەمانەکانی شاخ و شار، بنەماڵەی سەر بەرزی شەهیدان و زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی و لەگەڵ خوێنی شەهیدانمان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا ئاخر دڵۆپی خوێنمان درێژەدەری ڕێگایانین. هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری «سەقز» لە کێوی «ڕووش» تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢ی «ڕێبەندان»یان بڵاو کردووەتەوە.

**نەغەدە:**
تێکۆشەرانی دێمۆکرات بە بۆنەی دووی ڕێبەندان، لە ناوچەی سندووسی سەر بە شاری نەغەدە چالاکیان بەڕێوە برد. ئەم چالاکییە لە شاخەکانی «سوڵتان یاقووب بەڕێوە چووە.

**ئیلام:**
لە «ئیلام»ـی دێرین زێدی باب و باپیران لاوانی بەهەست و خۆڕاگر ئاڵای کۆماری کوردستان بە بەرزی دەشەکێننەوە و بەڵێنن دەدەن هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان دەست لە ڕێبازی «پێشەوا» هەڵناگرن. بەم بۆنەوە لەنێو شاری ئیلام چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چووە.

**مەریوان:**
لاوانی دێموکرات لە شاری «مەریوان» بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شارەکی «مووسک» و هەروەها لە گوندی نگڵ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**سنە:**
ڕۆڵەکانی دێموکرات لە گوندی گوندی «سەرڕێز» و لە «لەیلاخ» لە سەیرانگای «شەیدا» و کێوی «سوورماڵی» بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
هەروەها لە ناوچەی «لەیلاخ و دێولان» تێکۆشەرانی دێموکرات بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە ڕێگای دێولان، قووروە، جادەی سونقور و کولیایی، هەروەها لە گوندەکانی «کازماوا، قاملوو، شانەوەرە، بەنداوی سەنگ سیا، کەوخانی، جوامیراوا، کێوەکانی سەیراگای شەیدا (شەیا)، سورمەی عەلی (سورمەلی)» چالاکییان بەڕێوە بردووە.

### درێژەی پەیف

ئۆکرانییەکە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە بۆ هەموو جیهان دەرکەوتووە کە ئەم ڕێژیمە تا چ ڕادەیەك چەواشەکارە.
لەم ڕۆژانی ڕابردوودا، لە تێلێویزیۆنی کۆماری ئیسلامییەوە سووکایەتییەکی ڕوون و قیزەون بە پێناسەی کورد کرا و ئەم کردەوەی ڕێژیم دژکردەوەیەکی بەرفراوانی هەموو کوردەکان، سەرەڕای جیاوازییەکانیان و بە هەموو چین و توێژەوە لێ کەوتەوە.
کۆماری ئیسلامی بە شێوەی سیستماتیك هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکە دەدا و هەروەها بە شێوازی جۆربەجۆر سووکایەتییان پێ دەکا تاکوو بە شکاندن و سووککردنیان بتوانێ ساناتر دەستیان بەسەردا بگرێ و بیانکا بە تۆز. ئەمە ڕاستییەکی زەق و ڕوونە، هەرچەند ڕێژیم بەردەوام حاشای لێ کردووە و دەیکا تاکوو خۆی لە لێکەوتەکانی سیاسەتەکەی بشارێتەوە بەڵام لەناکاو شتێکی لێ دەردەکەوێ و هەموو ڕیسەکەی دەبێ بە خوری.
ئەم سیستمە کۆلۆنیاڵیستییە، بە سووکایەتیکردن و کوشتار دەیهەوێ نەتەوەکان بسڕێتەوە و لە ناخی کۆمەڵگای ناوەندنشیندا ڕق و کینی دژ بە نەتەوە پەراوێزخراوەکان پەروەردە بکا و دەبینی لە وەها ڕووداوێکدا زیپکەیەکی ناشیرین بە سەر سیما و دەمامکە ڕازێنراوەکەی دەر دەکەوێ و ئەمە تەنیا زیپکە و خاڵێکی ئاسایی نییە بەڵکوو لێوانلێوبوونی ئەم سیستمە لە چڵك و گەندەڵیی دەروونی دەردەخا.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان
# حەفتاوپێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان



**هاونیشتمانیانی بەڕێز**
**کۆمەڵانی مافخوازی خەڵکی کوردستان**
**داکۆکیکارانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد**

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ١٣٩٩ی هەتاوی، حەفتاوپێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانە. ئەو کۆمارەی کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە دەست پێشەوای نەمر قازی محەممەد لە بەشێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ناوەندیی شاری مەهاباد دامەزرا.

بەو بۆنە مێژووییەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەتایبەت ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و ئاواتەخوازین بە درێژەی خەبات و تێکوشان دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان دەستەبەر بێتەوە.

دامەزرانی کۆماری کوردستان بە تایبەتمەندییە دێموکراتیکەکانییەوە خاڵێکی وەرچەرخانیی لە مێژوویی خەباتی نەتەوەی کورددا تۆمار کرد. بۆ یەکەمجار کورد لەو بەشە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو بە خاوەنی کیان و دەسەڵاتێکی کوردی لە شکڵی کۆماریدا؛ ئەویش لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و پردیکتاتۆری ئەوکاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە خۆیدا دیاردەیەکی هیوابەخش بوو بۆ نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران و ناوچەکە.

گرینگی و شوێندانەری بەرچاوی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەو ڕوانگەوە جێگای بایەخ و سرنجدانە کە بە دامەزرانی ئەو کۆمارە بۆ یەکەمجار نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان بوو بە خاوەنی کیانێکی دێموکراتیکی نەتەوەیی و تامی خاوەنداریەتیی خۆی و بایەخە نەتەوەیی و ئازادییەکانی چێشت. زۆرداری و ماف پێشێلکاری دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر لابرا و هەستی بە بوونی خۆی و تایبەتمەندییە نەتەوایەتییەکانی کورد کرد. ڕەخسانی دەرتانێکی ئەوتۆ لەجێدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان حیزبێکی دێموکرات و مۆدێرنی کوردی بە ڕێبەرایەتییەکی جەمعییەوە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا بوو.

ناوەڕۆکی دێموکراتیکی ئەو حیزبە لە ناوەڕۆکی دێموکراتیکی کۆماری کوردستانیشدا ڕەنگی دایەوە و ئەو کۆمارەی کردە نمونەیەکی دەگمەنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە ناوچەدا.

جیا لەوە پەرەگرتنی بیر و هەستی نەتەوایەتی لەپێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بوونی هەبوو و لەلایەن کۆمەڵەی ژێکافەوە کە دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنچینەی ڕێکخراوەیی ئەو ڕێکخراوەیە دامەزرا پتر و بەرینتر پەرەی پێدرابوو کە لە شکڵگرتنی ئەم دەسەڵاتە کوردییەدا شوێندانەر بوو.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر بەستێنی پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتی و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەئارادا نەبوایە ئاستەم بوو کۆماری کوردستان دامەزرابا و ئەگەر دامەزرابا خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە دێموکراتیکە نەدەبوو کە هەیبوو.

دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە زۆر بارەوە گرینگ و پڕبایەخن کە هەر کامیان بە تەنیایی باسێکی تەسەل و لێکۆڵینەوەیەکی وردیان پێویستە و بۆشیان کراوە، بەڵام گرینگە وەبیربێنینەوە کە لە کۆماری کوردستاندا ئازادی بەیان بەمانای واقعی خۆی بۆ هەمووان تەنانەت بۆ دژبەرانی کۆمار و شەخسی پێشەواش هەر چەند دەگمەن بوون دەستەبەر و مسۆگەر کرابوو، بەجۆرێک کە هیچ کس لەسەر بیروڕای جیاواز و بگرە دژایەتی لەگەڵ کۆمار نەکەوتە ژێر لێپرسینەوە و بەرتەسککردنی ڕادەربڕین. ڕەنگە بۆ دونیای ئەمڕۆش بە زەحمەت جێگای باوەڕ بێ کە لە کۆماری کوردستاندا زیندان و زیندانی، بوونی نەبوو، ئازادی ئایین و ئایینزاکان بە تەواوی دەستەبەر کرابوو و ئەمنییەتی گیانی و ماڵی بۆ هەمووان دابین کرابوو.

هەر بۆیە ببووە جێگای هیوا و ئۆمێدی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بە تاسەوە لێیان دەڕوانی و تەنانەت تێیدا بەشداربوون و سیما نەتەوەییەکەی پڕڕەنگتر بوو.

کۆماری کوردستان بە تایبەتمەندییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانییەوە قورسایی خستبووە سەر دڵی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی ناوچە و لە دژی وەستانەوە و لەوە زیاتر بەرژەوندی زلهێزەکانی براوەی شەڕی جیهانی دووهەمیش ڕێگای لە مانەوە و گەشەکردنی کۆمار بەربەست کردبوو هەر بۆیە پاش ١١ مانگ درەوشانەوە لە ئاسمانی ژیانی کورددا مۆمی تەمەنی کوژێندرایەوە.

کۆمار نەما، بەڵام یادی هەمیشە زیندوو و یادگارییەکانی وەک ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و پێشمەرگە و زمانی کوردی نەک هەر بۆ کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڵکوو بۆ کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بوون بە سەمبول و بەڕێزەوە سەیریان دەکەن و ڕەوایی نەتەوەییان پێ بەخشراوە.

پاش نەمانی کۆمار و لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی و زیندانی کرانی ڕێبەرانی حیزب و کاربەدەستانی کۆمار لەگەڵ ئەوەی زامێکی بەژان بوو، هەستی نەتەوایەتی ڕۆڵەکانی کورد دانەمرکا، خەبات و قوربانیدان لەپێناو وەدیهێنانی دەسکەوتەکانی کۆمار کۆتایی پێ نەهات بگرە بەهێزتر و بەگوڕتر مانەوە.

لە ماوەی ٧٤ ساڵی ڕابردوودا خەبات و خۆڕاگری کورد بە تایبەت حیزبی قازی، قاسملوو، شەرفکەندی و هەزاران شەهیدی دیکە بەردەوام بووە. ئەو خەباتە ئێستا لە شێوەکانی جۆراوجۆریدا دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک ڕێژیمێکی خاوەن ئیدئۆلۆژیکی کۆنەپەرەستانە و دواکەوتوو، وەک ڕێژیمێکی یاغی کە دژ بە دێموکراسی، مافی مرۆڤ،مافی نەتەوایەتی نەتەوەکانی ژێرستەمی ئێران، وەک ڕێژیمێکی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر،ڕێژیمێکی ناتەبا لەگەڵ ڕۆحی سەردەم لە حاڵی خەبات و خۆڕاگریدایە.

ئەو ڕێژیمە بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە و پەرەپێدانی فەرهەنگی کۆنەپەرەستی و خورافات سیمایەکی دزێوی خستۆتە بەر دیدی خەڵکی دونیا، هەموو سەروەت و سامانی وڵات و بەرژەوەندی ئێرانی لەپێناو پەرەپێدانی ئیدئۆلۆژی خۆی و دابینکردنی پێداویستی و ئیمکاناتی تیرۆر و ئاژاوەگێری بۆ گروپە تیرۆریستییەکانی دەستپەروەردەی خۆی بەفیڕۆ دەدا و خەڵکی ئێرانی لە هەژاری،نەداری، بێکاری و بێدەرەتانیدا هێشتووەتەوە و ناڕەزایەتی خەڵک لەوپەڕی خۆیدایە، بۆیە ئەو ڕێژیمە نگریسە گەیوەتە لێواری لەرزۆکی و هەڵدێری نەمان و ئەویش ڕێگای خەباتمان هەموارتر دەکات.

خەباتی ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێکی وا هار و بێ‌هەوسار خەباتێکی ئینسانی، نەتەوەیی و ئازادیخوازانەیە،خەباتێکی ڕەوا و بەرحەقە و هەر بۆیەش جێگای پشتیوانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و ئازادیخوازانی ڕاستەقینەیە.

لە ٧٥ ساڵەی یادی کۆماری کوردستاندا بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە تا سەر و تا سەرکەوتن و وەدیهاتنەوەی دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە خەبات و خۆڕاگری بەردەوام و شێلگیرتر بین.

لە ٧٤ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوای کورد قازی محەممەد و گیان بەختکردنی ڕێبەرانی حیزب و کاربەدەستانی کۆماردا وەسیەت و ڕاسپاردەکەی پێشەوا لە پێوەندی لەگەڵ پەرتەوازەنەبوون، بەپێچەوانەوە، تەبابوون و یەکگرتوویی دەکەینە چرای ڕووناکیدەری ڕێگای خەباتمان و بە پەرەپێدانی ئەو خەباتە لە گۆڕەپانەکان و پانتاییەکانی شار و شاخ مەودای گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانمان کەمتر و کورتتر دەکەینەوە.

**یادی کۆمار بەرز وبەخێر بێ؛**
**گیانی پاکی پێشەوا و ڕێبەرانی حیزب و کۆمار بە وەدیهێنانی ئاواتەکانیان شاد و ئارام بێ؛**
**سڵاو لە حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛**
**سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان؛**
**سڵاو لە زیندانیانی سیاسی زیندانبەزێن؛**
**سڵاو لە زامهەڵگرتووەکان و کەمئەندامانی ڕەوتی خەبات و خۆڕاگری؛**
**سڵاو لە ڕێبازی ڕەوا و بەرحەقی خەباتی کورد؛**
**سڵاو لە کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان پشتیوانانی هەمیشەیی خەباتی کورد و حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان؛**
**نەمان بۆ ڕێژیمی دیکتاتور و دژە ئینسانی کۆماری ئیسلامی ئێران؛**
**سەرکەوتن بۆ خەباتی کورد و تێکۆشەرانی دێموکرات.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٩ی هەتاوی**

# کورد و ئێران لە دوورەدیمەنەی هزری ڕێبەرانی نەمر

## دوکتور قاسملوو و ئاماژە بە بڕیاری نەسڵی داهاتوو



ئەلبورز ڕۆئین تەن

بەشی دووهەم

دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشت کە دوایین کۆنگرەی حیزب بوو کە بەر لە تیرۆرکردنی تێیدا بەشدار دەبوو، وێڕای شرۆڤەیەکی ڕاسیونالانە بۆ دۆخی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و ئێران و کوردستان جەخت لە سەر بەردەوامی خەبات دەکات و داوا لە هەموو ئەندامان و ڕێبەرایەتی حیزب دەکات خۆیان بۆ هەر دۆخێک ئامادە بکەن بەڵام ئەوەیکە پێداگری لە سەر گرینگی پێکهاتنی بەرەیەکی گشتی بۆ ئۆپۆزسیۆن دەکات و هەوڵەکانی حیزب لەو بوارەدا دەخاتە ڕوو خاڵێکی جێگەی تێڕامانە. لایەنی گرینگ و یەکەمی ئەو بابەتە دیاربوونی هێڵی سیاسەتەکانی حیزبە کە تەنانەت وەک پێشمەرج بۆ نموونە لەگەڵ ڕێکخراوی فیدائیان یا ڕێکخراوەکانی دیکە دانراون، پێشمەرجی هاوکاری حیزب لەگەڵ ئەوان پەسندکردنی مەرجەکانی حیزب بە پێویست دەزانێ.

ئەوە خاڵێکی زۆر گرینگە کە ئێمە دەبێ وەک حیزب هەمیشە لەمەڕ بابەتە گرینگەکانی وەک داهاتووی ئێران و جۆری حکومەت و سیستمی وڵات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان هەیە، خاوەن پێشمەرجی دیار بین، بەشداری و هاوکاری خۆمان بە قەبولی ئەو پێشمەرجانە بزانین بۆ ئەوەی نەبین بە وزە بۆ هێزێک کە بۆ هاتنە سەرکار لە هێزی ئێمە کەڵک وەرگرن و دواتر لە درێژەی سیاسەتی حکومەتەکانی ڕابردوو لە سەرکوتی ئێمە بەردەوام بن.

لەو بوارەدا هەرچەند وردەکاری لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی نەهاتووە بەڵام دەڵێ:

«ئێمە هیوادارین کە هەموو لایەنگرانی دێموکراسی و سەربەخۆیی لە ئێران کەم کەم لە گرینگی پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانی دێموکراتیک کە بەرنامەیەکی ڕوون و جێگای پەسندی کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێران هەبێت، وەک ئەرکێکی پێویست و مێژوویی تێبگەن.»۷

لێرەدا ڕستەی «بەرنامەی ڕوون و جێگای پەسەندی کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێران» خاڵی جێگای سەرنجن چونکە ئۆپۆزسیۆنێک بۆ ئەوەی ببێت بە ئاڵتێرناتیو بەر لە هەر کارێک دەبێ پڕۆژەیەکی ڕوونی هەبێت و خەڵکیش ئەو پڕۆژەیە وەرگرێت و ببێتە جێگای هیوا بۆ ئەوەی بە هۆشیارییەوە درێژە بە نارەزایەتییەکانی بدات تا ڕێژیم بڕوخێت. لەلایەکی دیکەوە ئیتر سەردەمی بەکارهێنانی وشەی جوان و بێ‌نێوەڕۆک بە سەرچووە و دەبێ ئەو پڕۆژەیەی ڕادەگەیەنرێت جێگای پەسەندی خەڵک بێت. پێم وایە بەرنامەی جێگای پەسەندی خەڵک لە کوردستاندا، بێ گومان ڕێزگرتن لە مافی چارەنووسی نەتەوەیی کوردە چونکە پرسی کورد لە ئەمڕۆدا بە نیسبەت سێ دەیە پێش ئێستا بە هۆی گۆڕانکاری لە زۆر ڕەهەندەوە لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتووتردایە.

دوکتور قاسملوو لە دوایین دیداری پێشمەرگەدا بەر لەوەیکە بۆ دوایین جار بەر لە تیرۆرکرانی، سەفەری دەرەوە بکات لە گوتارێکدا سیاسەتی حیزب و دۆخی ناوچە و کوردستان و بەتایبەتی دوورەدیمەنی داهاتووی کورد زۆر بە باشی شرۆڤە دەکات و گرینگییەکی زۆر بۆ خەباتی پێشمەرگە نیشان دەدات و تەنانەت هۆکاری بەهێزی حیزب لە دەرەوەش بە چالاکی بەبەرنامەی پێشمەرگە دەزانێت و تەنانەت دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق بۆ دەنگدانەوەی زیاتری پرسی کورد داوای چالاکی لە قوڵایی خاکی کوردستان دەکاتەوە کە پێم وایە تاکتیکێکی دروست و پێویست و کاریگەرە بەڵام لە سەر دروست کردنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی لە بڕیاردان دەڵێ:

«حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە، هەموو وەختێک مەشغوڵی ئەوە بووە کە یەکەم لەگەڵ گەلانی زوڵملێکراوی ئێران کە بەداخەوە ڕێکخراوێکی بەهێزیان نییە وەکوو تورکمەن وەکوو بەلووچ وەکوو عەرەب وەکوو ئازەربایجانی دۆستایەتی بکا. دووهەم لەگەڵ هەموو ئەو هێزانە کە ئیمانیان بە دێموکراسی و خودموختاری هەیە کە زۆربەی هەرەزۆری هێزەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوانیش هاوکاری بکا.»۸

لێرەشدا وشەی ئیمان بە دێموکراسی و خودموختاری کە بە مانای ڕێزگرتن و باوەڕ بە مافی نەتەوەی کورد دێت وەک، مەرجی هاوپەیمانی دیاری دەکات. بە هەڵسوکەوتی سیاسی لایەنەکان و گوتاریان زۆر بە باشی دەتوانین بڕیار بدەین کە کام هێز ئیمانی بە مافی نەتەوەیی گەلان یا لانیکەم دێموکراسی هەیە؛ بۆ نمونە ئەگەر لایەنێک تەنانەت لەگەڵ وشەی فیدڕالی یا خوێندن بە زمانی کوردی یا بەڕێوەبردنی ناوچەیی لە سەر بنەمای جوغرافیای نەتەوەیی گرفتی هەبێت، بێ گومان ئیمانی بە دێموکراسییەکەی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

مانگێک بەر لە شەهیدبوونی ڕێبەری نەمرمان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی بی‌بی‌سی فارسی وێڕای دووپاتکردنەوەی باوەڕی حیزب بە دێموکراسی دەڵێ:

« تەنانەت لە کوردستان کە بە بەرپرسیاریەتییەوە دەتوانم پێتان بڵێم زۆرینەی خەڵک لایەنگری حیزبی ئێمەیە، ئێمە خۆمان بە خاوەنی کوردستان نازانین، ئەوە خەڵکی کوردستانە کە بڕیار دەدات کە حیزبی دێموکرات خودموختاری بەڕێوە ببات یا ڕێکخراوێکی دیکە، بە باوەڕی ئێمە ئەگەر دۆخی شەڕ نەمێنێ هەموو ڕێکخراوەکان و هەموو لایەنەکان دەبێ بەرنامەی خۆیان پێشکەشی خەڵکی ئێران بکەن و خەڵکی ئێران بتوانن ئازادانە لە نێوان ئەو ڕێکخراوانەدا هەڵبژێرن.»۹

ئەوە ڕاستە کە ڕێبەری نەمرمان جەختی زۆری لە سەر دێموکراسی کردۆتەوە، سەرەڕای باوەڕی بە دێموکراسی هۆکارەکەشی لە دیداری پێشمەرگەکاندا شی دەکاتەوە کە ئەگەر دێموکراسی هەبوو خواستی ئێمە کە دابینکردنی مافەکانمانە بەدی دێت. نابێ لە بیرمان بچێت ئەو گوتارە لە دۆخی چەند دەیە پێش ئێستا کە کوردستان و ناوچە و تەنانەت پرسی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی لە ئاستێکی دیکەدا بوو داڕێژرابوو، بۆ ئەوەی وەکوو قوناغێک بۆ بەرەوپێشچوون بۆ قوناغێکی سەرووتر کەڵکی لێوەربگیرێت، واتە ئەو ستراتیژە هەڵگری هەلومەرجی ئەوکات بوو و هۆکاری تایبەتی خۆی لە پشت بوو. لە ئێستادا بەرەوپێشچوونی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە ئاستی جیاوازدا وا دەخوازێ دابینکردنی مافی بڕیاردان لە چارەنووسی نەتەوەکان و بەتایبەتی نەتەوەی کورد بە دابینبوونی دێموکراسی لێک بدەینەوە؛ ئەوەیکە دوکتور قاسملووش دەڵێ: « ئەوە خەڵکی کوردستانە کە بڕیار دەدات کە ئەوە حیزبی دێموکراتە کە خودموختاری بەڕێوە دەبات یا ڕێکخراویکی دیکە».

کەواتە دەبێ ئەو ئازادییە بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکەین کە بڕیار لە سیستمی داهاتووی کوردستانیش بدات ئەو ڕاستییەش تەنیا بە دابینکردنی مافی بڕیاردان لە چارەنووس مومکین دەبێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە بنەماییترین پێداویستی سەرکەوتنی گوتارێکی وەها سەرەتا بە داڕشتنەوەی گوتاری کورد لە سەر بنەمای دابینکردنی ئازادی بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیەتی، دواتر بەهێزبوونی داڕێژەرانی ئەو بەرنامەیە لە هەموو ئاستەکان و بە جەماوەری کردنی ئەو گوتارە لە نێو خەڵکدا و بەکاربردنی دیپلۆماسی و گفتگۆیەکی کارا بۆ جێگیرکردنی ئەو بەرنامەیە لە ئاستی ئێرانی و نێونەتەوەییدا، واتە کورد ببێتە «هێزی شوێندانەر لە کوردستان»دا، بەم شێوەیە ئەگەری سەرکەوتنی ئەو گوتارە زیادتر و زیادتر دەبێت، چونکە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی ئەوە دەخولقێت بەڵام قۆستنەوەی دەرفەت لە گرەوی ئامادەیی زۆری کورد بەر لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدایە. لە هەموو گرینگتر لەو باوەڕەدام بە بەهێزبوونی شۆڕش زیاتر لە قۆستنەوەی دەرفەتەکان بەرەو ئافراندنی دەرفەتەکانیش دەڕوات و پوتانسییەلی ئەو بەهێزییەش موجودە.

دوای چوار حەوتوو لە چاوپێکەوتنەکەی نەمر دوکتور قاسملوو لەگەڵ بی‌بی‌سی، کە تێیدا بە ئاشکرا باس لە باوەڕی قوڵی خۆی و حیزبەکەی بۆ دێموکراسی و چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا کردبوو، لە دەوری سێیەمی گفتوگۆکان لەگەڵ وەفدی کۆماری ئیسلامی بەشدار بوو، ئەو گفتوگۆیانەی کە دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو کەسایەتییە زانا و لێهاتوویەی تێیدا تیرۆر کرد. لە تۆمارێکی دەنگیدا کە گفتوگۆکانی ئەو دانوستاندنەی تۆمار دەکرد «دوکتور قاسملوو لە ئەگەری لەبەرچاونەگرتنی داخوازی کوردەکان هۆشداری دەداتە جەعفەر سەحراڕودی کە جیلی داهاتوو بە دوای جیاخوازییەوە دەبن.»۱۰

ئەمڕۆ دوای سێ دەیە لەم گوتارە کە حکومەتی ناوەندی گوێی لە داخوازی کورد نەگرتووە بەڵکوو دڕندانەتر لە پێشوو سەرکوتی دەکات و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی دژی کۆماری ئیسلامیش پێشوازی لە ویستە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی کورد ناکات پرسیاری «ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە کورد گوتاری خۆی لە دێموکراسی بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی وەک بەڵگەی هەبوونی دێموکراسی بگۆڕێت؟ ئایا ئێمە ئەو جیلە نین کە دوکتور قاسملوو باسی لێ کردووە؟» زیادتر بەرجەستە دەبێتەوە.

«ژێرار شالیان» لە کتێبی تراژێدیای کورددا لە سەر تیرۆری دوکتور قاسملوو دەڵێ: «قاسملوو بوو بە قوربانی ئەو بیرۆکەیە کە دەتوانێ لە ڕێگای وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ئەنجامی باش بۆ کوردەکان بە دەست بخات.»۱۱

بەدرێژایی مێژوو کورد نەیتوانیوە لە ڕێگەی وتووێژەوە بە ئامانجی خۆی بگات.

ئەوە بە مانای هەڵەبوونی ئەو ڕێکارە نییە، بەڵکوو بۆ دڕندایەتی دوژمن دەگەڕێتەوە، کە ئەو ڕێکارە شارستانییە مرۆڤایەتییە بۆ کڕینی کات و لێدانی گورزی جەرگبڕ لە دۆزی ڕەوای کورد کەڵک وەردەگرێت، کەواتە ئەگەر سەرکەوتن لە گرەوی ناسینی خۆمان و دوژمن بێت دەبێ بزانین کە ئاوەزی ناوەند (هەر لایەنێک بێ) بۆ کورد و کوردستان چییە و چۆن بیر دەکاتەوە.

# بایەخی مێژوویی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ و میراسی سیاسی ئەوان بۆ ئێمە

ئیبراهیم لاجانی

بەشی دووهەم

### تەجرووبەو ڕابردوو

لـە زمانـی کوردیـدا بـاس لە ئەزمـوون و تاقیکردنەوە و تەجروبە دەکەین. مەبەسـت لەوان بریتی لە تەئسیری تێپەڕینی زەمان لەسـەر زەیـن و مێنتالیتـە و بیرگـەی کەسـۆکی و میللی و بەکۆمەڵی ئێمەیە چوونکـە ئـەوە هۆریزۆنـت و دونیابینـش دەگرێتـەوە. لـە هەمـوو کولتووره‌کانـدا تەجرووبـە نرخی هەیـە و جێی ڕێـزە. لـە گوندەکانی ئەفریقـادا کـە ئینسـانێکی بەسـاڵاچوو دەمـرێ، بـە کارەسـات لـە قەڵـەم دەدرێ. وەک ئـەوە وایـە کـە لـە ستۆکهۆلم یـان هێلسـنکی کتێبخانـەی گەورەکێک بسووتێ، مەبەستم لە بایەخی ئەزمـوون و تەجرووبەیە. دەکرێ ئەزموون ناوێکـی دیکـەش بێـت بۆ هەڵە. ئینسـان بـە کەڵکوەرگرتن لـە تەجرووبە لە قوڵایی ئەشـکەوتەکانەوە توانیویەتـی بێتـەدەر و سـواری پشـتی دەریـا و ئۆقیانەسـەکان بـێ و بفرێتـە سـەر مانـگ و ئاسـمانە دوورەدەسـتەکان. چۆن؟ بە کەڵکوەرگرتن لـە تەجرووبـە باشـەکان و دوورکەوتنـەوە لـە تەجرووبـە خراپـەکان. دوو جـۆرە تەجرووبەمـان هەیە، تەجرووبەی کارسـاز، تەجرووبـەی نەرێنـی. ئەزموونـی سـازندە لـە سـەرکەوتنەوە دێ و بـە دەسـکەوت دادەنـرێ. تەجرووبـەی نێگەتیڤیـش لـە شـکان و ناکامییـەوە دێ و وەک پەنـد و عیبـرەت سـەیر دەکرێ.

مانایەکـی دیکـەی ئەزمـوون، ڕابـردووە. ئێمە بەرهـەم و پرۆدیوکتـی ڕابردوویـن. ئاکام و درێژەی ڕابردووین.

ڕابردوو ئەوەیە کە ڕووی داوە. دەسـکاری ناکـرێ بـەڵام ڕابـردوو شـوێنەواری لـە سـەر ژیـان و ڕەفتـار و چارەنووسـی ئێمە هەیـە. ئـەوەش بـەوەوە بەسـتراوەتەوە کـە چۆنی تەماشا دەکەین و چۆنی کەڵک لێوەردەگرین.

ڕابـردوو بەشـێوەی جۆراوجـۆر کەڵکـی لێوەردەگیـرێ. دەکـرێ ڕابـردوو بەلاڕێـدا ببەیـن، دایتاشـین، بەکەیفـی خۆمانـی لێکیدەینـەوە، بیشـارینەوە، لێی زیادکەین، لێـی کـەم کەینـەوە، بیرازێنینـەوە، دایبهێنیـن، دووبارە و چەندبارەی کەینەوە، دیسـان بەرهەمـی بێنینەوە. دەکـرێ تێیدا ڕاوەستین و بچەقین.

چۆنیەتـی ڕەفتـار لەگـەڵ ڕابـردوو، بەسـتراوەتەوە بـە ڕادەی پوختەیـی و پێگەیشـتوویی ئینسـانەکان و کۆمەڵگاکانـەوە. دەکـرێ ڕابـردوو بـە ئاکامـی ژیـان بزانیـن، دەکـرێ وەک سـەرەتایەکیش بـۆ ئاینـدە و سـبەینێیەکی باشتر و چوونەپێش سەیری بکەین.

ئایـا تەجرووبـە وەک ڕابـردوو چـۆن دەبینیـن؟ چـۆن هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ دەکەیـن؟ مەبەسـتمان لە ڕابـردوو چییە؟ ڕابردوو تا کوێ دەبەین؟

بـە عەینەکـی حیزبـی و سیاسـی و ئیدئۆلۆژیـک سـەیری ڕابردووکردن، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئێسـتا و داهاتـوو بکەینـە قوربانـی ڕابردوو. ئینسـانەکان و کۆمەڵگاکان و ئەحزابیـش ڕاحەتترن کە لـە نێـو ڕایەڵکە و ئەشـکەوتی دابونەریتە باوەکاندا بمێننەوە؛ ئەوە ڕەمەترسییە.

ڕوانگەیەکـی دیکە بۆ ڕابردوو بریتییە لە ڕوانگەی زیندوو کە ڕابردوو بە سەنتێری ئەزموونـەکان دەزانـێ. ئـەو ڕوانگەیـە داوێنـی تەجرووبـە لـە مێـژوو و جوغرافیادا بەریـن دەکاتـەوە. لێرە ڕابردوو تەنیا چرای ڕۆیشـتن بـەرەو ئێسـتایەکی باشـتر و ئایندەیەکـی ڕوونتـر و دڵخوازتـرە. بـەڵام قـەت ئـەو چرایـە هێندەش بەهێـز نییە کە شـەوقەکەی چاوەکانمان تووشی نابینایی بـکا کـە نەتوانین بەرپێی خۆمان و ئاسـۆ دوورەکان ببینین.

مەسـەلەیەکی دیکـە ئەوەیـە کـە بـەو ڕابـردووەوە دەمانهـەوێ بـۆ کـوێ بچیـن؟ دەمانهەوێـت چ بکەیـن؟ چـۆن ڕەفتـار لەگـەڵ دەرسـەکان و تەجرووبـەکان دەکەیـن؟ ڕابـردوو دەتوانێـت ئامادەسـازی بێـت بـۆ داهاتوویەکـی ئاگاهانـە. ئـەوە باشـترین کەڵکوەرگرتنـی زانسـتییە لـە ڕابردوو یانی ڕابردوو سەرەتایەک بێت بۆ داهاتوویەکی باشتر.

### بزووتنەوەی ساڵەکانی ١٣٢٤ - ١٣٢٥ی هەتاوی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و میللی و کۆمەڵایەتی

٧٥سـاڵ لەمەوبەر بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسـی و دێموکراتیـک و نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا سەری هەڵدا و توانـی تەکانێکـی گـەورە بـە میللەتی کـورد بـدا. ئـەو بزووتنەوەیـە ئاکامـی وشـیاری و بێـداری و ئاگاهـی میللـی و نەتەوەیی ڕۆڵەکانی کوردسـتان بـوو. چوارچێوەیەکـی سـازگار و موتەناسـبی سیاسـی بۆخـۆی دۆزییـەوە و لە شـکڵی حیـزب و ڕێکخـراوی سیاسـی مۆدێرندا، خۆی ڕێکخست. ڕزگاری و بەختەوەری و ئـازادی کوردی لـەوەدا دیت کە کورد ئـاڵای حاکمییەتـی میللـی خـۆی بـەرز بکاتەوە و مافی چارەنوسی خۆی دیاری بـکات و حکومەتـی خـۆی بـۆ ئیدارەی نیشـتمانی خـۆی دامەزرێنـێ و خـۆی باوێتە سەر خولگەی مۆدێرنیتە.

ئامانجی ئـەو بزووتنەوەیـە بریتـی بوو لە نوێکردنـەوەی کۆمەڵگای کوردسـتان و هێنانـەدەری لـە زەلـکاوی دواکەوتوویـی هەمەلایەنـە و چەوسـانەوەی سیاسـی و بێبەشـی لـە مافـە نەتەوایەتییـەکان. لـە ماوەیـەکی کورتدا کـورد توانی ڕێگای دەیان و سـەدان سـاڵە بە سـاڵێک ببڕێ، بۆیە ئەو بزووتنەوەیە بە حەق بە سەرەتای بێـداری و ئاگایـی میللـی کـورد لـە سـەردەمی نوێدا بە حیسـاب دێـت. ڕۆڵە هۆشـیار و خەباتگێڕەکانی کوردسـتان، کوڕوکچـی سـەردەمی خۆیـان بوون و لە هەلومـەرج و زەرفیەتەکانـی سـەردەمی خۆیان کەڵکیان وەرگرت و توانیان زەنگی کاروانی بزووتنەوەی میللی و نیشـتمانی کـورد لێـدەن و ئەو کاروانە لە سـەردەمی شـەڕی دووهەمـی جیهانیـدا وەڕێ بخەنـەوە. ئـەوە بـە گەورەتریـن شـاکاری ئەوان لە قەڵەم دەدرێ.

### میراتی ٢٦ی سەرماەز بۆ ئێمە چییە؟

ئامانجـی بزووتنـەوەی سـاڵەکانی ٢٤ و ٢٥ی هەتـاوی بریتـی بـوو لـە ئازادی کوردستان و ڕزگارکردی میللەتی کورد لـە سـتەمی نەتەوایەتـی و دواکەوتویـی هەمەلایەنـەی سیاسـیی و کۆمەڵایەتی. ئـەوە میراتی سیاسـی ئـەو بزووتنەوەیە و ئەرکـی ئێمـە لـە هەلومەرجـی ئێسـتادا ئەوەیە کە ئەو پرۆژەیە بەرینە پێش. نابێت بهێڵین تووشـی نوشسـت بێـت و بەلاڕێدا. لە سەرمانە لە پەیامی ٢٦ی سەرماوەزدا قـوڵ ببینـەوە، باشـتر لێـی تێبگەیـن و چاکتـر دەرکی بکەین. دەبێ بڵێم ئەوەی ٧٥ ساڵ لەمەوبەر باوک و باپیرانی ئێمە بـۆ کۆمەڵگای کوردسـتانیان دەویست، بـە هـۆی ئاڵوگـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەشـێکی وەدی هاتـووە. پێوەندییـە دەرەبەگایەتییـەکان هەڵوەشـاون، میللەتی ئێمـە ئێسـتا تا ڕادەیەکی زۆر خوێندەوارە. چینـی نێونجـی کـورد کـە لـە هەمـوو دونیـادا، ماتـۆڕی شـۆڕشی میللـی و نیشـتمانی و ڕزگاریخوازانەیە، پێگەییوە. شارنشـینی سـیمای دیـاری کۆمەڵگای کوردییـە. کـورد خاوەنـی وشـیاریی میللـی و نەتەوەییـە. مانـای ئەوەیـە کە زەمینـە و هەلومەرجی زەینی و عەینی بـۆ خەباتـی ئێمـە ئێسـتا زۆر ئامادەترە. کاکڵ و جەوهـەری بزووتنـەوەی میللـی ئەمـڕۆ لـە کوردسـتان بەدەسـتەوەگرتنی دەسـەڵاتی سیاسـی و ڕزگاری لە سـتەمی نەتەوایەتـی و دێموکراتیزەکردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگای کوردستانە.

ئەوە ئامانجی کاری سیاسـی ئێسـتامانە لە کوردستان. وەفاداری بە میراسی ٢٦ی سـەرماوەز ئەوەیـە لـە دەوری ئەو ئامانجە سیاسـییە کۆببینەوە و بەرەوپێشی بەرین. ڕێـڕەوی مێـژوو پێچاوپێچـە و پڕیەتـی لـە هـەوراز و نشـێو و تەنانـەت کۆسـپ و تەگـەرە و کەندولەندیـش. بۆخۆمـان ئەوەمـان لـە مێـژووی ئـەو ٧٠سـاڵەی میللەتـی خۆمانـدا تاقیکردۆتـەوە بـەڵام دەبـێ بزانین کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، دینامیـزم و جەرەیانی پێشـکەوتن و بەرەو ئـازادی ڕۆیشـتن هەیـە و لەژێر پێسـتی کۆمەڵگادا لەحاڵـی جووڵـەی خۆیدایە. جارجـار دێتـە سـەر و خۆی نیشـان دەدا، ئەگـەر فەزای لەباریشـی وەدەسـتنەکەوت دەچێتەوە ژێرەوە بەڵام هەرگیز لە وەسـتان ناکەوێت. ئـەوە بۆ میللەتـی ئێمەش هەر ڕاستە.

ئێسـتا ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسـی و فەرهەنگی بۆ چوونەپێشـی بزووتنەوەی کورد زۆر ئامادەترە. خەڵکی کوردسـتان بـە ماف و ئازادییە ئینسـانی و میللییەکانـی خۆیـان باشـتر ئاشـنان. کۆمەڵـگای مەدەنـی لـە کوردسـتان پێگەییـوە و سـەرەڕای ئـەو هەمـوو زەبروزەنگـە کـە لەسـەریەتی چـالاک و زینـدووە. ژنـان، لاوان، خوێنـکاران، کرێـکاران و مامۆسـتایان، داینەمـۆی کۆمەڵگای مەدەنین .

ناسـیۆنالیزمی کـورد واقعیەتێکـی مەوجـودی ناوچەیـە و بۆتـە پارامێتـر لەسـەر مەنتیق. عەداڵەتـی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵـگای بـە ئینسـاف و ڕەفاهـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و تەندرووسـتی بونەتـە دروشـمی کاری سیاسـی و داخـوازە سیاسییەکانی خەڵـک یانـی خەڵک ئازادی و دێموکراسی و ڕزگاری لە سـتەمی نەتەوایەتیشیان بۆ ئەوە دەوێ کە ژیانێکی شیاوی ئینسانی سەردەمیان هەبێ و لە خۆشبژێوی و ئازادیدا بن.

لـە کۆمەڵگای ئەمـڕۆی کوردسـتاندا دەیـان و سـەدان هـەزار مامۆسـتا و خوێنـدکار و سـەنعەتگەر و بزنسـمان و بازرگانمـان هـەن. بە هـەزاران نووسـەر و وەرگێـڕ و ڕۆژنامەنـوس و پێداگـۆگ و سیکۆلۆگ و سۆسیۆلۆگ و پەرستار و دوکتور و زانا و شارەزای بوارە جۆراوجۆرە زانسـتی و ئەکادیمییەکانمـان هـەن. زۆربەی حەشـیمەتی ئەمڕۆی کوردستان لاوە. ژنان و کچانی کوردستان لە خەوی نەزانـی و دواکەوتوویـی ڕاپەریـون. بـە هەزاران باخچەی سـاوایان، کودەکسـتان، قوتابخانـە و زانکـۆ و زانسـتگا و ناوەنـدی ئەدەبـی و هونـەری و فێربـوون و پەروەردەییمـان لـە شـاروگوندەکانی کوردسـتاندا هـەن کـە سـاڵانە هـەزاران هـەزار کوڕوکچـی ئـەو کوردسـتانە لـە ڕشـتە جۆراوجۆرەکانـدا پەروەردە دەکەن و بـۆ ژیـان و ئـازادی و خەبات و بەرخۆدان ئامادەیـان دەکـەن. هیـچ ماڵێکـی کوردسـتان نییـە سـەتەلایت و ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی تێـدا نەبێت. بە دەیان و بگرە سەدان هەزار کەس لە کوردستان هەن کە کەڵک لە مۆبایل، فەیسبووک، تویتەر، یوتیوب، ئیمەیل و ئێسـێمێس و ئینتەرنێت وەردەگرن و بۆ ژیان و خەبات و یادگیری و پێوەندی و خۆسازماندان بەکاریان دێنن. ئەوە تەنیا گۆشەیەکی ئەو ڕاستییەیە کە ئەمڕۆ لە کوردسـتاندا هەیە. زۆر حیزب و ڕێکخـراوی سیاسـی و دەیـان و سـەدان کۆڕوکۆمەڵـی فەرهەنگـی و سـینفی و ئەدەبـی و هونـەری سیاسـیمان هـەن کـە بەشـێکی زۆری کۆمەڵـگای ئاکتیڤـی کورد لەنێو ئەواندا خۆی سازمان داوە.

بە دەیان و سەدان و هەزاران کوڕوکچی کوردسـتان لـە زانکۆکانـی شـارەکانی دەرەوەی کوردسـتاندا، دەرس دەخوێنـن و گـەرووی هـاواری حەقانیەتـی بزووتنـەوەی کوردسـتانن. هەمـوو ئەوانـە پێکـەوە دینامیزمی چوونەپێشی خەباتی ڕەوای میللەتـی ئێمـەن. پەیامـی ٢٦ی سـەرماوەز ئەوەیـە کـە هەمـوو ئـەو هێزانە لـە چوارچێـوەی بزووتنـەی میللـی و دێموکراتیکـدا هاوهاهەنگتـر کەیـن و کارابیەکانیـان بەرینەسـەرتر و لـە پرشوبڵاوی و ئەتۆمیزەبوون بیانپارێزین.

پەیـام و میراسـی ٢٦ی سـەرماوەز بـۆ ئێمـە ئەمـڕۆ ئەوەیـە کـە هەمـوو کۆمەڵـگای کوردسـتان، لـە دەوری دیسـکۆرس و ویژمانێکی کوردسـتانی و دێموکراتیـک کۆ کەینەوە. یانی هەموو کۆمەڵگای کوردسـتان بـەرەو هاودڵـی و هاوڕایـی میللی و کۆنسێنسـوس بەرین. ئـەوە ڕیسـالەتی ئەوەڵ و ئاخری حیزبی ئێمەیـە و ئێمـە تاسـەر بـەو پەیمانـە کـە بـە میللەتەکەمانمـان داوە بۆ بردنەپێشی ئـەو خەباتـە، وەفـادار دەمێنینـەوە. ئەوەیە دەرککردن و تێگەیشـتنی سەردەمیانە، لە پەیامی ٢٦ی سەرماوەز.

ڕوانگـەی درووسـتی مێژوویـی بـۆ کەسـایەتی و ڕووداوە مێژووییـەکان، هەڵوێسـت و ڕەفتـار و ڕوانگـەی درووسـتی سیاسـی لێدەکەوێتـەوە واتـە چەنـدە بـە سیاسـی و حیزبـی و ئیدئۆلۆژیـک کردنی تاریخ نادرووسـتە، هـەر بەو ئەنـدازەش دیتنی کەسـایەتی و ڕووداوە تاریخییـەکان لـە ڕوانگەیەکـی مێژووییـەوە، بەکەڵـک و درووسـت و حیسـابییە. بۆیە دەبێ تێبکۆشین ڕووداوە سیاسـییەکانی مێژوومـان، کەسـایەتییە سیاسـییەکانمان، ڕۆژە تاریخییەکانمـان، شـی بکەینـەوە، شـرۆڤەیان بکەیـن، سـنوورەکانیان دەستنیشان بکەین و دەرس و پەندو عیبرەت و ئیلهام و سەرمەشقیان لێوەرگریـن نەریتـی ٢٦ی سـەرماوەز و میراتـی بریتییـە لـەو فەرهەنگـی ئازادیخـوازی و ڕزگاریخوازییـەی کـە لـەو ڕووداوانـەوە بۆمـان ماوەتـەوە و بۆتە لۆکۆمۆتیـڤ و کۆمەڵگای ئێمە دەباتە پێش. ئێسـتا ئەرکـی ئێمـە ئەوەیـە ئـەو میراسە دەوڵەمەندتر بکەین.

کۆماری ئیسـلامی هیـچ داهاتوویەکی نییە. لە سەرتاسەری مێژوودا هەروا بووە. ئیمپراتۆرییە گەورەکان لە ژێر قورسـایی گەندەڵـی خۆیانـدا ڕووخـاون. تاعونـی گەندەڵـی وەک خـۆرە سـەرتاسـەری سیستمی کۆماری ئیسلامی تەنیوەتەوە. مێـژوو نیشـانی داوە، هیـچ پەیکەرێکـی سیاسـی خۆرەلێدراو، گیانی سالم بەدەر نابات. دەوڵەتی عوسمانی، ڕۆمی قەدیم، دەوڵەتی سەفەوی و لە سەردەمی تازەشدا زۆر نموونـەی دیکەمـان هـەن. ٣٠ سـاڵ لـە ژیانی مرۆڤێکی وەک ئێمەدا زۆرە، بەڵام لە تاریخدا، لە مێژووی میللەتێک و وڵاتێـک و ناوچەیەکـدا لەحزەیەکـی کەمـە. شـەڕی دووهەمـی جیهانـی هیتلـەر لـە هەمـوو بەرەکانـدا پێشـڕەوی کـرد و چـووە پێـش، بـەڵام لـە نیهایەتـدا شـەڕەکەی دۆڕانـد. ئـەوە بـۆ کۆمـاری ئیسـلامیش هەروایـە. ئەمـڕۆش بـۆ ئێمە هەروایـە لەو خەباتەدا سـەرەنجام میللەتی ئێمـە سـەردەکەوێت. ئاخـر بزووتنـەوەی میللی ئێمە لایەن و شـێوەی جۆراوجۆری هـەن. کانـی خەلاقیەتـی ئەدەبـی و هونـەری و ڕۆشـەنبیری کـوردی لـە سەرتاسـەری کۆمەڵگای کوردستاندا لە تەقینەوەدایە. وەک باسـم کرد بە دەیان و سـەدان ئەنجوومەنی ئەدەبی و هونەری و ڕووناکبیری، شـاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و مۆسـیقار و گۆرانیبێـژ و فۆلکلۆروێـژ و شانۆکار و پەیکەرتاش و ڕۆژنامەنوس لە کوردسـتاندا لـە حاڵی کار و خەباتدان و سـەرەڕای سانسـۆر و سـەرکوت و خەفەقـان، زمـان و ئـەدەب و هونـەری کـوردی دەبەنـە پێش. ئەوە سـەنگەرێکی گرنـگ و گـەورەی خەباتـی میللەتـی ئێمەیـە و یەکێـک لـە ماتۆڕەکانـی بردنەپێشی بزووتنەوەکەشمانە.

ئـەم ڕێژیمـە هیـچ مەشـڕوعیەتێکی سیاسـی و ئەخلاقـی نییـە. سـەرکوت و قەتـڵ و زینـدان و کەڵکـی خـراپ وەرگرتـن لـە نـەوت و گازی وڵاتەکەمان و کەڵکاوەژۆووەرگرتن لە دین و مەزهەب و قورئانـی لێوەرگرییـەوە، یەک ڕۆژیش ناتوانـێ لەسـەر پـێ ڕاوەسـتێ. ئـەو وەزعـەی لە ناوچـەدا پێکی هێناوە، هیچ بەمانـای سـەرکەوتن و بەهێـزی ڕێژیـم نییـە. بە بەهـای هەڕاجکردنـی قازانج و بەرژەوەندییەکانـی وڵاتەکەمان و گەلانی وڵاتەکەمان، بە بەهای بەفیڕۆدانی نەوت و گـازی ئێـران توانیویەتـی پشـتیوانی و وەفـاداری و یـاوەری سیاسـی ناپایـەدار بـۆ بردنـە پێشـی سیاسـەتەکانی خـۆی و لەسـەر دەسـەڵاتمانەوەی خـۆی بکڕێـت و ئێـران بکاتـە بـازاڕی قاڵکردنـەوەی چەکوتەقەمەنی لەکارکەوتووی ڕووسـی و چینـی. بەڵام ئاخر ئەم ڕێژیمە تاکەی و تـا چەنـد دەتوانـێ، بەرگـەی زەبـری کۆمەڵگای ڕوو لە گەشـەی کوردسـتان و سـەرتاسـەری ئێـران بگـرێ؟ تاکـەی دەتوانـێ زیاتـر لـە ٨٠ میلیـۆن کەس لە خەفەقـان و زینـدان و نـەداری و فەقـر و مەینەتبەشـی و لـە داوی ئیسـتبدادی ڕەشی مەزهەبیدا ڕابگرێ؟

بەخوێندنەوەیـەک کـە لەسـەر مێـژوو و دونیـای گلۆبـاڵ هەمـە، بـەو ڕۆحیاتـە خەباتگێرانـەوە کـە لە میللەتـی خۆماندا دەیبینم، چاک دەزانم کە ئەم وەزعە سەخت و دژوارەی دەیبینین، زۆر ناکێشـێ. ئاخر تا لەو لایە فشار و زەبروزەنگ و سەرکوت و خەفەقـان زیـاد دەکات، لـەو لاوەشـەوە، تێکۆشـان و خەبـات و بەربەرکانیـش پتـر پەرە دەگرێ. لەو هاوکێشـەیەدا گەلێک فاکتـۆری گرنـگ هەن کە کەس ناتوانێ وەبەرچاویان نەگرێ. ئاگاهی و وشیاریی سیاسـی و نەتەوایەتـی. خەڵـک بەردەوام لەبەردەم شـەپۆلەکانی شنەبای ئازادی و ئاگاهیـدان کـە لە میدیای هاوچەرخەوە پێیـان دەگات. میدیایـەک کـە هەمـوو کـەس و ناوچـە و وڵاتەکانـی پێکـەوە گرێداون و هیچ سانسـۆڕ و خەفەقانێک ناتوانێ لە کاریگەرییەکەی کەم کاتەوە. بـەو پێیـە میدیـا بۆخـۆی چەکێکـی گرنگی ئەو خەباتەیە.

لەلایەکـی دیکـەوە خەڵـک لەگـەڵ نەخشـی سـندوق و ئینتیخابات ئاشنابوون و دەزانـن کـە مەشـرووعیەتی دەسـەڵاتی سیاسـی تەنیـا لـە هەڵبژاردنیکـی ئـازاد و دێموکراتیکدایـە. ئـەوە سـەرەنجام لـە کوردسـتانیش کاری خـۆی دەکات و خەڵـک هـەر لـەو ڕێگایـەوە ویسـت و داخوازەکانی خۆیان دێننەدی.

هێزێکی کاریگەری دیکە لە کوردستاندا سـەری هەڵداوە کە پێشـتریش باسم کرد. بـەڵام لەبـەر فاکتۆربوونـی کەمێکتـر هەڵوێستەی لەسەر دەکەم. ئەویش لاوانی کوردسـتانن، ئەوانە چاوکـراوە و ئاگاهن و ناشـیانهەوێت لـە ڕابـردوودا بژیـن و بمێننـەوە؛ بـەڵام دەیانهـەوێ لێی فێربن و ئـاگاداری بـن. ئـەوان خاوەنـی تۆڕێکی گـەورەی پێوەندین و هێزی ئەوان لەوەدایە کـە بەتـەواوی لە کۆماری ئیسـلامی و سیاسـەت و ئیدەکانی دابڕاون و لە شـەڕ و ململانێـی ئیدئۆلۆژیـک و سیاسـی نێـو هێـزە سیاسییەکانیشـمان دوورن و لەو قاوغە تەنگانەدا هەڵناکەن و بەرزهیممەت و بەرزەفـڕن. پایـەگای ئەوانـە زانکۆکان و قوتابخانـەکان و ناوەندەکانـی دیکـەی کارو بەرهەمهێنانـە. ئەوانـە یەکێکـی دیکـە لـە ماتۆڕەکانـی چوونەپێشـی بزووتنـەوەی کوردسـتانن کـە شـەووڕۆژ ڕێژیـم و سیاسـەتەکانی لەگەڵ چەلێنج بەرەوڕوو دەکـەن. وەک وتـم چینـی نێونجـی کورد لە کوردسـتاندا پێگەییوە، دێموکرات و سیکۆلارە. هیچ قازانجێکی لـە مانـەوەی ئـەو وەزعـەدا نییـە و مانی خـۆی لـە چوونەپێـش و سـەرکەوتنی بزووتنەوی کوردسـتاندا دەبینێ و ڕوو لە گەشـە و هەڵـدان و داهاتـووە و شـکڵ بە ئاینـدەی کوردوکوردسـتان دەدا. پێگـەی جەماوەریـی تەشـکیلاتی حیزبـی ئێمەش زۆرتـر ئەو خەڵکەیـە. لەلایەکی دیکەوە، بیروڕای گشـتی و پەبلێـک ئۆپنیۆن لە کوردسـتاندا درووسـت بـووە. هـەر چەنـد چاک نابینرێ بەڵام قورسایی خۆی هەیە و زۆرجار و لە زۆربواردا ڕێژیمی ناچار بە پاشەکشـە، تەسـلیم بوون یا دەستگێڕانەوە لە ئەنجامدانـی جینایەت کردووە. لەوەش زیاتـر بیروڕای گشـتی ناوچـە و دونیاش هـەر بەقازانجی ئێمە و خەباتەکەمان کار دەکات. ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی پێشـوەخت فڕێدراوەتـە زبڵدانـی مێـژوو. هیـچ شـتێک ناتوانـێ مەشـڕوعیەتی بداتـێ. کۆماری ئیسـلامی زۆری هەوڵ دا و هەوڵ دەدا کە سـیمایەکی ئینسانی لـە خـۆی نیشـان بـدات و خـۆی وەک حکومەتێکـی ئیسـلامی کارا بناسـێنی کە دەتوانێ وەک سیسـتمێکی ئیسلامی حکومەتداری بکات. بەو هەموو وەختەوە کـە پێیدرا، بەو هەمـوو ئیمکاناتە مادی و ئینسـانییە کـە وڵاتێکـی وەک ئێران دەتوانێ بیداتە هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، نەیتوانیـوە لـە مۆدیلـی تالیبـان و داعش تێپـەڕێ؛ بۆیـە هیـچ کـەس ئومێدی بە ڕیفۆرم و چاکسـازی لەو سیستمەدا نیە. ئەوانـەی هێشـتاش لەوبـارەوە ئومێدێکیان هەیە، لەڕاستیدا ئەوانەن لە مانەوەی ئەو ڕێژیمەدا بەهرەی جۆراوجۆر دەبەن.



# پارلمانی خۆجێیی لە سیستمێکی نادێمۆکراتێکدا

ئیسماعیل زوورمەند

بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە نیوەی دووهەمی دەیەی ٧٠ی هەتاوی، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی خێرای پیلانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و کاروباری ئاسایش و خۆشگوزەرانی خەڵک، پرسی بەڕێوەبەرایەتی شار، کە بە «شورای شار « یا «پارلمانی خۆجێیی» ناوی دەرکردووە و بە قەولی خۆیان چەندین ساڵ بوو پەراوێز خرابوو، هێنایە بەرباس و هەر لەو ڕاستایەدا، ڕێکەوتی ٧ ڕەشەمەی ١٣٧٧ هەتاوی، یەکەمین شانۆی هەڵبژاردنی شوراکانی گوند و شاریان بەڕێوە برد و تاکوو ئێستا پێنج دەورە و بڕیارە لە ساڵی داهاتوودا، شەشەمین دەورەی ئەو شانۆیە بەڕێوەبچێت. هەڵبژاردنی شارەدار، پەسندکردنی خەزێنەی شارەداری و چاوەدێری بە سەر کاروکردەوەی شارەدار، ئەرکی شورای شارە. شارەدار، بە کەسێک دەوترێ کە بە تەواوی بەڕێوەبەرایەتی شاری لە ژێر ڕکێڤدا بێت. ئەو ناوەندە لە ئێراندا ناوەندێکی گشتی، غەیرەدەوڵەتی، خۆجێیی و خۆبەڕێوەبەرە کە لە خەزێنەی دەوڵەتی کەڵک وەرناگرێ و دەبێ لەو داهاتەی کە لە خەڵکی شار بە شێوەی جۆراوجۆر وەک مالیات وەردەگیرێ، خۆی بەڕێوە بەرێ و ئەو داهاتەش لە لایەن شورای شارەوە پەسند بکرێ.

شارەدار و شورای شار، وەک بەڕێوەبەری شاری، کە لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان بەتایبەت وڵاتانی دێموکراتیک، ڕۆڵی سەرەکیان لە بەڕێوەبردن و گەشەسەندنی شاردا هەیە، ئەوڕۆکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بۆتەوە کە پێکهاتەی سیاسی زاڵ بە سەر ئەو وڵاتەدا، هۆکاری سەرەکی ئەو کێشانەیە. دوای پتر لە دوو دەیە بە سەر بوونی شورا لە شارەکانی ئێران و کوردستان، نەتەنیا شارەکان شاهیدی هیچ گەشە و پێشکەوتنێک نەبوون، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر، کێشە و گرفتەکانی شار، ڕوو لە پەرەسەندنە و کۆمەڵێک قەیران بەرۆکی شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتووەتەوە کە نەتەنیا هیچ پلانێکیان بۆ چارەسەرکردنیان نییە بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر قەیرانەکان قووڵتر و قووڵتر دەبنەوە. لەو ڕاستایەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند کێشە لەو کێشانە دەکەم کە بەرۆکی شار و شارۆچکەکانی ئەوڕۆی ئێرانیان گرتووەتەوە.

یەکەم، شار پێکهاتەیەکە لە خەڵک و جەستەی شار. تاوتوێ و لێکۆڵینەوە لە سەر خواست و ویست، پێداویستی و ژان و ئازارەکانی مرۆڤ، یەکێک لە سەرەکیترین و گرینگترین باسەکانە کە شورا و شارەدار وەک بەڕێوەبەرانی شار دەبێ گرینگییەکی تایبەتی پێ بدەن. بەڕێوەبەرانی شار لە ئێراندا نەتەنیا هێچ بایەخێک بەم بوارە نادەن، بەڵکوو شورا و شارەدار وەک بەڕێوەبەرانی شاری، کارەکانی لە جەستە و فیزیکی شاردا قەتیس کردۆتەوە و بە کردەوە ئەم بابەتە پەراوێز خراوە و ساڵانە لە ناوەندەوە ئامارگەلێک بڵاو دەبنەوە کە دوورن لە ڕاستی و دەرخەری ڕاستی کۆمەڵگا نین. ئەوە ئەرکی بەڕێوەبەرانی شارە کە ئاگاداری دەرد و ژان و ئازاری خەڵکی شارەکان (وەک بێکاری، هەژاری، کۆچ، خۆکوژی، پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و جیاییەکان، گیرۆدەیی بە مادە سڕکەرەکان، زاوزێ و هتد... ) و هۆکارەکانی ئەو دیاردانە بن و مانگ بە مانگ، وەرز بە وەرز بە شێوەی ڕاپۆرت، زانیاری بە شارۆمەند و دەسەڵات بگەیەنن و بە هاوکاری هەمەلایەنە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدەن.

دووهەم بە سەرنجدان بەوەیکە بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە و نەهادەکان بۆ وێنە (ئاو، کارەبا، گاز، موخابەرات، ڕێگاوبان، ژینگە) لە کاروبار و بەڕێوەبەرایەتی شاریدا ڕۆڵیان هەیە و هاوئاهەنگییەکی زۆر لاواز لە نێوانیاندا هەیە، بە کردەوە، شورا و شارەدار لە بەشێکی بچووکی جەستەی شاردا دەتوانن دەستێوەردان و پلاندارێژ بن. بە واتایەکی دیکە کۆنترۆڵ و بەڕێوبەری تەواویان بە سەر شاردا نییە و دەتوانین بڵێین کەمتر لە پەنجا لەسەدە.

سێهەم ئەوەیکە ناوەندە نیزامی و ئەمنییەتییەکان وەک (سوپای تێرۆریستی پاسداران، ئەرتەش، هێزی ئینتزامی، ئیتلاعات، بەسیج) بە بێ گوێدان بە بەڕێوەبەرانی شار، ئەوڕۆکە لە ئێراندا دەستیان بە سەر شارەکاندا گرتووە و باشترین زەمینەکانی شاریان، لە ناوەند و پەراوێزی شاردا کە لە زۆر شوێنی دەگاتە چەندین هێکتار لە ژێر ڕکێفی خۆیان ناوە و خاڵی سرنجڕاکیش ئەوەیە کە ئەو ناوەندانە لە هەر شوێنێک ئیرادە بکەن دەتوانن بە بێ گوێدان بەوەیکە شوێنەکە (کاربری) گونجاوە یا نا، زەمینەکانی شاری داگیر دەکەن. ئەمە لە حاڵێکدایە ٢٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی شارەکانی ئێران پەراوێزنشینن و لە شوێنە نافەرمییەکان نیشتەجێن و سەرانەی نیشتەجێبوون، فەزای سەوز، ئامووزشی، خۆشگوزەرانی، ڕێگاوبان، لەگەڵ پێوەرە ستانداردەکان مەودایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە.

چوارەم ئەوەیکە ئەو تەرح و پلانانەی وەک (جامع، تەفسیلی، هادی) کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەوڕۆی شارەکانی ئێران کەڵکیان لێوەردەگیرێ، پلانگەلێکی دواکەوتووانەن کە چەندین دەیە لەوە پێش لە وڵاتە گەشەسەندووەکان کەڵکیان لێوەر دەیگیرا و ئەو پلانانە ئەوڕۆکە وڵامدەری حەشیمەتی زۆری شارەکان و خواست و ویستەکانی خەڵک نین. سەرەڕای ئەو هەموو قەیرانە کە بەرۆکی شارەکانی ئێرانی گرتۆتەوە، ئەمرۆکە بە دەگمەن شار و شارۆچکەیەک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرچاو دەکەوێت کە هەم شارەدار و هەم بە ناو نوێنەرانی خەڵک (شورای شار) تووشی گەندەڵی و دزین و تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵک نەبن و لەو پێوەندییەدا، هەموومان ڕۆژانە بیسەری هەواڵی جۆراوجۆر لە دەسبەسەرکردنی ئەندامەکانیان و هەڵوەشاندنەوە و هەڵپەساردنی کۆی شورای شار لە سەرجەم کەلێن و قوژبنەکانی ئێران هەین. گەندەڵی لە جەوهەر و ناوەڕۆکی ڕێژیمە سەرەڕۆکان و توتالیتێرەکاندایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو ڕێژیمانەیە . هەر وەک هەموومان ئاگادارین تاقمێک ئەوڕۆکە لە ئێراندا دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە کە توانای وەڵامدانە و چارەسەری ئەو هەموو کێشە و قەیرانانە کە گەندەڵی یەکێک لەوانەیە، نییە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایەی توانیویەتی لە ناوخۆ و دەرەوە پێشی بە کاری ئازادانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زانیاری گرتووە و هەر ئەوەش بووەتە هۆیەک کە پێش بە لەقاودانی ئەو هەموو گەندەڵییە کە لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا بوونی هەیە بگرێ و ئەو هەواڵانەی کە ئێمە ڕۆژانە لە میدیاکانەوە دەیبیستین، تەنیا بەشێکی زۆر کەم لەو هەمووە ڕاوڕووت و دزییەیە کە کۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی گرتۆتەوە. کاتێک باس لە گەندەڵی لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەین، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە گەندەڵی ئەمرۆکە لە ئێراندا تەنیا بە شێوەی بەرتیل یا تایبەت بە ئۆرگان، ڕێکخراوە و ناوەندێکی دەسەڵات نییە، بەڵکوو گەندەڵی گشت پێکهاتەی دەسەڵات و دامودەزگا ئیدارییەکانی تەنیوەتەوە، تا ئەو جێگەی کە بە وتەی پسپۆڕان و خودی لێدوانی بەرپرسانی ڕێژیم، گەندەڵی لە ئێراندا گەیشتۆتە قۆناغێکی سیستماتیک. کاتێک باس لە سیستماتیکبوونی گەندەڵی لە وڵاتێک دەکرێ بەو مانایەیە کە ئەو دەزگا و ناوەندانەی، کە بەرپرسایەتی بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵییان لە سەر شانە، خودی ئەو ناوەندانەش تووشی گەندەڵی و فەساد بوون. دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی «شەفافییەتی نێونەتەوەیی» ئاماژە بەوە دەکا کە پێوەندییەکی چڕوپڕ لە نێوان گەندەڵی و نەبوونی دێموکراسیدا هەیە. بەو واتایە کە، هەرچی وڵاتەکان دێموکراتتر بن، گەندەڵی کەمتر و بەپێچەوانە هەرچی وڵاتەکان سەرەڕۆتر بن، گەندەڵی زیاتر دەبێت. هەر لە ڕوانگەی ئەو ڕێکخراوەیەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری گەندەڵییەوە، یەکێک لە گەندەڵترین و فاسدترین وڵاتانی جیهانە و لەو پێوەندییە و لە ساڵی ٢٠١٩دا، لە نێوان ١٨٠ وڵاتدا، پلەی ١٤٦ی هەبووە.

بەرپرسانی ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی، هەر چەند جارێک دەست بە گرتن و سزادانی کۆمەڵێک بەڕێوەبەر کە لە ئەساسدا ئەوانیش هەر مۆرە و سەر بە خۆیانن، دەیانهەوێ لای خەڵک وا نیشان بدەن کە ئاگاداری باردۆخی ناوەندە بەڕێوەبەرییەکانن و لەگەڵ گەندەڵی بەربەرەکانی دەکەن. بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی بە سزادانی چەندین ئەندامی شورا، هەڵوەشاندنەوە و هەڵپەساردنی شورای شار، لە سەرکارلابردنی شارەدار و سزادان و زیندان و لەسێدارەدانی چەندین گەندەکار و ئاڵوگۆڕی بەرپرس و هاتنەسەرکاری کەسی تازە، نە تەنیا کۆتایی نایە، بەڵکوو گەندەڵی لەو وڵاتە دەکاتە شتێکی باو و متمانە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا نامێنێ و هەر کەسە لە هەر جێگە و پۆست و مەقامێکدایە هەوڵ دەدا زۆرتر لەو هەل و دەرفەتە نالەبارەی کە بۆی ڕەخساوە کەڵک وەربگرێ. بە واتایەکی دیکە ئەوڕۆکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی بەڕێوەبەر و کاربەدەستەکانیان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە هەموو خەریکی گەندەڵین! بۆ ئێمەش نەیکەین؟! هەر بەو پێیە تا ئەو کاتەی تاقمێک لە ئێراندا دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و ئەو تاقمە بە هەر شێوەیەک کە بۆیان کرا و دەکرێ دژی بنەما دێموکراسییەکان وەک: ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان بە هەر بیروباوەڕێک، کێبەرکێی هەڵبژاردنی دادپەروەرانە، ئازادی زانیاری، بوونی ناوەندە مەدەنییەکان، بوونی ڕوونبێژی (شەفافییەت) ڕاوەستن، نەتەنیا گەندەڵی بنبڕ نابێت بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادتر پەرە دەستێنێ و لە وەها دۆخێکدا و لە نەبوونی سیستمێکی دێموکراتیکی سیاسی و بوونی نیزامێکی ناوەندگەرا و یەکلایەنە، سیستمی بەرنامەریزی و پلاندارڕژتنەکان لە ژێر کاریگەری ئەو سیستمە سیاسییەدا دەبێت و هیج کات سیستمی بەڕێوەبەری سەربەخۆی خۆجێیی، بە بوونی شارەدار و شوورای شار پێک نایەت و لە وەها سیستمێکدا ئەندام و بەڕێوەبەر هەر ئەو ئەندام و بەڕێوەبەرە گەندەڵانەیان لێ دەردێ کە ئەوڕۆکە لە ئێراندا بوونیان هەیە. ئەندامەکانی پارلمانی خۆجێیی لە سیستمێکی نادێمۆکراتێکدا بووکەڵەیەکی بەردەستی ناوەندن. و گەیشتن بە دێموکراسی پێویست ناکات ئێمە لە ڕێگەی دیکتاتۆرییە بڕۆین.»



گەندەڵی لە جەوهەر و ناوەڕۆکی ڕێژیمە سەرەڕۆکان و توتالیتێرەکاندایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو ڕێژیمانەیە

وێـــستگه

# ژنانی کورد بە گڕی داگیرکەردا دەچنەوە



نووسین: هێمۆ

لە ١٩ی بەفرانباری ئەمساڵەوە، دیسانەوە، شەپۆلێک لە بێڕێزییەکان بە نەتەوەی کورد و هێما و پیرۆزییەکانی ئەم گەلە لە لایەن ڕێژیمی دژەگەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستی پێکردووەتەوە.

ئەم شەپۆلە بە شێواندنی گڵکۆی هونەرمەندی گەورەی کورد، «محەممەد ماملێ» لە مەهاباد دەستی پێکرد و بە بێڕێزی بە وێنەی شاعێری گەورەی نەتەوەی کورد «مەولەوی کورد» لە سەقز و دواتریش بە بێڕێزیکردن بە وێنەی شەهید «شەریف باجوەر»، گەیشتە شاری مەریوان.

دیارە کە خەڵکی وشیاری کوردستان بۆ هەر کام لەم ڕووداوانە بە چەشنێک هەڵوێستیان نواند و هەوڵی مەحکوومکردنی ئەم کردەوە قیزەونانەی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی ڕێژیمیان دا.

لەم نێوانەدا نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە وەک هەمیشە ژنانی کورد بەشێک بوون لە شەپۆلی نارەزایەتیدەربڕینەکان و بە شێوەیەکی بەرچاو لە مەحکوومکردنی ئەم کردەوانەدا ڕۆڵیان گێڕا.

دیارە بەشداریی ژنان بەتایبەت لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا کە گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵک بە ڕێژەیەکی بەرچاویش زیادی کردووە، زۆر زیاتر لە جارانە و ئەوان زۆر چاونەترسانە لە بۆنە و ڕووداوە گرینگەکان و تەنانەت نارەزایەتییە ڕادیکاڵەکانیشدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن کە ئەمە زیاتر لە هەر شتێک بۆ چوونە سەرەوەی ئاستی تێگەیشتن و ئاوەزی ژنان لە پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەتیش پرسی نەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆیەکی چەند چرکەیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵوێست و دژکردەوەی خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە.

گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆ کە ٢ ساڵ پێش ئێستا لە کاناڵی ٢ی تەلەفزیۆنی فەرمیی دەنگوڕەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڵاو کراوەتەوە و تێیدا پێشکەشکاری بەرنامەکە زۆر بە ڕاشکاوی، جلوبەرگی کوردیی میوانی بەرنامەکە کە ئاستی خوێندەواریشی دوکتورایە، بە جلوبەرگی شوان دەشوبهێنێ و ئاگایانە بێڕێزی بە نەتەوەی کورد و جلوبەرگی کوردی دەکات.

دیارە کە شوان بوونیش وەکوو هەموو ئیش و کارەکانی دیکە، کارە و بە هیچ شێوەیەک نە عەیبەیە و نە دەبێ کەسیش شەرمی لێ بکات، بەڵام وتەی پێشکەشکاری بەرنامەکە ڕێک بە مەبەستی شکاندنەوەی میوانی بەرنامەکە وەکوو کوردێکە و دەیهەوێ وا نیشان بدات کە کورد ناتوانێ لە هیچ ئاستێکی بەرزی زانستیدا بێت و تەنیا و تەنیا دەتوانێ کارێکی وەکوو شوانی بکات کە لێزانی پێویست نییە!

ئەم کارە دژکردەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە، بە تایبەت لە سوشیالمیدیادا و ژنانیش بەشێکی بەرچاو لە نارازییان بوون.

هەندێ کەس بەرگرییان لە میوانی بەرنامەکە کرد کە گوایە نەدەبوو لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆدا بەگژ پێشکەشکارەکەدا بچێت و بێڕێزی بکات و باشترین وڵامی داوەتەوە، زۆر کەسیش ڕەخنەی توندیان ئاراستەی میوانەکە، پێشکەشکارەکە و تەنانەت خودی دەنگوڕەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد کە بۆچی دەبێ بێڕێزییەکی ئەوەندە ئاشکرا لە تەلەفزیۆنی فەرمیی ئێراندا بە نەتەوەی کورد بکرێت؟

دیارە ڕێژەی پۆست و ڤیدیۆ و وێنەکان کە بۆ مەحکوومکردنی ئەم کردەوەیە دانران زۆر زۆر بوون و قسەکردن لە سەر هەموویان و وردبوونەوە لەسەریان دەرفەتێکی گونجاوی پێویستە بەڵام لەڕاستیدا، گرینگترین دژکردەوەیەک کە بینرا ئەوە بوو کە خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانەوە پەیوەست بە نارەزایەتییەکی مەدەنییەوە بوون و بە دانانی وێنەی خۆیان بە جلوبەرگی کوردییەوە و نووسینی پەیامگەلێکی وەک جلوبەرگی ئێمە ناسنامەی ئێمەیە و ئێمە کوردین و زۆر پەیامی دیکە، لە بەرانبەر بیری شۆڤێنیستی و فاشیستیی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستان.

ئەوەی کە لەم نێوانەدا نابێ لە بیر بکرێ، بەشداریی بەرچاوی ژنانی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییان لەم هەڵمەتەدا بوو کە بە شێوەیەکی بەرچاو، هاتنە نێو مەیدانەوە و دانانی وێنەی خۆیان هەم بە نیسبەت هەوڵە سیستماتیکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بێڕێزی بە کورد هەڵوێستیان گرت و هەم بە نیسبەت سانسۆری بەردەوامی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا، هەزاران وێنە بڵاوبوونەتەوە کە جیا لە نارەزایەتییەکی مەدەنی، باس لە نارەزایەتییەکی سیاسیش دەکەن، نارەزایەتی بە قەدەغەبوونی ژیان و بیری فاشیستیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە لە پێناو پەرەپێدانیدا لە هیچ هەوڵێک پاشگەز نابنەوە.

دیارە کە خەڵکی وشیاری کوردستان و بەتایبەتیش ژنان وەک هەمیشە لە مەیدانی خەباتدا، هەنگاوی باش هەڵدەگرن و بەدڵنیاییەوە لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ئەمساڵیشدا بە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و کۆبوونەوە لە گۆڕەپانی شارەکاندا جارێکی تر ئەو پەیامە بە کۆماری ئیسلامی دەگەیەنن کە ئەوان بە ئاگایی و وشیاری نەتەوەییەوە هاتوونەتە مەیدان و ئەگەر بۆ خۆشیان نەبێ، بەدڵنیاییەوە نەوەی داهاتوو وا پەروەردە دەکەن کە تا وەرگرتنی مافەکانیان لە تێکۆشان نەوەستن و بەردەوام بن.

ژنان دەتوانن هێزێکی سەرەکی لە بەچۆکداهێنانی داگیرکەر بن و لەم پێناوەشدا نرخ دەدەن هەروا کە تا ئێستا نرخی زۆر قورسیان داوە.

# «ئازادی، سەربەخۆیی، میری و گەورەیی»١

نووسین و ئامادەکردن:
ئاگری ئیسماعیلنژاد

## بەشی یەکەم

لە پاش هاتنە گۆڕی دەوڵەتی مۆدێرن لە ساڵی ١٣٠٤ لە ئێران و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی پاڵەوی یەکەم، هەرچەند نکۆڵی لە بوونی کورد لە ئێراندا نەدەکرا بەڵام کورد وەک نەتەوەیەک پێناسە نەدەکرا و وەک عەشیرەتێکی فارس دەشوبهێندرا.

هەر لە سەرەتادا کەسانی وەک «ڕەشید یاسەمی» دەستنیشان کران بۆ ئەوەی مێژووی کوردستان بشێوێنن و کورد لە ڕووی مێژوویی و ڕەچەڵەکی نەتەوەییەوە گرێ بدەنەوە بە نەتەوەی تازەپێداکەوتی فارس و پاشان خوێندن و نووسین بە کوردی و جلوبەرگی کوردی قەدەغە بوو و لە قوتابخانەکانی کوردستان کە ڕێژەیان زۆر نەبوو، قسەکردن بە زمانی کوردی قەدەغە کرا و دەسەڵاتی تازەپێداکەوتووی پاڵەوی سەرەتا بە تیرۆر و لەشکری نیزامی و پاشان بە زەبری زۆری دامەزراوە حکوومەتییەکان و ناوەندە بەناو زانستییەکان دەیهەویست نەتەوەی کورد تەفروتونا بکات.

پاش ئەو هەلومەرجە و لە سەردەمێکدا کە زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون و ناوەندی خوێندنی باڵا لە کوردستاندا نەبوو، کۆمەڵەی ژ-ک دامەزرا و دواتر بوو بە حیزبی دێموکرات و ئەو حیزبەش پاشان کۆماری کوردستانی دامەزراند.

پاشخانی فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بوو و ئەگەر دامەزانی یەکەم قوتابخانەی کوردی لەلایەن بنەماڵەی ڕۆشنبیر و دەسەڵاتداری بەدرخانەوە لە شاری خۆی و دەرچوونی ڕۆژنامەی «ڕۆژی کورد» لە سەردەمی شۆڕشی سمکۆی شکاکدا، تێپەڕێنین هەتا پاش خەرمانانی ١٣٢٠ و دەرچونی گۆڤاری نیشتمان هەر هەوڵێک بۆ گەشانەوەی ڕۆشنبیری و زمانی کوردی درابێت تەنیا هەوڵی تاکەکەسی و بەرتەسک بووە و بە کوردی و بە کورتی پاراستنی زمان و چاندی کورد سنووردار بووە.

پێشەوا قازی کە برازا و قوتابی بلیمەتێکی ئەوکاتی کوردستان واتە جەنابی حەسەنی سیفولقوزات بووە بایەخێکی یەکجار زۆر پڕگرینگی بە لایەنی ڕۆشنبیری لە دەسەڵاتی کوردستان داوە؛ پێشەوا بەگشتی ڕوانینی تایبەتی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا هەبووە و ڕۆشنبیری بە لایەنێک لە لایەنە ئەرێکانی پێشکەوتن زانیوە.

پێشەوا لە وتاری ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ کە وتاری دامەزرانی کۆماری کوردستانیش بوو دەڵێت: «چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردووە، مەدرەسەی شەوانمان دایر کردووە، کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران...کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدرسەی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن، لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربونی زمانی فارسی بن، لە مانگێ دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شت دەخوێننەوە و دەنووسن بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەریەت و عەدالەت، موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکرنەوە بووین. چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کراوە لە شاری خۆمان بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان، گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فیکر و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەبێتەوە.»٢

مامۆستا هێمن لە وتووێژێکی لەگەڵ ڕەفیق سابیردا دەڵێت:

«زۆربەی ڕۆژانی هەینی پێشەوا سەردانی دەکردین کە تەشریفی دەهات منداڵان لە بەر دەرکی چاپخانە ڕادەوستان و شێعری «خوایە وەتەن ئاوا» کەیان بۆ دەخوێندەوە، ئەو هەینییەش هات و چەند کەسێکی لەگەڵ بوو بەرەو دەزگای چاپەکە چوو؛ ئاسنی دەزگاکەی ماچ کرد و فەرمووی: ئەوە ڕۆشنبیری کوردە ئاگاتان لێی بێت.»٣

لایەنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و پێشخستنی ئەو لایەنە لەلای کۆمەڵەی ژ-ک و دواتر حیزبی دێموکرات بایەخێکی زۆری بووە، لەو پەیوەندییەدا کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێت:

«یەکێک لە ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژ_ک و دواییتر حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمان مەسەلە بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان نوقتەی ٢ خواستەکانی لە حکومەتی ناوەندی لە ناو یەکەمین ڕاگەیاندنی دامەزراندنی خۆی و . مادەی١٣ فەسلی٣ی مەرامنامەکی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد.»٤

لە کابینەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لە ڕاستیدا سێ پۆست بۆ لایەنی ڕۆشنبیری خەڵکی کوردستان دیاری کرابوو؛ بەڕێزان مەنافی کەریمی «وەزیری فەرهەنگ» و سەدیقی حەیدەری «وەزیری تەبلیغات» و هەیئەتی فەرهەنگی.

لە ماوەی کەمی تەمەنی کۆماردا چەند ڕێوشوێنێک و یاسایەک لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری کوردستانەوە دەردەچێت کە بۆ بڕەودان بە بیری نەتەوایەتی و گەشەی شارستانییەت و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگا لە دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی دێنە ژومار.

ئەو قانوونە ڕۆشنبیرییانە و ڕێوشوێنانەی کە لە کاتی دەسەڵاتدارێتی کۆماری کوردستاندا دادەندرێن، یان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت بە گشتی ئەوانەن:

:١

زمانی کوردی وەک زمانی ئایین و ڕۆشنبیری لە ئاییندا

هەرچەند کوردەکان بە دەیان بلیمەت و سەرکردەیان لە مزگەوتەکانەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام زمانی کوردی هیچ کات وەک زمانی سەرەکی فێرکاری ئایینی لە کوردستاندا بەکار نەهاتووە و بۆ کاروباری ئایینی هەمیشە کەڵک لە زمانی عەرەبی یان زمانی نەتەوەی باڵادەست وەرگیراوە؛ بەڵام پاش دامەزران و دەسەڵاتگرتنی حیزبی دێمۆکرات، سەرکردایەتی ئەو کاتی ئەو حیزبە داوای لە خوتبەخوێنانی ڕۆژی هەینی کرد کە کەڵک لە زمانی کوردی وەرگرن و بڕەو بە ئەو زمانە بدن.

لەو پێوەندییەدا لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هاتووە: «هەوەڵ جارە کە خوتبە بە کوردی دەخوێندرێتەوە وەکوو برایان هەمووو دەزانن ساڵێکی تەواوە کە لەلایەن حیزبەوە دەستور بە ئیمام جومعە درابوو کە خوتبە بە زمانی کوردی بخوێندرێتەوە»٥

دیارە کاتێک کە زمانی نەتەوەیەک دەبێتە زمانی ئایینی کۆمەڵگایەک، دەکرێت ئەو هەوڵە وەک هەوڵ بۆ گشتیکردنی زمانی ئەو نەتەوەیە دیاری بکرێت.

ئەو باسە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەیکە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ واتە لە کاتی دەسەڵاتدارێتی پاڵەوی یەکەمدا بێڕێزییەکی زۆر بە زمانی کوردی و نەتەوەی کورد کراوە و بەتەواوێتی ئەو زمانە خراوتە لاوە.

نوێژی هەینی لە ئایینی ئیسلامدا گرینگییەکی زۆری پێدرا و خوتبەی نوێژی ئەو ڕۆژە وەک بەشێک لە نوێژ دێتە ژمار و ئەوەش وای کردووە کە ئەو خوتبەیە کە دەخوێندرێتەوە بایەخی تایبەتی ئایینی هەبێت و هەر بەو پێیەش کۆمەڵگا بە ڕەشایی و هەڵکەوتەیەوە ڕێزێکی زۆریان بۆ باسەکانی خوتبەی هەینی هەبووە و هەیە. سەرەڕای ئەوەش بەهۆی بایەخی نوێژی هەینی لە ئایینی ئیسلامدا بەشداری جەماوەر لەو نوێژەدا، زیاتر لە نوێژەکانیترە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا و بەپێی یاسایەک کە پێشەوا وەک کەسێکی ئایینی بڕیاری لەسەر داوە، دەبێت خوتبەی ڕۆژانی هەینی بەو شێوەیە بخوێندرێتەوە:

«بە ئەمری پێشەوا و ڕەئیس جمهوری بەرزی کوردستان لەلایەن حیزبەوە بە جەنابی مەلا حسێنی مەجدی ئیمام جومعە و سەید محەممەد حەمیدی ئەمر کراوە کە خوتبەی جومعە لەسەر دەستوری ژێرەوە تەنزیم بکرێ:

**مبارزە دەگەڵ خورافات و ئیحترامی قانون و دین.

**بێهداری و ئیجادی بیمارستان.

**تەئسیری ئەمنیەت لە سەرکەوتنی نیشتیماندا.

**تەمەدونی کوردستانی قەدیم.

**ئیعتماد بەنەفس و ئەهمیەتی سەرباز وەزیفە.

**تەئسیسی کودەکستان.

**چلۆن دەبێ پێش بە تەراخوم بگیرێ.

**ڕۆحی سیڵەحشوری.

**وەحدەتی میللی.

**عەواقبی تەبەهکاری، سوخەن چینی و دووزبانی.

دەستور دراوە جەنابی ئیمام جومعە ئەوانە ڕەچاو بگرێ و خوتبەی دێهاتیش دەبێت لەم دەستورە پشتیوانی بکەن.»٦

بە چاوخشانێکی خێرا بەسەر ئەو ڕێوشوێنانەدا نەتەنیا دەردەکەوێت کە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان کەڵکەکەیەکی زۆریان بووە بۆ دامەزرانی کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیر بگرە ئاستی شارەزایی ئەو کاربەدەستانەش لە دەسەڵاتداری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا ڕوون دەبێتەوە.

خۆپاراستن لە کۆنەپەرەستی، ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی کۆمەڵگا، دابینکردنی ئاسایش و هێمنی، چونەسەرێی ئاستی لەشساغی کۆمەڵگا،خۆبەکەمدانەنان و گەشەی بیری نەتەوەیی و پەروەردەکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا پرۆسەیەک بوو کە ئەگەر درێژەی هەبایە بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگای کوردی لە کۆمەڵگایەکی دەرەبەگییەوە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی و تاک لە «ڕەعیەتەوە» دەبوو بە «شارۆمەند».

:٢

خوێندن بە زمانی کوردی داواکاری سەرجەمی شۆڕشەکانی کوردستان بووە و هەیە.

کوردەکان پاش ئەوەی دەسەڵات لە ناوچەی موکریان دەگرنە ئەستۆ و کۆماری کوردستان دادەمەزرێنن، زمانی کوردی لە هەموو ناوچەی دەسەڵاتیاندا دەکەنە زمانی ڕەسمی قوتابخانە و ئیدارەکان.

وەک لەسەرەوەش باسمان کرد، زمانی کوردی لە کاروباری ئایینیشدا کەڵکی لێوەردەگرن و هاوکات لەگەڵ ئەوە چەندین قوتابخانە لە ناوچەی دەسەڵاتیان دادەمەزرێنن و خوێندن بە منداڵان دەکەنە زۆرملی و بەپێی قانون هەر دایک و باپێک کە ڕێ لە خوێندنی منداڵەکەی بگرێت لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە سزا دەدرێت. ئەو قانوونە هەموو ڕەگەزێک لە نێر و مێ دەگرێتەوە.

قانوونی نوێی خوێندن و ئەو قانوونانەی کە کاربەدەستان دەری دەکەن بە بەردەوامی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی کوردستانەوە بەخەڵک ڕادەگەیەندرا.

لە پێوەندی بە خوێندنی زۆرەملی ئەو قانوونە لە ڕۆژنامەی کوردستان ڕاگەیەندراوە:

«بە تەواو ئەهالی خۆشەویستی سابلاغ ڕادەگەیەندرێت لە سەر ئەمری پێشەوای موعەزم و قەراری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوێ بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێ کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا دەبێ بنێردرێتە مەدەرسە.

ئەڵبەت هەر کەس لەو ئەمرە ڕو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ»٧

چەندین قوتابخانە لە مەهاباد، بۆکان و شنۆ کراوە کە ناوی هێندێکیان ئەوانە بوون: «کوردستان،پێشەوا، گەلاوێژ» ٨

ڕەنگە لێرەدا جێگای ئاماژە بێت کە باسێک لەسەر مامۆستا قانعی شاعیر بکەین، بەڕێزیان لەو مامۆستایانە بوو کە لە سەردەمی کۆماردا دەرسی دەگوتەوە و لە گوندی سەرچنار مامۆستا بووە و بەپێی بیرەوەری شاگردەکانی مامۆستا قانع هەوڵێکی زۆری داوە کە دوو بیر بخاتە نێو مێشکی قوتابییەکانییەوە یەکەم: هاوشانی ژن و پیاو و دووهەم: بیری نەتەوەیی.

وەک قوتابییەکانی مامۆستا باسی دەکەن، لە قوتابخانەکەدا بەیانیان سروودی نەتەوەیی کچان دەیانخوێندەوە و هەموو جارێکیش لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو سرووده لە کۆتاییدا دەیانگوت: ژن وپیاو فەرقی نییە.

:٣پاڵاوتنی زمانی کوردی

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لیژنەیەک بۆ پاڵاوتنی زمانی کوردی دانراوە. ئەرکی ئەو لیژنەیە دانانی وشەی کوردی لە باتی وشەی بێگانە بووە و سەرجەمی ئەو ناوە گشتیانەی کە هێمای کوردیان پێوە نەبوو سڕانەوە.

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا لەو بارەیەوە ئاگادارییەک بڵاودەبێتەوە:

«بەتەواوی زانایانی بەرزی کورد ڕادەگەیەندرێت: بۆ وەکارهێنانی وشەی کوردی کە تا ئەورۆ وەکارنەهێندراوە دەبێ لە پێشدا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشنهاد بکرێ و لەوێدا تەسوێت و ئیجازەی وەکارهێنانی بدرێ و کەس حەقی نییە وشە ڕۆنێ و دەکاری بێنێ»٩.

وشەی نوێ کە لەلایەن لیژنەی فەرهەنگییەوە دادەندرا لە ڕۆژنامەی کوردستان و سەرجەمی ڕاگەیاندراوەکانیتری دەوڵەتی کوردستان بەکار دەهێنرا و بۆ خەڵک ڕوون دەکراوە.

هێندێ لەو وشانە ئەوانەن:

«لیژنە_کۆمۆسیۆن
یایی_خاتوون،خانم
ئاغا-ئاغا»١٠

لەبواری سەربازیدا ئەو وشانە ڕۆنران:

«سەرباز-پێشمەرگە
جوغە-لیژگە
گروە-قۆڵ
گروهان-چڵ
گوردان-لک
هەنگ-پۆل دواتر کرا بە پەل
تیپ-تیپ
لەشکر-لەشکر
سپا-هێز». ١١

وشەی نوێ لە هەموو شوێنە ڕەسمییەکان بەکار هاتووە، هەتا خەڵک خووی پێبگرن و لەگەڵی ڕابێن و بەکاری بێنن.

درێژەی هەیە....


کوردوستان
آمانجی ایمه
ژنرالیسموس ستالین
گفتوگوی جنابی قاضی محمد

# کارتێلە گەورەکەی گەندەڵی، کارتێلە بچووکەکان هەڵدەلووشێ

جاقل

بەڕێوەبەریی و ڕێکخستن و مودیرییەت، شێوەگەلێکن لە زانست و بۆ ئەوەیکە کۆمەڵگایەک بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێ پێویستە کەسانی پسپۆڕ و بەرپرس بەڕێوەبەری کۆمەڵگا بە ئەستۆ بگرن. هەتا کۆمەڵگا لە کەمترین ماوەدا بە سەر کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەکاندا زاڵ ببێت و بە بەختەوەری بگات. جیهانی مودێرن و پرئاڵۆزی تێکنۆلۆژی بەرپرسایەتی کەس یان کەسانی بەرپرس زیادتر دەکات و پێویست دەکات ئەو کەسانە لە زۆر بواری نوێی تێکنۆلۆژی و زانستیدا شارەزاییان زیادتر بێت هەتا درکێکی قوڵتریان لە بارودۆخەکە ببێت و بڕیاری دروست و گونجاو بە نیسبەت پێشهاتەکانەوە بدەن.

بەرەوپێشچوونی تێکنۆلۆژی و زانست شوێندانەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک داناوە. کۆی گشتی ئەم پێشڤەچون یان ئاڵوگۆڕانە، سیاسەت و ئابووری و نیزامی سەربازی و بەرگری وڵاتانی جیهانی بەرەو ئاستێکی نوێتر بردووە کە دەخوازێت ڕێبەران و بەرپرسانی حیزب و دەوڵەتەکان ئەم وەرچەرخانانە ببینن و بەپێی سەردەم، پلانی نوێیان هەبێ. ئەوان دەبێ کۆمەڵگا ڕێکبخەنەوە و بەرپرسایەتی کۆمەڵگا وەئەستۆ بگرن و لە ئاست کەموکوڕییەکان وڵامدەری بیروڕای گشتی کۆمەڵگای خۆیان بن. زۆربەی خەڵکی وڵاتانی جیهان دەنگی خۆیان بە سەرۆک و ڕێبەرانێک دەدەن کە لەگەڵ دابینکردنی ژیانێکی ئارام و خۆشبژیو، کەرامەتی ئینسانییان بپارێزێ و لە ئاست داهاتووی منداڵەکانیان کەمتەرخەم نەبن. حکومەتە دیکتاتۆرەکان لە بەرانبەر ژیانی خەڵکدا کەمتر خۆیان بە بەرپرس و وڵامدەر دەزانن. ئەوەی بۆ سەرکردەیەکی وڵاتێکی دیکتاتۆر گرینگە، درێژەدان بە دەسەڵاتە ناڕەواکەیەتی. بەهۆی ئەوە کە بەپێی کات ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتدا بەدی نایەت زۆر سروشتییە کە ڕێبەرێکی دیکتاتۆر ناتوانێ بەڕێوەبەرێکی نوێخواز بێت. ئەو ناتوانێ خۆی لەگەڵ زانستەکانی ڕۆژدا بەگوێرەی پێویست ڕێکبخات؛ بۆیە ناشتوانێ و ناشیەهەوێ کە بەرپرسایەتی بڕیارەکان وە ئەستۆ بگرێت. ئەو جۆرە ڕێبەرانە بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا پەنا دەبەنە بەر سەرکوتی نەرم و زبری خەڵکی خۆیان و لە ئامار و ڕاگەیاندنەکانیاندا بەردەوام چەواشەکاری دەکەن. سیستمی ئەو جۆرە حکومەتانە شەفافسازی تێدا نییە. نەبوونی ئازادی لە ئابووری و لە سیاسەتدا، دەبێتە هۆی ئەوە کە وڵات گەشەکردن بە خۆیەوە نەبینێ. گەشەکردن گرێدراوی ئازادییە. خۆر چۆن دەبێتە هۆی گەشەی گیانلەبەرەکان و گژوگیا، ئازادیش بە هەمان شێوە دەبێتە هۆی گەشەی کۆمەڵگا و لە ژێر چەتری ئازادیدایە کە مرۆڤەکان دەتوانن ڕێبەرە کارامە و لێهاتووەکان هەڵبژێرن و بە هۆی ئەو ڕێبەرانەوە تەئسیری ڕاستەوخۆیان لە سەر خۆیان و داهاتوویان هەبێ .

لەم سۆنگەوە ئەگەر پێشکەوتنێکیش لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا ڕوو بدات بەدڵنیاییەوە کاتی دەبێ و لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکدا ڕوخان و لێکەوتەی زیانبار بە چەشنێک بەرۆکی کۆمەڵگا دەگرێتەوە کە نەوەکانی داهاتووش لێی زەرەرمەند دەبن. بە سەرۆک یان ڕێبەربوونی کەس یان نیزامێک زۆرجار دەتوانێ عەقڵانییەتێکی ئەوتۆی لە پشت نەبێ، تەنانەت خەڵک و بیرمەندانیش خێرا ناتوانن تەواوی هۆکار یان هۆکارە عەقڵانییەکان بۆ دەسەڵاتی دەسەڵاتدارێک بدۆزنەوە یان بە تەواوی بیناسێنن. لە هەرحاڵدا دەسەڵات واقعییەتە و ناکرێ مرۆڤی بیرمەند دەسەڵات وەک خۆی نەبینێ بەڵام دەسەڵات و هێز دەکرێ دوو بابەتی جیا لە یەک بن. تێکەڵبوونی دەسەڵات و هێز لە سیستمی دەوڵەتی و حوکمڕانیدا بابەتێکی زۆر گرینگە و تەواوی دەوڵەتەکانی جیهان لەگەڵ ئەوەیکە دەسەڵاتن بۆ هێزمەندی زیادتر و زیادتر هەوڵ دەدەن. ئەوان نایانهەوێت دەسەڵاتی خۆیان بە سنورە جوغرافیاییەکانی وڵاتانی خۆیانەوە ببەستنەوە هەر بۆیەش بە شێوەگەلی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و نیزامی هەوڵ دەدەن شوێندانەرییان لە سەر ناوچەی خۆیان و جیهانیش هەبێت. ڕەوایی و ناڕەوایی ئەم بابەتە هیچ لە واقعییەتی بابەتەکە کەم ناکاتەوە. هەر بۆیەش جیهانی نوێ و وڵاتانی جیهان بەگشتی لە ڕێگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە هەوڵ دەدەن سنورێکی گونجاو بۆ زێدەخوازییەکان دابنێن و پێش بە تەقینەوەی دەسەڵاتخوازییە بێسنورەکان بگرن. ڕێژیمی دیکتاتۆری حەمەڕەزاشای ئێران و ڕێژیمی ئاخوندی ئێستا لە بابەت ناتێگەیشتن لە هێزی ڕاستەقینەی خۆیان لە ناوچە و لە جیهاندا وەک یەک بیر دەکەنەوە و دەتوانین بڵێین کە بە هەڵەیش بیر دەکەنەوە و تووشی وەهم بوون. بەراوردی هەڵە لە هێز دەتوانێ دەوڵەتە گەورەکانیش بەرەو ڕووخان ببات. هێزی حکومەت تەنیا لە هێزی نیزامیدا نییە بەڵکوو هێز، چەشنی جۆراوجۆری هەیە کە گەورەترین هێز بۆ حکومەتێک دەتوانێ هێزی پشتیوانی خەڵکەکەی خۆی بێت. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە پشتبەستن بە هێزی دین و مەزهەب دەسەڵاتی خۆی بە ناڕەوا بە سەر زۆربەی خەڵکی جوغرافیای ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا سەپاندووە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت لە زۆربەی کارەکانی حکومەتداریدا پەنا دەباتە بەر درۆ و دەلەسە و تۆقەنێک بێڕەوشتی و بەدڕەوشتی کە هیچ سنورێک ناناسێ . لە حکومەتداری و سیاسەتدا زۆر پرس دێنە ئاراوە کە لەوانەیە بۆ مرۆڤە ئاساییەکان درک نەکرێن بەڵام لە حکومەتداریدا لەوانەیە ئاسایی بن؛ لە هەمان کاتیشدا پەرەدان بە بێ ئەخلاقی و لە سەرووی هەموو بێ ئەخلاقییەکیشەوە درۆکردن و پەرەدان بە درۆ لێکەوتەیەکی زۆر خراپی بەجێ هێشتووە کە بەرەبەرە لە ئێستادا بۆ ڕێژیمی ئێران بوونەتە گەورەترین کۆسپ لە ناوخۆدا.

ڕێژیمی ئاخوندی کە توانی بە هێزی مەزهەب بۆ ماوەیەک بەشێک لە خەڵکی ئێران هیپنۆتیزم بکات بە هۆی ناتەبایی لە وتە و کردەوەدا کەم کەم پشتیوانیی جەماوەرییەکەی خۆیشی لە دەست دەدا و هەتا دێت خەڵکانێکی زیاتریشی لێدەتەکێتەوە. خوێنەری هێژا ڕێژیمی ئاخوندی کە بەناو ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی شۆڕشگێڕ بوو لە ماوەی چل ساڵدا نەیتوانی نەسڵێک وەک ئەوە کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد بهێنێتە بەرهەم؛ بۆیە بەشی هەرەزۆری میلیشیا چەکدارەکانی خۆی کە بۆ ئاژاوەنانەوە لە جیهاندا پێکی دەهێنێت خەڵکی وڵاتانی ئەفغانستان و یەمەن و عێراق و پاکستان و سوریا و هەتا دواییین. واتە ئیتر درۆکان و ساختەکارییەکانی ڕێژیم لە ناوخۆدا ڕەنگی نەماوە و ڕێژیم لە شوێن و لە وڵاتێک و لای خەڵکانێک بازاڕی درۆکان و بەڵێنەکانی گەرم دەکات کە هێشتا بەتەواوی نایناسن. ئەخلاق بە هەموو قسە و باسێک کە هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە هەتا ئەمڕۆ لە سەری کراوە و دەکرێ ئەگەر لە مرۆڤی پێشەنگ یان ڕێبەردا سڕایەوە بەدڵنیاییەوە تەواوی پێکهاتەکەی پشت سەری خۆی تووشی وەرچەرخان دەکات. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کە هەر لە سەرەتاشەوە ناوەرۆکێکی بێ ئەخلاقانە و یەکدەستخوازانەی هەبوو لە لایەن میللەتی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکرات ڕەد کرایەوە بەڵام داخۆ هەموو میللەتانی ئێران خاوەنی درکێکی وەها قوڵ بوون کە ناوەرۆکی ئەو ڕێژیمە وەک خۆی بناسن؟!

یان وا باشترە بڵێین ئەو خەڵکانە قاسملوویێکیان نەبوو هەتا لەم خەوە ڕایانچڵەکێنێ. نوستنێک کە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە درێژەی کێشاوە و تازە چەند ساڵێکە وریابوونەوەیەکی گشتی بەدی دەکرێ. جیهانی نوێ و وڵاتانی جیهانیش لەگەڵ وەزعییەتی گشتی ئەم حکومەتەدا ناگونجێن. وڵاتانی جیهان لەگەڵ سەرەڕۆیی و ئاژاوەگێڕییەکانی حکومەتی ئاخوندیدا کێشەی جیدیان هەیە. وەزعی جیهان و بەرەوپێشچوونی تێکنۆلۆژی و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان ناوەرۆکی ڕێژیمی درۆزن و گەندەڵ و ساختەکاری ئاخوندی زیاتر لە جاران ئاشکرا دەکات. خەڵک بە نیسبەت ڕونبوونەوەی بابەتەکان زیاتر تێدەگەن کە ڕێژیم بەپێچەوانەی ئیدعاکانی ئەوەی دەیڵێ ڕاست نییە.

لێرەدایە کە ڕاگەیاندنەکان پیرۆزییە درۆیین و دەستکردەکان دەسڕنەوە. ڕێژیم نە دەتوانێ تازەگەری و چاکسازی بکات، نە دەشتوانێ بەرەو دواوە بگەڕێتەوە چون جیهان لەگەڵ ئەودا بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە. هەڵبژاردنە درۆیینەکانیش ئەگەر کارایییەکیان هەبێت! تەنیا دەتوانن ڕەنگ و ڕواڵەتی ڕێژیم بڕێک و بۆ ماوەیەکی کەم بشۆرنەوە. هەڵبەت هێشتا مرۆڤی ئاسایی و ساویلکەیش هەن کە پێیان وایە ئەم شۆردنە، گۆڕانە!!! کەچی واقعییەتەکە شتێکی ترە و ئەوەیکە دەگۆڕدرێ سیما و ڕواڵەتی ڕێژیمە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەک زیادتر .

ڕێژیمی ئاخوندی ڕێژیمێکە کە لە سەر ئەساسی تاقیکردنەوە و هەڵە کار دەکات. ئەو ڕێژیمە هەتا ئەو شوێنەی بۆی کرابێ ویستویەتی لە کەسانی خۆیان واتە دایەرەی خودییەکان بەرپرسانی باڵای خۆی هەڵبژێرێ ئەگەرچی ئەم هەڵبژاردنەش پسپۆڕ نەبن. ئەم شێوەکارە لە دامەزراندنی هێزە ئینسانییەکاندا لەو قسەی خومەینییەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەیگوت ئێمە مرۆڤی دەروەستمان دەوێ هەتا پسپۆڕ. لێرەدایە کە ئیدئۆلۆژی و لێوەشاوەیی و تێکنۆلۆژی دەکەونە ناتەبایی لەگەڵ یەکتر و ئەوەیکە دێتە سەرکار نە دەتوانێ پارێزەری بەها و ئەرزشە ماوە بەسەرچووەکانی ئیدئۆلۆژی ئاخوندی بێت و نە دەشتوانێ مودیرێکی لێهاتوو و پسپۆڕ بێت بۆ سیستم و سازمانەکەی خۆی. لە نێوان جمگەکانی مرۆڤی هەموو سازمان و ئۆرگانەکانی ڕێژیمدا ساڵانێکی زۆرە ئەم پاڕادۆکسە حاکمە و بەرپرسی نەشیاو کەم کەم بووە بە نادەروەست بۆیە گەندەڵی لە ئێرانی ئاخوندیدا لەغاوی پچڕاوە و هیچ ئۆرگانێک بەدی ناکرێ کە لە ناخەوە دانەپلۆخابێ. کارمەند و موچەخۆرە ئاساییەکان بە قوڵی ئەم بارودۆخە درک دەکەن و ئەوانیش پەیتاپەیتا بەم کاروانە زیاد دەبن. درۆ و ساختەکاری لە نێو ئۆرگانە حکومەتییەکاندا جیاوازی چینایەتیشی لێکەوتووەتەوە هەر بۆیە چاولێکەری و زێدەخوازی، گەندەڵی زیاتری لێکەوتووەتەوە. ئەم هیرارشیە ئێستا ئانارشیزمێکی ئیداری دروست کردووە کە ڕێژیم دەیهەوێت بە هێزی سەرکوت بەرببینگی بگرێ و نەهێڵێت لەوە زیاتر پەرە بگرێ. گەندەڵیماڵی و ئەخلاقی لە شارەدارییەکان و شۆڕای شارەکان لە ئێراندا چووەتە قۆناغێکەوە کە ڕێژیم نە دەزانێ و نە دەتوانێ کۆی بکاتەوە. شارەداری تاران وەک یەکەم ناوەندی گەندەڵی و کۆکردنەوەی پارەی زەبەلاح لە ساڵانی پێشوودا بووە جێگای کێشە و شەڕی لایەنەکانی دەسەڵاتداری ڕێژیم. دزی و پارەسڕینەوە، ڕانتی زەوی و بەرتیل و دەیان جۆر گەندەڵیی ئیداری دیکە لە تارانەوە ناوبانگی دەرکرد و بە میدیایی کرا. باند و باندبازی و نادەروەستبوون و نەشیاوبوونی کاربەدەستانی ڕێژیم و لە سەرووی هەمووشیانە ڕێبەری ئێران تەنیا بەشێک لەم هۆکارانەن کە جگە لەوە گرفتەکان چارەسەر نەبووە و قەتیش چارەسەر ناکرێ بەڵکوو هەتا کات بڕوات زیاتر پەرە دەستێنێ. سیستمی حاکمییەتی ئێستای ئێران وەک خۆرکە پەلاماری جەستەی خۆی و خەڵکی نێو ئێران دەدات و بە بیانووگەلی جۆراوجۆر حیسابی خەڵکانێک بلۆکە دەکات، دەست بەسەر سەروەت و سامانی کۆمەڵێک یان سازمانێکدا دەگرێت و ناوی لێدەنێ شەڕ و دژایەتی لەگەڵ فەساد!!! ئەم دەرمانە کە خۆی لەواقیعدا لە شەڕی نێو باندەکانی ڕێژیمەوە سەرچاوە دەگرێ نەتەنیا دەرمان نییە بەڵکوو خۆی لە خۆیدا دەبێتە دەردێکی کوشەندەتر بۆ جەستەی لاواز و مەیل بە ڕوخانی ڕێژیم. لێرەدا پێویستە چەندین نمونە لەم فێڵ و دەستگرتن بە سەر سروەت و سامانانە ڕون بکرێتەوە هەتا خوێنەری هێژا زیاتر لە بابەتەکە تێبگات؛ لەم بازنەی دەست بەسەرداگرتنەی ڕێژیمدا تاوانبار بە گەندەڵی و بێ تاوان وەک یەک دەبینرێ. ئامانجی ڕێژیم کۆکردنەوەی پارەیە هەر بۆیەش پەلاماری هەموو شوێنێک یان گیرفانێک دەدات تەنیا بەو مەرجە بتوانێ پوڵ کۆبکاتەوە. ئێستا سیخوڕ و مۆرەکانی ڕێژیم لە بانکەکان و سەرافییەکان و ئیدارەکانی تۆمارکردنی بەڵگەنامەکان و دارایی زۆر بە وردی خەریکی کۆکردنەوەی زانیارین هەتا بە بیانووگەلی جۆراوجۆر حیسابی بانکی کەس یان شیرکەتەکان ببەستن و کەسانی دەستڕۆیشتووی ماڵی پەلکێشی زیندان بکەن و دەست بە سەر سەروەت و داراییەکانیان بگرن بە قازانجی حکومەت. لەم ڕاوورووتەدا خەڵکانی گەندەڵ و ناگەندەڵ وەک یەک بە ئاگری فێڵ و غەدری ڕێژیم دەسووتێن. ڕێژیم وەک گەورەکارتێلێکی دەسەڵاتدار بۆ مانەوە و بەهێزکردنی خۆی، کارتێلە بچووکەکانی نیزیک لە خۆی بە قازانجی خۆی مایەپوچ دەکات و سەرمایەکانیان دەخوات. بەگشتیکردنی بورس یەکێک لەو جینایەتە ماڵییانە بوو کە ڕێژیم دەرحەق بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کردی. ڕێژیم لەم پیلانەدا هەستی خەڵکی بزواند هەتا پارە و سامانەکانیان بەرنە نێو بورسەوە.

بورسی ئێران کە خۆی سازمانێکی گەندەڵ و ناشەفاف و جێگای گومانە بوو بە کەرەستەیەک کە ڕێژیم بە ئاسانی دەستی بە پاشەکەوتی خەڵک ڕابگات و لە کاتێکی کەمدا لێیان بدزێ. ڕێژیم لەم پیلانەدا نیزیک بە یەک و نیو لە سەدی کۆی گشتی ئاڵوویرەکانی بورس لە ژێر ناوگەلی جیاوازدا بۆخۆی هەڵدەگرێ.

ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوی پارەی کەشە کە هەر کەسێک قازانج یان زەرەریش بکات دەبێ بە خاوەنی ئەم قومارخانەی بدات. لەگەڵ گرانبوونی خۆراک، ڕێژیم نەیدەتوانی ئاردی نانەواکان لەو کاتەدا و بە نرخێک کە خەڵک بۆیان بکڕدرێ دابین بکات هەر بۆیە قورس و دەرمانی تێکەڵ بە کەیک و کلوچەی کارخانەکانی ناوخۆ کرد هەتا ڕەوەندی مەسرەفی ئارد لە کەیک و کلوچە و شیرینییەکانەوە بۆ نان بگوازێتەوە و مەجبور نەبێ بۆ دابینکردنی ئاردی کارخانەکان بکەوێتە گوشارەوە. ئەو سەرەتیدانانە پڕ لە فێڵ و بێ ئەخلاقییەی ڕێژیم زۆربەی کارخانەکانەی مایەپوچ کرد. ڕێژیم سەرمایەداری کارخانەکان و کارگەکان دەکاتە قوربانی هەتا خۆی بمێنێتەوە. بەم حاڵەش هەتا ئێستا کێشەی نان لە ئێراندا هەر چارەسەر نەبووە و پەیتاپەیتا ئەم خۆراکە ئەساسییە گران دەبێ و بە هۆی گرانی ئارد سەدان نانەواخانە و کارگەی کولێرەپەزی ئازاد بە ناچار داخران و خاوەنەکانیان دەستیان لە کارەکانیان کێشاوەتەوە. زۆربەی سەڕافەکانی تەورێز و تاران لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بانگهێشتی ئیتلاعاتی شارەکانی خۆیان کراون. ئەوانە خراونەتە ژێر لێکۆڵینەوە هەتا بە بیانویەکی گونجاو بەشێک یان هەموو سەروەتەکانیان زەوت بکرێ .

شارەدارییەکان و شۆڕای شارەکانی تاران، ئابسەرد، ساری، سەقز، پیرانشار و دەیان شاری دیکەی ئێران نمونەیەکی بەرچاوی گەندەڵیی سیستماتیکی حکومەتین. باند و مافیاکانی سەرمایەدار بە هاوکاری ئەم ڕێکخراوە حکومەتییانە بەشێوەی موبڕەگی عەرز و ماڵیان دەکڕی و بە چەندین بەرانبەری نرخی خۆی دەیانفرۆشتەوە. فەزای سەوز و وەرزشی و فەرهەنگی شارەکان بە بەلاش بەم مافیا سەرمایەدارانە دەدرا و ئەوان دەیانکردە پاساژ و مۆڵ و بە سەدان بەرانبەری نرخی ڕاستەقینەی خۆی دەیانفرۆشتەوە و بازرگانیان پێدەکرد. ئێستا باندی ڕەئیسی و داروەستەکەی لە شەڕی دەسەڵاتی خۆیاندا بەشێک لەم گەندەڵکارانە دەگرن و ڕاپێچی گرتووخانەیان دەکەن. ئەمە نە بۆ خزمەت بە خەڵکە و نە شتێکی وەهاش لە نرخی ماڵ و زەوی کەم دەکاتەوە. ئەوان بەم بیانووە پەلاماری سروەتی کۆکراوە و مفت و بەلاشی ژێرکۆمەڵەکانی خۆیان دەدەن و لە گیرفانی ئەوانی دەردەهێنن و دەیخەنە گیرفانی خۆیانەوە. گەندەڵی لە نیزامی ئیداری شارەداری لە شارە کوردنشینەکاندا کارێکی وەهای کردووە کە نرخی میترێک ماڵ هەتا سی میلیۆن تمەن بڕوات!!! زەوی خاو لە حاشیەی شارەکانەوە لە میتری یەک میلیۆنەوە دەست پێدەکات و هەتا دەگاتە ناوەندی شارەکان میتری زەوی خاو دەچێتە نیزیک پازدە وبیست میلیۆن تمەن. ئەم نرخانە تەنیا نرخی عەرزێکە کە بۆ خانوو دروستکردن ڕێگای پێدەدرێ. نرخی مڵکە تجارییەکان لە کوردستان لە میتری پەنجا میلیۆن تمەنەوە هەتا یەک میتر بە سێسەد میلیۆن تمەن دەڕوات. ئایا ئەم نرخانە پێش ئەوەی ناوی گرانی لە سەر دابنێین وا باشتر نییە بڵێین بەرهەمی جینایەتێکە کە ڕێژیمی خومەینی یەکەم بەرپرسیەتی؟ ڕێژیمێک کە بە ناوی یارمەتی بە هەژاران، هاتە سەر کار و بۆ خۆی بووە گەورەترین مافیا و کارتێلی پارەسپیکردنەوە و گەندەڵی.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە شارەداری و شۆڕای شار و بەناو پەیمانکارەکانی بیناسازی لە شاری سەقز چەند کەسێک گیران. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەوانە گەندەڵ و خائین بوون بەڵام ڕێژەی ئەو خائین و مافیایانە کە لە دەرەوەی زیندانن زۆر زیاترە لەوانەی نێو زیندانەکان.

لابردن یان گیران یان ئاڵوگۆڕ لە مۆرە بچووکەکاندا هیچ کاریگەرییەک لە کۆنترۆڵی گەندەڵیدا ناکات و تەنیا چارەسەر گۆڕانی یاسا و ڕێبەرانێکە کە سەرچاوەی دواکەوتوویی و گەندەڵین. یاسا و ڕێبەرێک کە خۆیان سەرچاوەی گەندەڵین چۆن دەتوانن لە ڕەوتی پێشڤەچوندا بەشدار بن و خۆشگوزەرانی و ئارامی بۆ خەڵک دابین بکەن .

کۆی گشتی ئەم بابەتە کە باس کرا دەبێتە هۆکاری لەناوچونی ئەمنییەتی ماڵی و کۆچکردنی سەرمایە. ئیتر سەرمایەدار یان شیرکەتە گەندەڵ و ناگەندەڵەکان زیاتر خۆیان کۆ دەکەنەوە و لە حاکمییەتی پەلاماردەر و دز خۆیان دەشارنەوە. ئەوانەی کە گەندەڵ و دزن ئەمجار بە شێوەیەکی نوێتر یاسا دەور دەدەنەوە کە گیر نەکەن و ئەو بەشە سەرمایەش هەتا ئێستا کۆیان کردوەتەوە دەیشارنەوە. شیرکەت و بازرگانە ئاساییەکانیش ناچارن هێدی‌هێدی کار بکەن و بازنەی چالاکییەکانیان بچووکتر بکەنەوە هەتا لە یەکەم دەرفەتدا سەرمایەکانیان بۆ دەرەوەی سنووری ئاخوندەکان بگوازنەوە. سەرمایە دەبێ بترسێ و خۆی لە لەنێوچون بپارێزێ و ئەم ڕەوەندەش دژکردەوەیەکە بە هەڵسوکەوتی حاکمییەت بەرانبەر بە سەرمایە. حاکمییەتێک کە دەڵێ تا ڕادەیەک بڕوای بە مالکییەتی تایبەت هەیە ئەمڕۆ و لە ساتە هەستیارەکانی مایەپوچبوون و کێشەی ئابووری خۆیدا بۆ مانەوەی خۆی خەڵکی ناوخۆ و کۆگاکانی سەرمایە مایەپوچ دەکات. ئێستاش و پاش زیاتر لە چل ساڵ لە دەسەڵاتی ئاخوندی بوون بە خاوەنماڵ بۆ زۆربەی دانیشتووانی ئێران وەک خولیا و ئاواتێکی هەتاهەتایی لە جێگای خۆی هەر ماوەتەوە. لە حاڵێکدا کە ئەگەر بەرپرسان و ڕێبەرانی ڕێژیم بەڕاستی بەرپرس و هەڵبژێردراوی خەڵک بوونایە بێگومان وەزعەکە لەمە باشتر دەبوو. کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم بازنەدا وەک هەمیشە زیاترین زەرەری بەرکەوتووە. گەندەڵی ئیداری لە کوردستان بووەتە هۆکارێکی دیکە بۆ بێنەزمی و خەڵکی زیادتری هەژار کردووە. سەرمایەدارە پاک و دوور لە گەندەڵییەکانی کوردستان لە ترسی گەڕپێگرتنی ڕێژیم ناوێرن وەک ئەوەیکە پێویستە سەرمایەکانیان بێننە مەیدانەوە هەر بۆیەش بەشێک لە بێکاری خەڵک دەتوانێ لەم سۆنگەوە سەرچاوە بگرێ. تەنیا لەم سێ ساڵەی ڕابردوودا بەشێکی بەرچاوی سەرمایەدار و خاوەن پارەکانی کوردستان یان ئێرانیان بەجێ هێشتووە یان بەرەو شارە گەورەکانی ئێران کۆچیان کردووە و لەو شارانە و زۆر بە پارێزەوە درێژە بە کارەکانیان دەدەن. بەرهەمی کەم یان زۆری ئەو سەرمایەدارانە ئیتر بۆ کوردستان ناگەڕێتەوە جگە لەوەش ئەوان و بنەماڵەکانیان لەباری شوناسەوە زیاتر مەترسی لەناوچونیان لەسەرە. کێشەی هەژاری و دژایەتی گەندەڵی بەم شێوە کە ڕێژیم ئێستا بەڕێوەی دەبات نەتەنیا چارەسەر نابێت بەڵکوو زیاتر پەرە دەستێنێ و ئێستا جگە لە چینی خوارەوو و ناوەندی کۆمەڵگای ئێران، چینی دەوڵەمەند و سەرەوەی ماڵیش بە دژی ڕێژیم هەڵدەگەڕنەوە. ئەم چینە زۆر بە پارێزەوە هەنگاو هەڵدەگرێ بەڵام هەنگاوەکانی دەتوانێ وەرچەرخانێکی جیددی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ناوخۆدا دروست بکات. لەوانەیە ئەو چینە نە بتوانێ و نە بیشیهەوێ ببێتە دوژمنی ڕێژیم بەڵام دوورکەوتنەوەی سەرمایەکانیان و شاردنەوەیان لە ڕێژیم برینی جەستەی نەخۆشی ڕێژیم قوڵتر دەکات. قەیرانەکانی ڕێژیم بە پەلاماردانی سەرمایەی خەڵکانی گەندەڵ و ناگەندەڵ چارەسەر نابێت چونکە جەماوەر ناوەڕۆکی ڕێژیمان ناسیوە و پیرۆزی و موقەدەسی ڕێژیم لە لایەن مۆرەکانی خۆیشییەوە چوەتە ژێر پرسیار. گەندەڵی و ئیختلاس و کەمکاری بەرۆکی ئێرانی ئاخوندەکانی گرتووە. گرێدراوی ئاغازادە گەندەڵەکان بە کاربەدەستە نیزامی و سیاسی و خزمەتگوزارییەکانەوە تەسبێحێکی فەسادی دروستکردووە کە بە هیچ گرتن و دوورخستنەوەیەک چارەسەر ناکرێ بەڵکوو بە گرتن یان دوورخستنەوەی مۆرەیەک، کەسانێکی دزتر و گەندەڵتر جێگاکەیان پڕ دەکەنەوە و هەتا ڕوخانی ڕێژیم، گەندەڵی هەر درێژەی دەبێت .

ئەخلاق بە هەموو قسە و باسێک کە هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە هەتا ئەمڕۆ لە سەری کراوە و دەکرێ ئەگەر لە مرۆڤی پێشەنگ یان ڕێبەردا سڕایەوە بەدڵنیاییەوە تەواوی پێکهاتەکەی پشت سەری خۆی تووشی وەرچەرخان دەکات.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی بیست و شەشەم

Joseph O›Connorزۆر بەڕوونی و ئاشکرا دەڵێت: ‹›ئەگەر خوو و ڕەوشتەکان دەستنیشان نەکەین ناتوانین لە ئاکامدا بە گۆڕانکارییەکی باش بگەین و دووبارە زۆر شت دەکەین بە بێ بیرلێکردنەوە.›› دەبێ تێبگەین کە تەنیا حەز و بیرکردنەوە بەس نییە و هەر وەک نووسەر و شاعیری بەناوبانگی نۆرویژی هێنریک ئیبسنHenrik Ibsen (١٨٢٨ —١٩٠٦) دەڵێت: ‹›بیر بکەوە، بتهەوێت و بەکردەوەی بکە.›› بۆ ئەوەش باشترین ڕێگا ڕاهێنەری کردنە لەسەر بنەمای چوار تەوەر: هۆ(انگیزە)، بڕیاردان، گەشەدان بە بەرنامەیەکی کاری، یەکخستن یان لێکدانی ئەوانە پێکەوە. دەگێڕنەوە و دەڵێن ڕۆژێک دایکێک دەستی کوڕە شەش ساڵانەکەی دەگرێت و دەچێت بۆ لای Mahatma Gandhi (١٨٦٩—١٩٤٨) سەرکردەی بەناوبانگی هیندییەکان و لێی دەپرسێت: کوڕەکەم قەندی زۆر پێ خۆشە بەڕای تۆ ئیزنی بدەم قەندی بخوات یان نا؟ گاندی وڵامی دەداتەوە و دەڵێت: ئێستا بڕۆوە و دوای سێ حەوتووی دیکە وەرەوە، ئەوکات وڵامت دەدەمەوە. دایکەکە دەچێتەوە و دوای سێ حەوتوو دێتەوە لای گاندی تا وڵامی پرسیارەکەی وەرگرێتەوە. گاندی پێی دەڵێت مەهێڵە، با قەندی نەخوات. دایکەکە دەپرسێت وڵامەکەت هەر ئەوە بوو، کەواتە بۆ دەبا من سێ حەوتوو چاوەڕوان بام؟ گاندی ڕووی تێدەکات و دەڵێت: من خۆم پێویستم بەو چەند ڕۆژە هەبوو کە قەند بخۆم و بزانم باشە یان خراپ. کەواتە چ وەک ڕاهێنەر و چ وەک هاوڕێ و مامۆستا شتێک بە خەڵکانی دیکە پێشنیار بکە کە خۆت تاقیت کردبێتەوە و لایەنی چاک و خراپەکانی باش بزانی.

## ٤,٦ پرۆسەی پاڵاوتن و مێکانیزمەکانی کارتێکەر لەسەر هێزی هەستەوەری لەنێو مێشکدا

توانای تێگەیشتن یان هەست پێکردن، بەشێکە لە دەروونناسی کە لێهاتوویی و تێگەیشتنی ئێمە لەسەر دونیای دەوروبەرمان دەستنیشان دەکات یان بە واتایەکی دیکە پرۆسەیەکی زەینییە کە لەوێدا ئەزموونە هەستپێکراوەکان مانادار دەبن. شوێنێکی تایبەت هەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە هۆکارە بۆ ئەوەی ئۆرگانیزمەکانی ئێمە و هەستە شوێندانەرەکانمان هەم تۆمار دەکات و هەم ڕێک دەخات. توانای تێگەیشتن و هەستپێکردن، پرۆسەیەکی بەردەوامە کە هەم چالاکە و هەمیش ناچالاک و ئەو شتانەی کە تێگەیشتنمان لەسەریان هەیە تۆمار دەکات و لێکدانەوەیان لەسەر دەدات. وێنەی خوارەوە شێوازی پێوەندی گرتن لە چوارچێوەی NLP لە نێو مێشکدا پیشان دەدات.

### پرۆسەی کارکردی مێشکی مرۆڤەکان لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێک بەپێی وێنەی سەرەوە:

١. لە دنیای دەرەوە (دەرەوەی مێشکی تاکێک) ڕووداوێک ڕوو دەدات.
٢. ئەو ڕووداوە لە ڕێگای پێنج هەستەوەرەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو مێشک و بەشێوەیەک لە نێو مێشکدا وێنا دەکرێت. پێنج هەستەوەرەکانی مرۆڤ بریتین لە: بینین، بیستن، بۆنکردن، چێشتن(تامکردن) و بەرکەوتن.
٣. لەدوای گواستنەوەی ڕووداوەکە بۆ نێو مێشک و ئەوجار بە ڕێگای پاڵاوتن یان فیلتێرەکاندا تێدەپەڕێت.
٤. مێشک لێکدانەوە یان شیکردنەوەیەک دەکات لەسەر هەموو ئەو هەست و بیر و دڵەڕاوکێیانەی کە بەهۆی ڕووداوەکە لە دەروونی مرۆڤدا دروست دەبێت یان بەشێوەیەکی ساکار ڕووداوەکە لە پاڵوێن دەدری.
٥. دوای پاڵاوتنی ڕووداوەکە و بەستنەوەی بە فسیۆلۆجی، دەبێتە هۆکاری دروستبوونی هەڵسوکەوت. مەبەست لە فیسۆلۆجی: کارکردنی ئاسایی ئەندامەکانی لەشە. یانی لەش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کار دەکات و لە ڕێگای هەستەکانەوە وەکوو: هەستی ئەرێنی و خۆشی، نەرێنی و ناخۆشی و هاندان و دژکردەوە و .... هتد، پەرچەکرداری هەیە. مێشکی مرۆڤ خاوەنی پێنج پاڵوێن یان فیلتێرە وەکوو: مێتاپرۆگرام، بیرەوەرییەکان، باوەڕەکان، بڕیارەکان و بەهاکان. گرنگی مێتاپرۆگرام لەوەدایە کە بە شێوەیەک کار دەکات کە هەموو بیرەوەرییەکان، بڕیارات، بەهاکان، باوەڕەکان و دژکردەوەکانی مرۆڤ ڕێنوێنی دەکات.

### سێ میکانیزم هەن کە کارتێکەری لەسەر هێزی هەستەوەری یان هۆش و زەینی ئێمەی مرۆڤەکاندا هەیە و هۆکارن بۆ شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵوێست گرتن لە کاتی بیستنی ڕووداوێک یان وەرگرتنی زانیاری تازە. ئەو سێ میکانیزمە بریتین لە:

١. سڕینەوە یان خستنە پشتگوێ (Omission):

کاتێک ئێمە هەموو سەرنجی خۆمان دەخەینە سەر بەشێک لە ڕووداوەکە ئەو کات لە بەشەکانی دیکەی ڕووداوەکە دوور دەکەوینەوە. هەر بۆیە خاڵی یەکەم یارمەتیمان دەدات تا بتوانین باشتر بیر بکەینەوە و هەموو زانیارییەکان هەرس بکەین و هەوڵ بدەین چڕبوونەوەمان لەسەر ڕووداوەکە بێت. هەبوونی توانا بۆ پشتگوێ خستن یان ل بیرکردنی ئەو شتانەی کە هۆکاری وروژاندن و لەدەستدانی بیرو هۆش بن، گرنگی خۆی هەیە. بۆ وێنە لەگەڵ کەسێک لە قاوەخانەیەک چاوپێکەوتنت هەیە. قاوەخانەکە پڕە لە خەڵک و دەنگە دەنگ زۆرە، ئەتۆ چۆن بتوانی هەموو ئەو دەنگانە وەپشتگوێ بخەی و بیر و سەرنجت یان چڕبوونەوەت تەنیا لەسەر وتووێژەکە بێت. لەوانەیە ئێوە باسی بابەتێکی زۆر هەستیار بکەن کە ئەو بابەتە کاریگەری لەسەر هەستەکانتان هەبێت. هەر بۆیە هەر دووی ئێوە سەرقاڵن و بیر لە ڕوانگە و بۆچوونی خۆتان دەکەنەوە. لەو کاتەدا لەوانەیە بچووکترین جووڵە ببێتە هۆکاری ئەوەیکە یەکێکتان لە باسەکە باش تێنەگا. کاتێک ئێمە زانیاری یان هێندێک شت کە لە دەورووبەرمانن و وەپشتگوێیان دەخەین کەواتە سەرنجمان تەنیا لەسەر ئەو شتەیە کە خۆمان دیاریمان کردووە یان دیاری دەکەین. لە پرۆسەی ژیانیشدا ئێمە دەتوانین پێش بەو شتانە بگرین یان لە پاڵوێنیان بدەین کە بەربەستن بۆ تێگەیشتنمان، تێکۆشانمان و هەنگاوهەڵێنانەوەمان بۆ بەرەوپێشچوون.

٢. گۆڕین، جێگۆڕکێ پێکردن، شێواندن یان بەلاڕێدابردن(Distortion):

کاتێک ئێمە بە هەڵە لە ڕووداوێک تێدەگەین ئەو خاڵە یارمەتیدەرە بۆ باشتر تێگەیشتن و دەرخستنی ڕاستییەتی ڕووداوەکە. گۆڕین یان باوەڕپێکردن بە وشەکان دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ ئاڵوگۆڕهێنان بەسەر هەستەکاندا. لەوانەیە زۆر شت هەست پێ بکەی کە لەڕاستیدا وا نەبێت. بۆ وێنە شتێکی درێژ لەسەر هەردی کەوتووە و وادەزانی ئەوە مارە، هاوار دەکەی مار، بەڵام کاتێک نزیک دەبیتەوە دەبینی ئەوە لەتە گوریسێکە یان پەتێکی ئەستوورە. یان کاتێک لە تاریکی دەترسی و لە شەوێکی تاریکدا بە نێو دارستاندا دەڕۆی، لەوانەیە زۆر دەنگی سەیرت گوێ لێبێ یان تەنانەت لقەدارێکت وەک ئاژەڵێکی دڕندە بێتە بەرچاو، هەموو ئەوانە هۆکارن بۆ گۆڕانی هەستەکانت لە خۆشی و ئارامیڕا بۆ ترس و دڵەڕاوکێ. هەر بۆیە گۆڕین یان باوەڕکردن بە وشەکانیش دەتوانن ببنە هۆکاری دروست بوونی هەستی ناخۆش، ترس و دڵەڕاوکێ و دژکردەوە.

٣. بە گشتی کردن، یان وەک یەک بیرکردنەوە (Generalization):

پرۆسەی سێهەمە کە پێی دەڵێن بەگشتی کردن. لێرەدا لێکدانەوە و شیکردنەوەکانمان بەپێی ئەزموون و شارەزاییمان لەسەر بابەتەکە دەبێت و ئاسانکاری دەکرێت بۆ ئەوەی باشتر زانیارییەکان وەرگرین. بەگشتی کردن کاردانەوەی لەسەر ڕووداوەکانی نێو پرۆسەی ژیاندا هەیە و دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ژیاندا. نابێ وا هەست بکەین کە ئەو شێوە کاردانەوەی لەسەر دۆخێک یان بابەتێک هەمانبووە یان هەمانە لەسەر هەموو دۆخ و بابەتێکی دیکەش هەر وا دەبێت؛ بۆوێنە ئەگەر لە چالاکییەکدا باش نەبووی یان سەرنەکەوتی بەو مانایە نییە کە واز لە چالاکی بێنی و هیچ چالاکییەکی دیکە نەکەی. نابێ باش نەبوونت یان سەرنەکەوتنت لە چالاکییەکدا گشتگیر بکەی و وا بزانی تازە لە هیچ چالاکییەکدا سەرکەوتوو نابی یان هیچ چالاکییەک ناتوانی بە باشی بەئەنجام بگەیەنی. لە نێو پرۆسەی مێشکدا خاڵی سێ یان بە گشتی کردن بە مێتاپرۆگرام Metaprograms ناو دەبردرێت. وێنەی خوارەوە نیشاندەری مۆدێل یان شێوازی پێوەندی گرتنیNLP یە لە نێو ئەڵقە یان بازنەیەکی داخراو کە بەبێ بیرلێکردنەوە یان بێویستن(ئۆتوماتیکی) ڕوو دەدات. ژمارەی ١: هەر شتێک لە دەورووبەرمان ڕوودەدات وەک پێشتریش باسم کرد لە ڕێگای پێنج هەستەکانمانەوە دەچێتە نێو مێشکمان. لەوێش بە هۆی پاڵوێن یان فیلتێرەکانەوە (ژمارەی ٢ هەتا ٧) گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و لە کۆتاییدا لە ڕێگای ڕەوشت یان هەڵسوکەوتمان دێنەوە دەر(ژمارەی ٨). مێتاپرۆگرامەکان وەک کلیلی زەینی مرۆڤن و بڕیار دەدەن مێشک چۆن و بە چ شتێک گرنگی بدات و چۆن هەڵسوکەوت بکات، هەر بۆیەش گرنگی تایبەتیان هەیە. ئەگەر پاڵوێنەکان یان فیلتێرەکان نەبن، ئەوە زانیارییەکی یەکجار زۆر وەردەگرین و ئەو کات سەرمان لێدەشێوێت. ئەوە پاڵوێنەکانن یارمەتی دەدەن بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بێت. بۆ وێنە: بۆچی کاتێک دوو کەس ڕووبەڕووی ڕووداوێک دەبنەوە هەڵوێست یان دژکردەوەی ئەو دوو کەسە وەک یەک نییە؟ وڵامەکەی ئەوەیە کە پاڵاوتن یان فیلتێرکردنی ئەو سێ خاڵەی کە لە سەرەوە باسم کردن بۆ هەموو کەسێک وەک یەک نییە و بەڵکوو لە لایەن هەر کەسێک بەشێوەیەکە. وێنەی خوارەوە نیشاندەری مۆدێل یان شێوازی پێوەندی گرتنیNLP یە لە نێو ئەڵقە یان بازنەیەکی ئاوەڵا یان کراوەدا، یانی لە ڕێگای بیرلێکردنەوە و ویستن ڕوو دەدات.


### ٥.٦ مێتاپرۆگرام Metaprograms


مێتاپرۆگرام، تایبەتمەندییەکانی دەروونی و شێوازی بیرکردنەوەکانی تاکە و لەسەر ئەو بنەمایە هەڵسوکەوتی تاک دیاری دەکرێت یان دروست دەبێت. دەتوانین ئاواش بڵێین کە مێتاپرۆگرام شێوازێکی زمانە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون کەڵک لە زمان وەرگرین و ئامرازێکیشە بۆ پاڵاوتن و دەربڕینی بیرەکان، هەستەکان و ئەزموونەکان. مێتاپرۆگرام ئامرازێکە بۆ جێگۆڕکێ کردن بە پێکهاتەی ڕووکاری زمان، بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەی قووڵایی لە زماندا. بۆ وێنە «کوێستان منداڵێکی بەهۆشە» پێکهاتەی ڕووکاری زمانەکە ڕوونە. ڕاگەیاندراوەکە باسی ئەوەی ناکات کە چۆن، لە پێوندی لەگەڵ کێ یان چ کەسێک ئەو قسەیەی دەکات کە «کوێستان منداڵێکی بەهۆشە». کاتێک زمان بە شێوەیەکی قووڵ لە نێو مێشکدا بوونی هەیە، کەواتە وا باشە دەربڕینەکان یان مەبەستەکانیش بە شێوەیەکی قووڵ بەیان بکرێن. ئەوەش مێتاپرۆگرام یارمەتیمان دەدات هەتا بە قووڵی بدوێین یان تێبگەین. ئێمە مرۆڤەکان لە زەینی خۆماندا نەخشەی جیهان و ژینگەی دەوروبەرمان وێنا دەکەین. ئەو نەخشانەش جیاوازییان هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە کەڵک لەو سێ میکانیزمەی کە لە سەرەوە باسم کردن وەردەگرین:


١. فڕێدان یان خستنە پشتگوێ
٢. گۆڕین و شێواندن
٣. بەگشتی کردن.

ئەو سێ میکانیزمە دەتوانێت هۆکاری دروست بوونی هەڵەتێگەیشتن، کێشە و سنووردانان(چ هەڵسوکەوتی جەستەیی و چ بێژەیی یانی بە قسە) بێت. کاتێک لەگەڵ کەسێکی دیکە لە وتووێژدای، هەر شتێک کە باسی دەکەی لایەنی بەرامبەر بەو شێوەی کە خۆی پێی خۆشە وەریدەگرێت. لە زۆر کاتدا زمانی جەستەیی یانی ئاماژە و جووڵەی لەشت یارمەتی لایەنی بەرامبەر دەدات هەتا مانای ڕاستەقینەی ئەو شتەی کە باسی دەکەی تێبگات یان پێچەوانەکەی بە هەڵە تێبگات. هەرچەند دەروون و لەش لە بنەڕەتدا جیاوازن بەڵام دەروون هۆکارە بۆ جووڵانی لەش. مێتاپرۆگرام یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بە باشی بیر بکەینەوە و لە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو وێنایانەی کە لە نێو زەینی خۆماندا دروستیان دەکەین بە شێوەیەکی لۆژیکی و دروست کەڵک وەرگرین. مێتاپرۆگرام یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بتوانین نەخشەیەکی باش بۆ ژیانی خۆمان لە نێو زەینماندا دروست بکەین، نەخشەیەک کە دەوڵەمەند و پڕبایەخ بێت و بە باشی گەشە بکات. ئەو وێنایەی ئێمە لە دونیا و ژینگەی دەورووبەرمان لە زەینماندا هەیە جیاوازە لەگەڵ دونیای ڕاستییەتی. کەسێک کە بە وتە یان بە وشە باسی ئەزموونەکانی خۆی دەکات ناتوانێت هەموو ئەزموونەکانی بەو شێوەی کە هەیە بۆ تۆ بگوێزێتەوە، ئەوە مێتاپرۆگرامە مانای ئەوانەت بۆ ڕوون دەکاتەوە هەتا تێیان بگەی. شتێک کە ئێمە باسی دەکەین زۆر شتی دیکەی لەپشتە کە ناتوانین بەیانیان بکەین. بەگشتی پێم وایە دەتوانین بڵێین مێتاپرۆگرام ئامرازێکە:

- یارمەتی ئێمە دەدات تا بەڕوونی و ئاشکرا شتەکانی خۆمان باس بکەین بۆ ئەوەی بە ڕوونیش لە هەست و بیروبۆچوونی لایەنی بەرامبەر تێبگەین.
- بۆ ئەوەی شێوە و بەیانی قسەکردنمان وشیارانەتر و ڕەوانتر بێت.
- بتوانین هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی کە خۆیان حەشار داوە یان شاردۆتەوە، بوێرانە باسیان بکەین.
- یارمەتی دەدات تا باشتر لەگەڵ بنەماڵە، هاوڕێ و هاوکارەکانمان پێوەندی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەین.
- هەروەها باشتر لە لایەنی بەرامبەر تێبگەین.





# مژاری مژ و تاریکی

عەلی سۆهرابی

نەک هەر لە ماڵ، نەک هەر شار و نەک هەر لە زانستگا، تەنانەت لە بەشی جوغرافیاش پێکەوە بووین. جوغرافیای سرووشتی. ئێمە دوانەیەکی ئاسایی نەبووین. وەک سێبەری یەکتر هەموو دەم لای یەک بووین. بە جۆرێک کە تەنانەت خزمەکانیشمان ئێمەیان بۆ لێک نەدەکرایەوە. کەس نەیدەزانی کامەمان «هیوا» و کامەمان «هێدی»ن . چەندین و چەندین جار لە جیاتی یەک لە تاقیکارییەکان بەشداریمان دەکرد و کەس نەیدەزانی. ئێمە دوانەیەکی ئەوها بووین....

سۆفی خدر دەیگوت: هەردووک ویشک دەبن. هەرگیز ناگەنە دەریا بە تەنیایی.

سۆفی خدر دەستەپیاوێکی دەنێوکەوتووی هەتا بلێی سەروڕووخۆش بوو. کەواوپانتۆڵێکی کۆن و نوێی خاکی لەبەردا بوو. جەمەدانییەکەی لاجەولاج بە لاتیگی سەریەوە، مێرانەتری دەهێنا بەر چاو. خەتی بزەی لە دوورەوە لە چاوی دەدا. ڕێگاکە وەک لەپی دەستی شارەزا بوو. جاروبار بە دەنگە نەرم و بەسۆزەکەی گۆرانی بۆ دەگوتین.

لە ترۆمبێلەکە دابەزین. یەکی جانتایەک بە شانییەوە بەرەو ماڵ بووینەوە. بەر لەوەی لە دەرگا بدەین، یەک لە ژوورەوە قیژاندی: کوڕەکان هاتنەوە. ئێمە «کوڕەکان» بووین، لە ماڵ، لە گەڕەک و تەنانەت لە ناو هەموو خزم و ناسیاوەکان. هیچ کاممان لەوە دڵنیا نەبووین کە بتوانین ئەو ئەرکەی مامۆستا پێی سپاردبووین، بە سەرکەوتوویی جێبەجێی بکەین. وەک هەموو کات هانامان بۆ باوکمان برد و داوای یارمەتیمان لێ کرد.

ـ هیوا.... هۆ هیوا..... کوڕە تۆ لە کوێی؟

ـ سۆفی خدر....هۆ سۆفی خدر....

هەتا دەهات بەرچاوم لێڵتر دەبوو. مژ و تاریکی وەها تێک تەنرابوون دەرفەتی هیچ شتێکیان پێ نەدەدام. دەنگم نووسابوو ئەوەندەی بانگی هیوا و سۆفی خدر بکەم. جاری وابوو هاڕەی چۆمی بەهار هەموو دەنگێکی قووت دەدا. جاری واش هەبوو هەر سێکمان هاوکات هاوارمان دەکرد. دەنگی هەر کاممان لە کێوێکەوە ئاوەزەی دەداوە و دەنگەکان وەها لێک دەهاڵان کە نە کەس دەنگی کەسی دەناسییەوە و نە ئاوەزەی دەنگی.

سۆفی خدر هەوڵی دەدا بەر لەوەی بگەینە ئەو شوێنەی چۆمەکە دەبێتە دوو، کۆمان کاتەوە و بمانگەیێنێتەوە یەک. ترسی ئەوەی هەبوو لەو شوێنەڕا، هەر یەکەو بە لایەکدا بڕۆین؛ بەڵام مژ و تاریکییەکە هێندە قورس بوون کە هەموو شارەزایی و لێزانییەکەی سۆفی خدریش نەیتوانیبوو لێکمان نزیک کاتەوە. چرای دادەگیرساند... گوێنی ئاگر تێبەردەدا... بە دەم چۆمەکەدا هەڵدا و پێدای دەکرد... هەر جارەو بانگی یەکێکمانی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، نە خۆی لێمان نزیک دەبوویەوە و نە دەیتوانی ئێمە لێک نزیک کاتەوە. شەکەت و هیلاک لە ناو ئەو مژ و تاریکییەدا، دەستەوەستان مابووینەوە. هەر جارێک کە بەرەو یەک دەجووڵاینەوە، بێ ئەوەی خۆمان هەست بکەین هێندەی تر لێک دوور دەکەوتینەوە.

باوکم دەیگوت: هیچ خەم مەخۆن... لەو ناوچەیە،کۆنەهاوالێکم هەیە نێوی سۆفی خدرە. هەمووی ئەو مەڵبەندە وەک بەری دەستی شارەزایە. بڕۆن بیبیننەوە، بیگرن و بەری مەدەن. دەرمانی دەردی ئێوە لای سۆفی خدرە. ئەوسا کوتەکاغەزێکی وێداین کە بۆ سۆفی خدری نووسیبوو.

سۆفی خدر دەیگوت: ئەو دوو چۆمە لە شوێنێک یەک دەگرنەوە و بەرەو دەریا دەڕۆن هەر وەک چۆن سەرەتا یەک بوون و دواتر لێک تلاسابوون.

دایکم دەیگوت: کوڕی خۆم هێدی... شوکور تۆ وریای. ئاگاداری هیوا بە. هیوا نەختێک گێلۆکەیە. هەمیشە وای دەگوت. هەر کاتێک دەمانهەویست بچینە شوێنێک. بە باوەڕی من گێلۆکەش نەبوو. چونکە لە جێی خۆیدا کەڵکاژۆی لەو گێلییە وەردەگرت. بەرپرسایەتی هەموو شتێکی دەخستە سەر ئەستۆی من. هەرچەند من ئەوپەڕەکەی دوو خولەک لە ئەو گەورەتر بووم. لە زانستگاش من حەزم دەکرد «ئابووری» یان «زانستە ڕامیارییەکان» بخوێنم. ئەوە ئەو بوو پەلکێشی کردم بۆ «جوغرافیای سروشتی».

مامۆستاکەمان پێی گوتبووین: ئەو ناوچەیە هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە سەر نەکراوە. ئەوە ئێوەن دەبێ ئەو ئەرکە وە ئەستۆ بگرن. بە شاخەوە، بە دەشت و چۆم و لێڕەوارەوە، بە ڕێژەی دانیشتووانی و ڕووبەرەکەیەوە. لێکۆڵینەوەکەتان دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە بێ. ئێوە کوڕی ئەو ناوچەیەن و ئەو لێکۆڵینەوەیە، ئەرکە لە سەر شانتان. دواتر گوتی: کارێکی وا دەکەم زانستگا هاسانکاریتان بۆ بکا و بەشێک لە کەرەستەکانی پێویستتان بۆ دابین بکا.

سۆفی خدر دەیگوت لەگەڵ باوکتان وەک برا وا بووین. زەوادمان بێ یەک نەدەبڕی. وەک دوانە وابووین. دایمە پێکەوە بووین. باوکتان برایەکی لە خۆی چووکەتری هەبوو. ڕۆژێک کەوتە ئەو چۆمە و خنکا.... تەنانەت تەرمەکەشی نەدۆزرایەوە. دوای ئەو کەتنە، باوکتان وەک جاران نەما. ئەو دەشت و دەرەی لە بەرچاو کەوت. ئیتر بە هیچ شتێکی ئەو ناوچەیە دڵخۆش و شاگەشکە نەدەبوو. دواجار بڕیاری خۆی دا. بە هیوای خوێندن و خۆپێگەیاندن ڕووی لە هەندەران کرد. منیش هەر لێرە مامەوە و ملم لە کار و کاسبی نا.

لێکۆڵینەوەکەمان هەموو شتێکی لەخۆ دەگرت: شار و گوند، زەوی و زار، مەڕومالات، شاخ و چۆم و لێڕەوار و هەر شتێکی لەم ناوچەیە هەبوو. سۆفی خدر جگە لە شارەزایی لە ڕێ و بان، قامووسێکی زیندووش بوو لە نێوی دار و گیا و تەپۆلکە و جۆگەلەکان. یەک بەیەکی نێوی جێ هەوارەکانی دەزانی. سۆفی خدر پاڵپشتێکی بەهێزی ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو. هەر جارە لە سەر تەوەرێک لێکۆڵینەوەمان دەکرد و لاپەڕە نووسراوەکانمان دەستە دەستە دەکرد. چەندین شەو و ڕۆژ بوو لەگەڵ سۆفی خدر ئەو دەشت و کێوانەمان دەپێوا. شەوانە ئەو چایی بۆ لێ‌دەناین و ئێمەش نووسراوەکانمان ڕێزبەندی دەکرد. دواتەوەری لێکۆڵینەوەکەمان، ئەو چۆمە خورینە و ئەو چیا بەرزە بوو کە بە سەرچاوەی چۆمەکە دەناسرا. ئیتر کارەکانمان ڕوو لە کۆتایی بوون. سبەی ئەو شەوەی لە قەراغ ئاگر دانیشتبووین و سۆفی خدر بۆمان دەدوا لەو چۆمە و لەو ژیانەی بەو چۆمەوە بەسترابوویەوە، دەبوو وەسەر دوندی کێوەکە کەوین و بە کامێرا «تێئۆدۆلیت»ەکەی زانستگا ڕووبەری ناوچەکە و بەرزی کێوەکە بپێوین. ئەوسا لە سەر ئەو کاغەزە «کالک»ەی هەر زانستگا پێی دابووین، نەخشەی ناوچەکە بکێشینەوە.

سۆفی خدر لە پەنا ئاگرەکە هەڵترووشکابوو. نەختێک پەرێشان دیاری دەکرد. چیلکەی لە عەرزی وەردەدا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەستی پێ کردەوە: ئەو ساڵە هەورەتریشقە لوتکەی ئەو کێوانەی بەر نەدەدا. ڕۆژێک هەموو ئاسمانی ناوچەکەی تەنی. گرژی و ڕەشی، گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. گرمە و هاڕەی ئەو دەشت و دۆڵەی پڕ کردبوو. برووسک وەک شمشێر ئاسمانی شەق دەکرد. لێزمەی باران و تەرزە وەها بەخۆڕ دەهاتە خوار، بواری هیچ شتێکی نەدەدا. ئاوی چۆمەکە هەستا.... هەر دەهات و زیادی دەکرد. بەستێنی چۆمەکە هەر لەبەر یەک دەڕەوییەوە. لێوارەکانی چۆم بە گرم و هۆڕەوە شڵپەیان لە ئاوی چۆمەکە دەهێنا و تێی دەڕووخان. سێڵاوەکە لەمبەر و ئەوبەر، لێواری چۆمەکەی قووت دەدا و نێوەڕاستی بەستێنەکەی بەجێ دەهێشت. هێدی هێدی چەندین گابەرد خزانە نێوەڕاستی بەستێنەکە و هەر ئەو شەوە چۆمەکە شەق بوو و بوو بە دوو لەت. ئەو سێڵاوە زۆر شتی وێران کرد...زۆر شتی لەگەڵ خۆی برد. چەندین کەسی نوقم کرد کە هەرگیز تەرمەکەیان نەدۆزرایەوە. دوای ئەو سێڵاوە بوو باوکتان ئێرەی بەجێ هێشت. هەر ئەو نا... زۆر کەس ئێرەیان بەجێ‌هێشت...زۆر کەس.

لەناکاو فرمێسک بە چاوانیدا لووزەویان بەست. شانە داتەپیوەکانی، نەرم نەرم دەلەرزین. تۆزێک سەری هەڵێنا. فرمێسکێک بە خەتی بزەیدا خزایە ژێر چەناگەی. گریانی پیاوێکی ئاوا مەند و بەبڕشتمان بەلاوە سەیر بوو.

ـ مامە گیان بۆچی دەگری؟

هەوڵی دەدا چاوەکانی بدزێتەوە. بە هیچ جۆر پێی خۆش نەبوو فرمێسکەکانی ببینین. خۆی بۆ ڕانەدەگیرا و لە ناخی دڵەوە دەکوڵی و هەنیسکی دەدان.

ـ مامەگیان تۆو خودا بۆچی دەگری؟

ـ جگەرگۆشەیەکی منیش هەر لەو چۆمەدا خنکا... ئەو کات نا.... زۆر دواتر... ئەو چۆمە ئاوایە ئیتر، هیچ ماڵێک نییە قوربانییەکی بۆ نەدابێ...

شەو تێکەڵی خەم و دەردی سۆفی خدر ببوو و ڕەنگی ڕەشی نوقمی بیرە ئاڵۆزەکانی هەموومان .

سۆفی خدر وەک هەڵووک بەرەو لوتکەی کێوەکە دەفڕی و ئێمەش بە شوێنییەوە. ئێمەی قوونگرانی شارەیی وەدرەنگمان خستبوو. لە پەستا دەیگوت: کوڕینە زوو کەن. با لە گەڕانەوەدا وەبەر تاریکان نەکەوین...

ئێمە کارمان زۆر و کات بەرتەسک... دواجار لە داگەڕاندا وەبەر تاریکی کەوتین. هەر تاریکی نا.... وەبەر ئەو شەپۆلە مژەی کەوتین کە پێ بە پێی تاریکی هەموو شتی تێکدا. نەمانزانی چۆن و کەنگێ لێک بزر بووین. وەها پەشۆکابووین نەماندەزانی کێ لە پێش و کێ لە دوایە. بەردەوام بانگی یەکترمان دەکرد و گوێمان لە دەنگی یەکتر نەدەبوو...

ـ هێدی... هێدی گیان... دە چاو بکەوە کەس و کارم...

هەموو هەوڵی خۆم دا... چاوم هەڵێنم بەڵام نەمتوانی. کاسەکاسم لە سەری دەهات... سۆفی خدر لە بەر چاوم سەمای دەکرد... هیوا لە ناو ئاوی چۆمەکەدا مەلەی دەکرد.... دایکم هاواری دەکرد کوڕەکەم ... هیوا...

هەستم کرد ئیتر چاوم هەڵنایەن...

# کۆسەوکۆمەڵ

لە وێبلاگی چەمەڕا وەرگیراوە

حەسەن ئەمینی

کوردەواری ئەم مەڵبەندە لەمێژینەی کوردان هەر وەرز و مانگ و ساڵێکی بەیتوباو و گەمەویاری تایبەت بە خۆی هەیە کە لە نێوان ئەو وەرزانەدا زستان بە هۆی دەسەڵاتی توندوتۆڵی لە هەمووان دەوڵەمەندتر و پڕقسەوباسترە .

کۆسە دروست کردن یەکێک لەو گەمەویاری و باوەڕانەیە کە پێشتر و ئێستایشی لەگەڵدا بێت لە یەکەم شەوی نیوەبوونی زستان، ئەو دەمەی کە دەڵێن زستان نیوە بووە و تەوژمی عەرزوئاسمان شکا دروستی دەکەن، کە ساڵانی زوو لە وەهاشەوێکدا کوڕان و هەرزەکاران لە ناوچەکاندا بەتایبەت لە گوندەکاندا سازیان دەکرد، کە کەسایەتییەکانی پێکهاتبوو لە کۆسە، ژنی کۆسە، ورچ، وشتر ... و هەر هەموویان بە سەروچاوێکی شێواو و ترسێنەر بە شێعر و بەستە و بەندان درگا بەدرگا، ماڵ بە ماڵی ئاواییان ئەتەقان و بە گۆرانی و شمشاڵ و تەپڵ و دەف و دایەرەوە ئەیانوتەوە :

مەڕ بەیەکانەو بزن بە دوانە بەرەکەت
کەوێ لەم درگاوبانە

ئەندامانی بەزمی کۆسە بە ئاردەشێلە و کەرەسەکانی دیکەی گریم کردن هەرکە خۆیان تەیاروئامادە ئەکرد بە تاریکداهاتنی شەو لە نێو دێدا ماڵەوماڵ دەست پێ دەکەن بە هەرشێوە بۆیان بکرێت واتە بە ئارایشتێکی تەواو سەرسووڕهێنەر کە بتوانێت ڕامانێک، ئیستێک لە بینەردا دروست بکا خۆیان نیشانی جەماوەر و خاوەن ماڵ ئەدەن و دەڵێن :

کۆسە هاتووە بۆ سنجوو زستان
نیوەی بەسەرچوو



هەرکە خاوەن ماڵ وڵامیان نەداتەوە بەردەوام بە بەندوهەڵبەستی دیکە ویست و داخوازییەکەیان دووپات ئەکەنەوە و بە ناوونیتکەی سەیروسەمەرتر دەیلێنەوە :

کۆسە هاتووە بۆ تووتن کەوتووە
وەک کەری کولکن

کۆسە هاتووە بۆ هێلکە ئەڵەی
کەری بەڵەکە

لە کوردستانی کوێستان و سەرماوسەخڵەتدا، بەشێک لە پەیامی کۆسەسازکردن مژدەی سەرکەوتنی خەڵکە بە سەر سپای پۆشتەو پەرداخی زستاندا، هەر بۆیە بە شەقبوونی زستان هیواوهومێدەکان ئەژییەنەوە و تەوژمی ئەو خۆشییە لە گەرروودا نامێنێتەوە و دەنگ هەڵ ئەبڕن و ئەڵێن:

کۆسە ماڵەوماڵیەتی زستان
ئاشبەتاڵیەتی

ئەگەر لە ڕوانگەی دەروونناسیشەوە چاو لە هۆی پێکهێنانی ئەو کۆڕوکۆبوونەوە بە ناوی کۆسەسازکردن بکەین دیارە ئەتوانین ئەو لایەنە شاراوانەی ویست وحەزوخولیاکانی مرۆڤی کوردی تێدا ببینیتەوە کە هەمووی ئەو سەرکەوتن و زاڵبوون بە سەر ساردی وسەخڵەتی وسەرمادا نمادی بەشێک لەو هەمووە ئاوات و ئارەزوانەیەتی کە لە بەر بێدەرەتانی و بێدەسەڵاتی پەنگی خواردووەتەوە کە بۆ دەربڕینیان پەنا دەباتە بەر کەسایەتی «کۆسە«. ئەویش کۆسەیەک کە سیمایەکی تازە و ڕوخسارێکی سەرنجڕاکێشی هەبێت هەتا پەیامەکەی بگەیەنێتە هەر هەموو دانیشتووانی گوندودەوروبەری. ئەگینا بیانووی کۆسە لە چەشنی دەزوو، سنجوو،تووتن،هێلکە... هەمووی بۆ ئەوەیە بلێ دەسەڵاتدارەتی هێزی ساردوسڕی سەرما بەسەرچوو!!! کە سەرما و چلە و تۆف و بەستەڵەک جیا لە شێوە سروشتییەکەی لە کولتوور و قامووسی ئێمەدا نمادی سپای شەڕ و ترس و هەڕەشە و گوڕەشەن وەک لێرەدا دەڵێن:

کۆسە هاتووە بۆ دەزوو دەڵێ
سەرما بەسەرچوو

کۆسە هاتووە بۆ پارە دەڵێ
زستان بۆ خوارە

لە لایەکی دیکەشەوە کەسایەتی کۆسە سنووربڕێکە کە ئەو شوێنانەی بە درێژایی مێژووی تەمەنی مرۆڤ مۆرکی قەدەغە و قاچاق و عەیبە و شوورەییان لێدرابوو لەوکاتەدا بە دروستکردنی کۆسە کەسایەتی ڕۆح و ڕەوانی خۆی تێکەڵ بەو دەکات و ئەوە ئەمە لە پێستی کۆسەدا بۆ یەکەمجار دەرکەی داخراوی ئاغاوبەگ ومیری دەکوتێ و بە ئاشکرا دەچێتە بەر دەرکە و حەوش وحەساری ماڵە یاری !! هەروەک ئەمە کە دەڵێ :

کۆسە کەوتووە وەک گەماڵ دێ
دەگەڕێ ماڵ بە ماڵ

کۆسە بە دەست و قاچێ دەیەوێ
بچڕێ ماچێ

لەسەر ڕۆچن وەستاوە پشتوێنەکەی
بەرداوە

هەناری دەستی یاری دەبێ بکەن بە
دیاری

«ورچ» کەسایەتییەکی دیکەی نێو ڕێوڕەسمی کۆسەیە کە ئەویش لە دەربڕینی ئەو قین و ڕق و بێزارییەی کە لە سەر دڵی کۆسەسازکەراندا پەنگی خواردووەتەوە دەورێکی تایبەت دەبینێت بە شێوەیەک کە، ورچ بۆی هەیە پەلاماری هەموو کەسێک بدات بە لێدان و چەپۆککوتان و تفکردن و هاشاوڵبردن هەر هەمووی ئەمانە قورسایی سەردڵی ئەو مرۆڤەی لە پشتەوەی دروستکردنی کۆسەیە کەم بکاتەوە ئەوەی نەیوێراوە بە ئاشکرا بە گژیا بچێ بە ناوی ورچەوە لانیکەم چەمۆڵەیەکی لێناوە و وەک دەڵێن :

ورچی کۆسە بێ شەرمە دەست
دەدا سینەومەمە

لە سەرنجدانێکی کۆمەڵناسیشدا ئەگەرچی ئەندامانی نێو کۆسە پێک هاتون لە (کۆسە،ژنی کۆسە،ورچ ،وشتر،.... ) بەڵام هەر بە تەنێ کۆسە قارەمانی سەرەکی شانۆکەیە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵگری ئەوەیە کەوا باوکسالاری یاخود نێرسالاری بەردەوام قورسایی هەبووە و ژنی کۆسە وەک ئەندامی بناغەیی ئەو بنەماڵەیە لەو بەیت و باوانەدا هیچ ڕەنگدانەوەیەک وەدەنگدانەوەیەکی نییە ! کە هەر هەموو ئەو پەیامانە لە ساکارترین بەزم و ڕەزم و گەمەویاری نێو شەوانی زستانی کوردەواری خۆیان نواندووە کە دەوڵەمەندبوونی فولکلۆری گەلەکەمان دەسەلمێنێت بۆ ئەوە ئەبێت لێکۆڵینەوە و باسی چڕوپڕتر لە سەر هەریەکە لەم بەشە ون و نادیار و پڕناوەرۆکانە بکرێت .

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* • *No : 791* • *19 January 2021*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia